شوان سدیق



# دەسەڵات و ڕۆژنامەنووسان

ناوی کتێب: دەسەڵات و ڕۆژنامەنووسان
نووسین و ئامادەکردنی: شوان سدیق
دەرهێنانی هونەری و بەرگ: پۆڵا مەحموود
تەواوکردن و ساڵی چاپ: ٢٠١٥

# پێشەکی

بەدرێژای ژیانی هاوڵاتی کورد لە دوای راپەڕین، حزبی فەرمانڕەوا هەوڵی داوە، شەرعیەت بە کۆمەڵێک تێکست بدات، بەناوی ئازادی لە رێگای رۆشنبیر و راگەیاندکاری حزبیەوە، رۆژێک بەناوی یاسا و رۆژێک دەستوری حزبی قەومی و کەلتوری دینی کردۆتە بیانوو، و قەیدو مەرج، ئەمەش مەبەست لێی بەرتەسکردنەوەی ئازادی بووە. لە کوردستان، حزب وەک ئایدۆلۆژیا، وەک تۆڕێکی بەرفراوانی بە یەکدا چوون، دابەشبووە، بەسەر هەموو جومگە و کایە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتەییەکان، بە مێدیاشەوە، تا ساتەوەختی ئەمڕۆش، ئەم هێزە کە ئایدۆلۆژیای بە بەرکراوە، وەها رۆ چۆتە ناو ئەو کایانەی باسمانکرد هیچ پێشوەختیەک لەگەڵ خۆیدا جێ نایەڵێت، ئەستەمە جیا بکرێنەوە لە یەک.
ئەم تێکەڵیەش لە بوارەکاندا، کە حزب هەیمەنە و پاڵەپستۆی خۆی خستۆتە سەر هەموو بوارەکان، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەدوای راپەرینەوە، حزبی ناسیۆنالیستی کوردی ئەوەندەی لە خەمی زیندوکردنەوەی کۆمەڵێک کەلتوری بەعس بووە، نەک نەیان ویستووە، فەزایەکی ئازادی بخولقێنن و کەلتوری رابردووی بەعسی عەرەبی دینی کۆتایی پێ بهێنن، بەپێچەوانەوە، ئەوان وەک چۆن خەونیان بووە، دەسەلاتێکی نەوتی هاوشێوەی حوکمە خەلیجییەکان بنیات بنێن، خەونیان دروستکردنی کۆمارێک بووە، مرۆڤی کورد تێیدا بیر لەوە نەکاتەوە، بێباک بێ لە بەرامبەر مۆنۆپۆلکردنی ژیانی رۆژانەی.
لە وڵاتێکی وەک عێراق، هەرێمی کوردستان بەتایبەت رۆژنامەنووسی وەک سەرەتایی سەرهەڵدانی ستراتیژییەکی نوێ، یان دەسەلاتێکی چاودێر و لە دایک بوونی دروشمێکی نوێ لە ژیانی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابوری و رامیاری یەکێک بووە، لە کارە سەختەکان، لە ناوچەیەک یاسا سەروەر نەبێ و دادگایەکی مەدەنیت نەبێت، هەروەها بێ یاسا بە گەیشتن بە مافی زانیاری و کارنەکردن بەو ماددانەی لە یاسایی ٣٥ی کاری رۆژنامەگەریدا هەبوون، وەک پێدانی زانیاری بەرۆژنامەنووسان، یان بەشداری پێکردنیان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان،

هەندێ جاریش رۆژنامەنووسان روبەڕووی چاوسورکردنەوە و هەڕەشەو سوکایەتی پێکردن بوونەتەوە، ئەوان رفاندن و کوشتنیشیان بینی کە لە لایەن کەسانی ناسراو ئەنجام دراوە، هەر ئەوەش وایکرد رۆژنامەنووســـان بەهۆی کارەکەیان بکەونە تەنگەژەو ژیانێکی سەخت و پـــڕ لە ناڕەحەتی و ئازار چێژ ببینن، بە ناچاری هەســـت بـــەوە بکەن، لە پەراوێزدان و گۆشـــەگیرکراون، بەو یاسا و رێسایانەی حزب، و پیاوانی دینی و بنەماڵەو ناوچەگەری... هتد. هەژموونیان بەسەر کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و رۆشنبیرییەکانەوە زاڵە.

زۆرن بەســـەرهات و حیکایەتی رۆژنامەنووســـان، بەڵام بۆ ئەوەی ناوەرۆکی بابەتەکەمان لا روون بێت، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە بەپێویســـتم زانیوە، بەشـــێک لەو سەرنج و بابەتە رۆژنامەنووســـیانەم بەتایبەتی ئەوانەی لە نێوان ســـاڵانی ٢٠٠٩ تاکوساڵی ٢٠١٣ لە توێی بەرگێکدا کۆیان بکەمەوە، بێگومان نووسینەکان یان هەموو بۆچوونەکانی دیکە، کە بەشێکی زۆریان لە رۆژنامەی "هاوڵاتی، گۆڤاری سڤیل، رۆژنامەی چەتر" بڵاو کراونەتەوە، دواتر هەندێکیشیانم دەستکاریکردووە، هەموویان مانادارن، زادەی ئەو زانیاری و ئەزموونەی کارکردنی خۆمن کە رۆژانێک لەکاتی کارکردندا لێیوەی فێربووم و ئەنجامداوە.

بە دەلیلی ئەوەی وێڕای کارکردنم بۆ ماوەی زیاتر لە حەوت ساڵ، کە تاهەنووکەش بەردەوامم، وەک پەیامنێـــری رۆژنامەنووســـی کارم بۆ چەند گۆڤار و رۆژنامەیـــەک کردووە، دواترین شوێنی کارکردنم ئاژانسی هەواڵی "ئانادۆڵ"ە کە لەمانگی حەوتی ٢٠١٣ گرێبەستم لەگەڵدا کردن وەک پەیامنێر تاهەنووکەش بەردەوامم. بێگومان لە رۆژانی کارکردنی رۆژنامەوانیدا، هاوشـــێوەی هاوپیشـــەکانی ترم کەمێک رۆڵم هەبووە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر بە هەڵەدا نەبرێت، دەمەوێت ئەوەش بڵێم من کەســـێکی ئەکادیمی نیم لە بوواری رۆژنامەگەری، هەر وەک نووســـەر روناکبیر (فاروق رەفیق) لە کتێبی "کاتژمێرێکی ماوە بۆ نیوە شـــەو" بەر لەوەی باس لە بابەتێکی مێدیای بکات، نموونە لەســـەر خۆی دێنێتەوە و دەڵێت "من کە قسە لەسەر بابەتێکی رۆژنامەنووسی دەکەم بەڵام "پسپۆڕی ژۆرنالیزم"ی نیم. قسە لەسەر رۆژنامەگەری کوردی بکەم.

هەڵبەتە وەک هەندێ لە رۆژنامەنووســـانی تر، کە تەنیا چەند جارێک لە شاشەو لاپەرەی رۆژنامەو کۆوارەکان دەرکەتووە، بەو شێوەیە نیم کە خۆم وەک ئیمپراتۆرێکی رۆژنامەوانی خۆم دەربخەم، یان پێموابێ ئەو پەیام و ســـەرنجانەم کـــە لە بەرگێکدا بڵاوم کردۆتەوە، دەبێ بکرێتە بنەمایەک بۆ داڕشتنی کارکردنی رۆژنامەنووسی و بەرپرسیارێتی راگەیاندنی حکوومی.

ئەوەی منی گەیاندۆتە ئەو دۆخەی کە توانیبێتم کەمێک کاری رۆژنامەگەری ئەنجام بدەم، تەنیا حەز و خولیاو ویستی خۆم بووە، ئەگینا هیچ پاڵنەرێکی ئابوری یان حزبی و شەخسی بەدواوە نەبووە، چونکە هەمیشـــە وتومە ئەو ماوەی کە کاری رۆژنامەوانیم کردووە، ئەگەر بە کەسابەت و دوکانداری خۆم سەرقاڵ بکردبایە دەستکەوتێکی ئابوری لەوە زیاترم دەست

دەکەوت، لەبەرانبەر بەو پاداشـــت و داهاتە کەمـــەی کە مانگانە لە دەزگایەکی راگەیاندن وەرمگرتووە، یاخوود وەک کەسانێکیش نەهاتوومەتە ناو بووارەکەوە، کە بەرێگای حزبەکەی یان کەسانێکی حزبی پاڵنەری بووبن، بۆ ئەوەی ئەو کەسە خۆی لە بوواری رۆژنامەنووسی ببینێتەوەو سودێکیشی لە رێگای هێنان و بردنی قسەوە بۆ حزبەکەی هەبێت، بەڵام ئەوەی پەیوندی بەخۆمەوە هەیە بە گرنگم زانیوە لەو بوووارەدا کار بکەم هەروەها ئەو تاقەو وزەی، کـــە هەمبووە لەو ئامانجەی خۆم، کە گەیاندنی خەمـــی خەڵک و رۆڵبینینی ئامرازەکانی راگەیاندن لە کۆمەڵگادا بەدی بێنم.

بێگومـــان کۆکردنـــەوەی ئەو ســـەرنج و تێبینیانەم لە چوارچێـــوەی بەرگێکدا، هەمووی دەرئەنجامی کاری رۆژانەی خۆمن، لە بوواری رۆژنامەنووسی و هەروەها ئەو رەخنەو تێبینی و ســـەرنجانەی کە وەک رۆژنامەنووســـێک هەمبووە، لە بارەی ئەو کێشەو ئارێشانەی کە هاتونەتە پێش کاری رۆژنامەوانان و هاوپیشەکانم، بۆیە هیوادارم توانیبێتم پەیامەکەی خۆم بەجوانی گەیاندبێت، ئەوەشی بۆ رۆژنامەنووسان گرنگە بێلایەنی و چاونەترسی و راستگۆی و سڵنەکردنەوە لە راستییەکانە، چونکە داهاتویەکی پرشنگداری لێ دێتە بەرهەم

رەنگە زۆر کەس بپرســـن، مەبەســـت لەو تێبینی و سەرنجانەت چییە کە من هاتووم لە توێی بەرگێکدا کۆمکردونەتەوە؟ یان ئەوەی ئاماژەی بۆ کردووە، رۆژنامەنووسان و رەنگە خەڵکێکی زۆریش بیزانن، ئیتر چ پێویست دەکات، دووبارە ئێوە بە رەنگ و دیمەنێکی تر هەمان ئەو تێبینی و بۆچونانەی کە هەیە بیخەنەوە پێش چاو؟

منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوڕام، بەڵام ئەوەی دەبێت، بە ئینســـافەوە لە مەســـەلەکان بڕوانین. هەر یەکە لە ئێمە پاشـــخانێکمان لە کاری رۆژانـــەی خۆمان وەک رۆژنامەنووس هەبووە، نکۆڵی لەوەش ناکرێت، کە ناخۆشی و دەردە سەری زۆرمان بەهۆی کارەکەمانەوە چەشتووە، هەر لە بەر بەستی کاری رۆژانە لە بەرانبەر ئیشوکارەکانمان، هەتا بەسوکایەتی پێکردن و چاوســـورکردنەوە و کەلەپچەکردن و زۆر شـــتی تر کە هەرگیز رۆژێک لە رۆژان، لە بیرمان ناچێت. لە ئاستی کۆمەڵگاو خێزانیش بەش بەحاڵی خۆم زۆربەی زۆری خزم و کەسوکارەکانم هەمیشە هەوڵەکانیان بۆ سەرزەنشت و رێگریکردن بووە لێم.

لەڕاستیدا چاوەڕێی ئەوەم نەکرد بەو جۆرە سوکایەتی بە رۆژنامەنووس بکرێ و بەچاوی خۆم ببینم، بۆیە نایشارمەوە، هەر ئەوەش وایکرد زیاتر لەم بەرگەدا، بە هەموو توانایەکم بەرگری لە بێلایەنی و چاونەترســـی و راستگۆی و سڵنەکردنەوە لە راستییەکان بکەمەوە، هیوای خۆشی و داهاتویەکی پرشنگدار بۆ کۆمەڵگە و وڵاتەکەمان بەتایبەتی چینی رۆژنامەنووسانی ئێستاو داهاتووش دەخوازم سەری رێز و نەوازش و خۆشەویستیش بۆ ئەو رۆژنامەنووس و کەسانەی تر دادەنوێنم لە پێناو ئازادی و بەختەوەری و بوونی کۆمەڵگایەکی تەندروست، گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی.

# پەیوەندی رۆژنامەنووسان و دەزگا ئاسایشپارێزەکان

*** بەشی یەکەم**

لە دوای سەرهەڵدانی میدیای ئازادو راگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن و زۆربووونی ئۆرگانە جیاجیاکانی راگەیاندن، هەروەها فراوانبوونی کاری رۆژنامەوانی لە کوردستان، دواتر رۆژ بەرۆژ پەیوەندی رۆژنامەنووسان و هێزە ئەمنییەکان لەم هەرێمەدا، بە ئاراستەیەکی نیگەتیڤ هەنگاوی نا، نالێم پەیوەندییەکی دوژمنکارانەیان لەنێواندا هەبووە، بەڵام بەوپێیەی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگەو ... هتد , بەرگی ناونیشانی پاراستنی گیانی هاوڵاتیانیان لەبەرکردووە، بۆیە دەکرێت ئەوانیش بە ئەرکی نیشتیمانی خۆیان هەڵسن، لەکاتی پێویستدا گیانی رۆژنامەنووسانیش وەک هەر هاوڵاتی و تاکێکی تری ناو کۆمەڵگا بپارێزن، بەتایبەتی لەکاتی بەجێگەیاندنی کارەکانیاندا، نەک ئەو هێزانە خۆیان ببنە بەشێک یان لایەنگیرین لەو پێشێلکارییانەی کە بەرامبەر هاوڵاتییان و رۆژنامەنووسان بەتایبەتی ئەنجام دەدرێت.
بەر لەوەی باس لە رێگری و هاوکاری نەکردنی ئەو هێزانە بکەین لەئاست کاری رۆژنامەواناندا، دەبێت هەموو دیسپلین و برگەکانی کاری دەزگایەکی بە نموونە ئاسایش لێرە، وەک خۆی بخەینەروو چونکە گرنگە هەمووان بزانین لەم وڵاتە دەزگایەکی لەو شێوەیە کە سامانی گشتی لەپێناو بۆ خراوەتەگەڕ، بە پلانی حزب و چەند کەسێکی ناو دەسەڵات تا دواسنووری بەرژەوەندی خۆیان ئەم هێزانە بۆ مەرامەکانیان بەکار دێنن.
هەرچەندە، ئەم هێزانە لە ئاستی تاکدا، هیچ گرفتێکیان لەگەڵ رۆژنامەوانان نەبووە، بگرە زۆرجار دەستخۆشانەشیان لە رۆژنامەنووسان کردووە، بەوەی کە کێشەوگرفتەکانیان لە رێگەی میدیاوە بۆیان خستونەتەڕوو هەروەها جاروباریش لە ئاستی بەرپرسان و راگەیاندنەکانیان، جۆرە گفتوگۆو لێکحاڵی بوونێک بەدیکراوە، لەگەڵ رۆژنامەنووساندا، بەڵام ئەوەش گرێدراوە بە ئاستی رۆشنبیری خودی کەسەکان و دونیای بینی ئەمڕۆی ئەوان، نەک سیاسەتی دەزگاکان لێرەدا ئەوەی کە وەک ناکۆکی دەردەکەوێت، پیادەکردن و دەرکردنی ئەو بڕیارانەیە لەلایەن حزبەوە دەردەکرێت، بۆیە ئەم هێزانەش بە خاتری هۆیەکانی ژیانی رۆژانەیان بڕیارەکان جێبەجێ دەکەن، ئەگەرنا هەرگیز ئەوان ئامادەنین ئەو سیاسەتەی لەو چەند ساڵەدا جێبەجێیان کردووە، ئەمڕۆ پیادەی بکەن!
لە شارێکی وەک هەولێر ئەو کەسانەی دامەزراون، یان تا هەنووکەش دادەمەزرێن لە دەزگاکانی ئاسایش، ئەوان پێش راهێنانی چەند رۆژە، مەرجی سەرەکی دەبێت «پارتی»

بن. خۆ ئەگەر پارتی نەبن، نەک دانامەزرێن، بگرە ئەگەر ڕۆژنامەنووسیش بن، بۆیان نییە بچنە ناو بۆنەو ئاهەنگە کانیانەوە، جگە لە ڕۆژنامەنووســـی حزبی پارتی خۆیان نەبێت. پێتانوانەبێت کە تەنیا دامەزراندنی ئاسایش لە هەولێر بەو جۆرەیە، بێگومان لە سنووری ئیدارەی ســـلێمانیش بەهەمان شـــێوەیە، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە روونە، هەر کەسێک یاساو پێوەرەکانی حزبە دەســـەڵاتدارەکانی خوێندبێتەوە، بـــۆی دەر دەکەوێت، کە ئەم حزبانە لەســـەر داهاتی گشتی، ئۆرگانە حزبییەکانی خۆیانیان هێناوە بەرگی حکومی بوونیان بە بەردا کردوە.

بوودجەی هەرێمی کوردســـتان، لە ساڵی ٢٠١٢ کە لەلایەن (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی حکومەتـــەوە ئیمزا کرا، برەکەی (١٥) ترلیـــۆن و (٢٤٥) ملیار و (٧٩٧) ملیۆن دینارە، بەپێی ڕاپۆرتێکـــی ژووری لێکۆڵینەوەی ئابووری بزووتنەوەی گۆڕان , کە لە کۆتاییەکانی مانگی شەشـــی ٢٠١٢ بڵاوی کردۆتەوە. ژمارەی هێزە ئەمنـــی و چەکدارەکان لە هەرێمی کوردستان (٢٦٣) هەزار و (٤٥٠) کەسن، بەو پێیەش زیاتر لە (٤٠٪) سەدا چلی سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێمی کوردســـتان، هێزی ئەمنی و چەکدارین، ساڵانەش بڕی (٢) ترلیۆن و (٩٨١) ملیـــار و (٤٠٣) ملیۆن دیناریان لە پارەی گشـــتی بـــۆ خەرج دەکرێت. هەموو ئامار و داتا گشـــتییەکان ئەوەش دەخەنەڕوو لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان، پێویستی بەهێزی چەکدارە و ئەو هێزانەش پێویستیان بەخەرجییە، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو هێزانە بەشێوەیەکی نایاسایی کراوان، بە پاسەوانی بەرپرسان و دەزگا حزبیەکان.

بـــە حکومی کردنی دەزگا حزبییەکانی پارتی و یەکێتی ڕەنگـــە تاڕا دەیەک دەکرێت، بە ئاسایی وەربگرین، بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە بەوپێیەی ئەم کیانەی ئێرە زیاتر لەسەر بنەمایی حزبی دامەزراوەکانی کاریان کردووە لە حاڵەتێکدا، ئەگەر هاتوو ئەم دەزگایانە بۆ لەمەودوا لەسەر بنەمای پیشەیی و بێلایەنی کار بکەن، زۆر گرنگە بەڵام لە قۆناغی ئێستا کە بودجەی مانگانەیان لەسەر داهاتی گشتییە، ئەم هێزانە هیچ گۆڕانکارییەکیان لەڕووی دامەزراندنی فەرمانبەرو کاروبارەکانی ڕۆژانەیان بەسەردا نەهاتووە.

خۆ ئەگەر لە رابردوودا بەرپرسانی ئیدارەی پارتی لە هەولێر و یەکێتی لە ئیدارەی سلێمانی، بێباکیی خۆیان دەربڕیبێت، لەوەی کە ئاســـایش و دەزگا ئەمنییەکان. سەر بەحزب نین، یان ئەجێندای پارتی و یەکێتی جێبەجێ ناکەن، بەڵام لە دوای ڕوداوەکانی ١٧ی شوباتی ساڵی «٢٠١١» ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزاییانەی کەچەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، کە هاوڵاتییان دژ بەحوکمی نا دادپەروەر و گەندەل و مل نەدان بۆ ژیانی ملکەچ نەکردن بۆ حزب و بنەماڵە ڕژانە ســـەرجادە و شـــەقامەکان. چونکە خەڵک گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە عەقڵییەتی ســـتەمکاری تەنیا کۆنترۆڵکردنی داهاتی ژیانیان نییە لەلایەن گروپێکی دەســـەڵاتدارەوە، بگرە هەســـت بە کۆنترۆڵکردنی ئازادیی و شـــێواندنی ئارامی دەروونی ئینسانیش دەکرێت، کە ئەوەش ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی هەیە لەناو خەڵکدا، بۆیە

ناکرێت پەرە بسێنێت، لەلایەن خەڵکەوە بێدەنگی لێ بکرێت.
لەکاتی خۆپیشاندان و نارەزاییەکانی هاوڵاتیان بۆ هەموو لایەکمان رونبوویەوە، کە ئەم هێزانە نەک هێزێکی نیشتیمانی نین. بگرە هێزێکی حزبی میلیشیایین، هەر کاتێک حزب بیەوێت دەیانجوڵێنێت، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەرکەکانیانە کە پاڵپشتیان لە دەسەڵات کردوە، بەڵام پاراســـتنی گیانی هاوڵاتییان و رۆژنامەنووسانیان بەلاوە گرنگ نەبوو. بەڵگەی زیندوش بۆ ئەو قســـانە ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لە هاورێ و هاوپیشەکانم، لە ساڵی «٢٠١١»دا زۆرترین پێشێلکارییان بەرامبەر ئەنجامدراوە، هاوکات لەکاتی روماڵکردنی کارەکانیاندا، ئەو پێشێلکارییانەش بەئاشکرا دیار بووون، کە کەسی حزبیی و هێزە ئەمنییەکان بەشدارییان تێدا دەکرد.
کاتێک دەڵێم ئەم دەزگایانە سیاسەتی پیشەییانەی خۆیان کە پاراستنی گیانی هاوڵاتییان و رۆژنامەنووســـانە، ســـەد لە ســـەد جێبەجێ نەکـــردوە، چونکە یەکێک لـــە کارەکانی رۆژنامەنووسان، گواستنەوەی رووداوەکانە لەوکاتەشدا دەبێت دەزگا ئەمنییەکان ببنە پردو پەرژینێک بۆ پاراســـتنی گیانی ئەوان، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوکاتانەی رۆژنامەنووســـان لەکاتـــی روداوەکان، ئامادەییان هەیە بۆ ئەوەی روماڵی رووداوەکان بکەن، ئەم دەزگایانە بەتایبەتی ئاســـایش بە ئەرکی خۆی هەڵناســـێت، بگرە هەر ئەوان بووونەتە بەشـــێک لە مەترسی بۆ سەر گیانی رۆژنامەنووسان. کە زۆرجار سوکایەتیشیان پێکردوون. بۆ نموونە وەک ئەوەی لە (٢٠١١/٤/١٨) لە شـــاری هەولێر بینیمان، کە لە پێشچاوی دەیان قوتابی زانکۆی ســـەڵاحەدین، بە خراپترین و تراژیدیاترین شـــێوە هێزە ئەمنیی و سەربازییەکانی پارتی دیموکراتی کوردســـتان، بەجل و بەرگی مەدەنیەوە ســـوکایەتیان بە ژمارەیەک لە رۆژنامەنووســـان کرد. دەکرێت لەوانە نمونەی نووســـەری ئەم بابەتە وەک شاهید حاڵێک ئاماژەی پێ بدەین. هەر دوا بەدوای ئەوەش لە ســـنووری ســـلێمانی هەمان روداو دووبارە بویەوەو کەمتر نەبوو لە رووداوەکانی پێشتر، بۆیە لەراستیدا مرۆڤ هەست بە کارەساتێکی دڵتەزێن دەکات، ئەوکاتانەی کە هاوڵاتیان خۆپیشاندان دەکەن، رۆژنامەنووسانیش روداوەکە دەگوازنەوە لەلایەن پیاوانی حزبەوە , کە دڵنیاین ئەوانیش لەناخیاندا هەست بەو سیاسەتە بێزراو و دەسەڵاتە مافیاییە دەکەن، کە لەکاتی روداوەکاندا داوایان لێ دەکرێت، بەتوندترین شێوە روبەرووی رۆژنامەنووسان و هاونیشتمانیەکانی خۆیان ببنەوە.
هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد هەرگیز رۆژنامەنووسان دژ بەهێزە ئەمنییەکان هەنگاوێکی خراپیـــان نەناوە. کە زیانی بۆ ژیانیان هەبێ، رونتر بڵێم رۆژنامەوانان نەیان ویســـتوە لە ئەرکەکانی ئەم هێزانە کەمبکەنەوە، چونکە ئەگەر بە ئینسافەوە قسە بکەین، دەبێ ئەرکی ئەم هێزانە لەوەدا بەگرنگ بزانین کە ئەوان رۆڵی بەرچاویان هەبووە، لە رووبەرووبوونەوەی «گروپە تیرۆریســـتییەکان و دابینکردنی ئارامیی و ئاســـایش» بەڵام راستیەکەی ئەوەیە ئەم هێزانە ئەوەندە خزمەتیان بەپرسی حزبی گروپگەلێکی چەند بنەماڵەو خێڵێک کردوە،

هێنـــدە خزمەتیان بە کۆمەڵگا نەکردوە، کە بێلایەنانـــە بتوانن کارەکانیان ئەنجام بدەن، ئێمەش بەهێزێکی نیشتیمانیان لە قەڵەم بدەین، چونکە چیرۆکە زیندوەکان پێمان دەڵێن ئەم دەزگایانە گوێڕایەڵی حزبن، خزمەت بە مانۆڕە حزبییەکان دەکەن. بۆیە پەیوەندیشیان لەگەڵ ڕۆژنامەواناندا. زیاتر پەیوەندییەکی نێگەتیڤە.

## ● بەشی دووەم

وەک گوتمان پەیوەندی ڕۆژنامەنووســـان و هێـــزە ئەمنییەکان، پەیوەندی دوژمنکارانەیان لەنێواندا نەبووە، بگرە لە ئاستی تاکدا هەندێ جار کارمەند و هەڵسوڕاوانی ئەم دەزگایانە تـــا ڕادەیەکی باش هاوکارو نزیکایەتیشـــیان هەبووە، لەگەڵ ڕۆژنامەنووســـاندا، بەڵام لە کوردســـتان ئەو پاڵنەرە سیاسی و کاریگەرییە حزبی و شەخسیانە وایکرد، کە سیاسەتی دەزگا ئەمنییەکان زۆرجار بە پۆلیس و پێشـــمەرگەو زێرەڤانیشـــەوە، کارەکانیان زیاتر لە بەرژەوەندی حزب و گروپگەلێکی ناو دەســـەڵات بێت، بەجۆرێک ئەرکە راســـتەقینەکەی خۆیان وەک دەزگایەکی نیشتیمانی جێبەجێ نەکەن، ئەمەش وادەکات، لەو ساتەوەختانەی کە هاوڵاتیان نارەزای دەردەبڕن و دێنە ســـەر شەقامەکان، لەوێشدا کە ڕۆژنامەنووسانیش دەیانەوێ بەئەرکی خۆیان هەڵســـن ڕووماڵـــی ڕووداوەکان بکەن، لەلایەن پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانەوە ڕووبەڕووی پەلامار و دەستدرێژی و ئازار دەبنەوە!

ئەگەر قوڵتر و کەمێک ڕوونتر لە بارەی ڕۆژنامەنووسانەوە بدوێین، ئەوان ڕۆژانە ئەزموونی باشـــیانکردووە، لـــە کاتی ڕووماڵکردن و ئیشـــوکاری ڕۆژنامەوانی خۆیانـــدا لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان، کە هەنگاو بە هەنگاو هێزە ئەمنییەکان لەو جێگایانە ئامادەییان هەبووە، کە (ڕووداوەکان) ڕوویانداوە، بەڵام کارەکانی ئەم هێزانە بەلای ڕۆژنامەنووســـانەوە ئاشکران، چونکـــە زۆرجار ئەوان کەمتر بە ڕۆڵ و ئەرکەکانی خۆیان هەڵســـاون، بگرە لەو کاتانەی کە ڕۆژنامەنووس ڕووبەڕووی هێرش و دەســـتدرێژیکردن بووەتەوە، دواتر ئاشکرا بووە، کە دەزگائەمنییەکان خۆیان بەشێک بوون لە ئەنجامدانی ئەو پێشێلکاریە.

کەواتە ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە، ســـەر ئەو باوەڕەی کە ئەم دەزگایانە ئەوەندە ڕێگریان لە ڕۆژنامەنووسان و توندوتیژیان بەرامبەریان کردون، نەبوونەتە چەترو پەناگەیەک بۆ پاراستنی گیانی ئەوان لەکاتی ڕووداوەکاندا، ســـەرەڕایی ئەمەش دەســـەڵات هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە، وەک چۆن بەدرێژای چەند ساڵی رابردو ویستویەتی متمانەی میدیا و ڕاگەیاندنەکان لـــەلای کۆمەڵگا بێ نـــرخ و لەکەدار بکات، وەهاش لەوکاتانەی کە پێشـــێلکاری بەرانبەر ڕۆژنامەنووسان کراون، ئەوان ڕەتیانکردۆتەوە، یان بەجۆرێک لە جۆرەکان سیناریۆیەکیان خستۆتە پاڵی.

بەڵام لە ڕاستیدا وەڵامدانەی ئەوان نەیتوانیەوە تینویەتی خەڵک بشکێنێت، چونکە هاوڵاتیان لەڕاست و دروستی بابەتەکانی ژیانی ڕۆژانەی هەمووڵایەک گەیشتوون، کۆی ئەو سیستمە

سیاســـیەی لە کوردستان هەیە پێشتر ئەزموون و بەرجەستەکراوە، وەک ئەوەی بەدرێژای چەند ساڵی رابردوو دەسەڵاتداران هەر بەیانێکی دڵگیریان راگەیاندبێت، دواتر دەرکەوتووە بێ ناوەرۆک بووە، وەک ئەو هەموو وەعد و بەڵێنە رەنگاو رەنگانە کە بە هاوڵاتیانیان داوە لە ناوچەکە دواتر بەتاڵ دەرچووە.

جیاوازی لە نێوان بێ دەنگی بەرزکردنەوەی دروشمی بەهەشتی و دەسەڵاتی حزبی کوردی لەوەدا بووە، کە بێســـڵەمینەوە ئەوان ســـالآنێکە چەمکی دیموکراســـی و مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی ئینســـانی کوردیان، کردوە بەبنێشـــتە خۆشـــەی ســـەرزارییان، وا خۆیان دەرخســـتووە، هاونیشتیمانیان و کۆمەڵگا بەگشـــتی هیچ شتێکیان کەم نییە، کاتێکیش رۆژنامەنووسان بابەت گەلێکیان بلآوکردبێتەوە و لەگەڵ بەرژەوەندیانی ئەوان تەبا نەبووە، وەک کەسێکی نامۆ و دژە ئەزموون بینیویانە زۆرجاریش لێرەو لەوێ رۆژنامەنووسانیان بە «چەواشەکار، دەستی دەرەکی و خراپەکار» وەسفکردووە.

ئەم جۆرە گوتارەی ئەوان، لە دوای روداوەکانی ١٧ی شوبات بە جۆرێکی تر و دیوێکی تر تەرجوومەیانکرد بۆ وەڵامدانەوەی رۆژنامەنووسان، بەتایبەتی ئەوکاتانەی کە رۆژنامەنووسان روبەڕووی هێرش و پەلاماردان دەبوونەوە، زۆرێک لە راگەیاندنەکانی حزب بەشـــێوەیەکی پێچەوانە رووداوەکانیان تەفسیر دەکرد وا بلآیانکردەوە کە «رۆژنامەنووسان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لێیان نەدراوە«، بەڵکو لەلایەن چەند کەســـانێکی نەناســـراو لێیاندراوە، یاخوود رۆژنامەنووس بەشێک بوون لە خۆپیشاندەر. ئەگەرچی دەسەڵات هەواڵی لێدان و سوکایەتیکردن بە رۆژنامەنووسان پشتڕاست دەکردەوە، بەڵام راستییەکانی بە ئاراستەیەکی تـــردا دەبرد، وەک نموونە لە «٢٠١١/٤/١٨» لە شـــاری هەولێر ژمارەیەک رۆژنامەنووس لەلایەن چەند کەسێکی ئامادەکراو راسپێردراوی حزب لێیان درا، کەچی دەسەڵاتی ناوچەی هەرێمی «زەرد» ئەو هەواڵانەی رەتکردەوە، بەبیانووی ئەوەی گوایە لە هەولێر پێشێلکاری بەرانبەر بە کەس نەکراوە، ئیتر چۆن بە رۆژنامەنووسان دەکرێت.

کاتێک باســـی پێشێلکاری دەکەم بەڵگەش بۆ پشتڕاســـتکردنەوەی قسەکانم هەمان ئەو رۆژەی کە لەســـەرەوە ئاماژەم بە بەروارەکەی داوە، دوای ئەوەی ژمارەیەک رۆژنامەنووس لە هەولێر لێیاندراو ســـوکایەتیان پێکرا، کەچی هەر ئەو کەســـانەی کەهەستان بەلێدانی رۆژنامەنووســـەکان خۆیان بێبەری کرد لەئاست ئەو داســـتانە پێشێلکاری و تاوانکاری و کردارە قێزەونەی کە بۆ حزبەکەیان تۆمارییانکرد بەڵام بەحوکمی ئەوەی یاسا سەروەر نییە زۆرجار وەک شتێکی گاڵتەجاری لێهاتووە لەلایەن حزبەوە، کەسیش نەیدەزانی ئەوان سەربە چ دەزگایەکن، بۆیە وەک هەر کارە فرت و فێڵ و قێزەونەکانی دی دەســـەڵات کەیسی ئەو رووداوەی بە ئاراستەیەکی تر برا و بێ دەنگی لێکرا.

بەڵگەی ئاشـــکرای دەســـتدرێژی و ســـوکایەتیکرد بەرۆژنامەنووس، لە نێوان راســـتی و بەلاڕێیدرندا، لەوەدایە کە هێزێکی وەک پۆلیس دیار و ئاشکرا ئەوانیش بەدەر نەبوون، لەو

سوکایەتی و بەربەریانەی کە هێزە ئەمنییەکانی تر بەرانبەر بە ڕۆژنامەنووسانکردیان، چونکە ئەوەی من لە هەولێر بینیم مامەڵەی پۆلیسیش لە ڕەفتاری ئەم گرووپە دار وەشێن و شەق وەشێنە کەمتر نەبوو، بەڵگەش بۆ قسەکانم هێزەکانی پۆلیس لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێر وەک دیلی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان کردووە، بەتایبەت لە ١٨ی نیســـانی ٢٠١١ ئەوکاتانەی کە بەپاڵ و پشتەمل چەند ڕۆژنامەنووسێکیان فڕێدایە سندوقی ئۆتۆمبێلەکانیان و مۆبایلەکانیشیان لێوەرگرتن، دواتر کە ڕەوانەی بنکەی پۆلیسی فریاکەوتنیان کردن، هەر بەوەشەوە نەوەستان پێڵاوەکانیشیان پێداکەندن، چەند خولەکێک کەلەپچەیان کردن، لە بەرامبەر ئەمە پۆلیس خۆی لەو کارانە بێبەری کرد، یان هەندێ جار دەزگاکانی پۆلیس نەیانتوانیوە سنووری دەسەڵاتەکانی دەزگایەکی وەک ئاسایش ببەزێنێت، بگـــرە زۆرجار دەزگاکانی پۆلیس خەریکی چنینەوەی پاشـــماوەی کارەکانی بڕیاری حزب بوون، وەک ئەوەی کاتێک چەند کەســـێکی حزبی لە ڕۆنامەنووســـانیان داوە، دواتر کەس خۆی نەکردووە بەخاوەنیان، دەزگاکانی پۆلیسیش لەبەرامبەر ئەمە کەمتەرخەم بوون، یان ڕاستەوخۆ پاڵپشتیان لە کارەکانی ئاسایش و هێزە ئەمنیەکانی تر کردووە.

مەبەست لە هێنانەوەی ئەم نموونانە جەختکردنەوەیە لەو قسانەمان کە وەک هەر شتێکی تر پێویستمان بەوەیە بەڕاستی و ئەمانەتەوە دەست بخەینە سەر هەقیقەتی شتەکان لەکاتی تۆمار کردنیان، چونکە هەموو ئەو ڕووداوانە دەبنە بەشـــێک لە یادەوەری ژیانی ڕۆژانەمان بۆ ئێستا و داهاتوو هاوپیشەکانیشمان لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆیاندا دەینووسنەوە، بۆیە باوەڕ ناکەم هەر یەک لە ئێمە ئەو ڕووداوانەی بەسەرماندا هاتوون لە بیری بکەین، کە جێگەی داخە لە سەردەمی حکومڕانی خۆماڵی و لە سایەی پارتی ناسیۆنالیست و سۆشیال دیموکراتی کوردی، ڕۆژنامەنووسان و خەڵکی بێدیفاعی مەدەنی ڕووبەڕووی شاڵاوی لێدان و دەستگیرکردن و توندوتیژی و پەلاماردان ببنەوە.

ئاشـــکرایە ئەوەی بۆ ڕۆژنامەنووســـان گرنگە کە لە یادمان نەچێت، خۆ پاراستنە چونکە گیانی ڕۆژنامەنووسێک لە هەواڵێک یان گرتنی وێنەیەک گرنگترە، بۆیە پێویستە ئەمە باش لێک بدرێتەوە، هەروەها پێویستیشـــە ئەوەش لەیاد نەکەین، نابێ چاوەڕێی ئەوە بکەین، کە هەرگیز دەسەڵاتداران دەستخۆشـــی لە ڕۆژنامەنووسانی ئازاد یان ڕۆژنامەنووسی سەر بە پارتە ئۆپۆزســـیۆنەکان بکەن، چونکە ڕۆژنامەنووس کاریان هەڵدانەوەی لاپەڕە شاراوە و ڕاســـتییەکانە ئەوان هەوڵ دەدەن کەمووکوڕییەکانی دەســـەڵات و ڕەخنەکانی هاوڵاتیان بڵاوبکەنەوە، بۆیە زۆر زەحمەتە لە دۆخێکی وەک ئێســـتا دەسەڵات دەستخۆشی لە کەس بکات.

جەوهەری کاری ڕۆژنامەنووســـی ئەوەیە دەبێت، ڕۆژنامەوانان لە ئاست بەرپرسیارێتیەکی ئەخلاقی، ویژدانی، نیشـــتیمانی و بەرپرسیارێتی مێژووی بن لە بەرانبەر ئەو پەیامەی کە هەڵیان گرتووە، لە چوار چێوەی پیشـــەیی و شارەزاییاندا، دەکرێت ئەوان ببنە پێشەنگ

و ڕێگە نیشـــاندەری خەڵک و کۆمەڵگا، هەندێ جـــار ئەوەی میدیا لە یەک خولەکدا وەک دەسەڵاتی چاودێری لە چەند سەرچاوەیەکەوە بەرهەمی دێنێت، دەسەڵاتی جێ بەجێکار لە چەند کاتژمێرێکدا ناتوانێت بڕیارێک جێ جێبەجێ بکات.
کەواتە بەرپرسیارێتیەکی گرنگە ئەوەی پەیوەستە بەم بابەتەوە زیاتر سەبارەت بە دەزگا ئەمنییەکانە لێرەدا ئەرکی ڕۆژنامەنووس ئەوەیە ســـەرەڕایی هەموو ئەو ڕووداوە خراپانەی دەزگا ئەمنی و پۆلیسییەکان بەسەریان دەهێنن، بەڵام نابێت ڕۆژنامەنووسان بەڕقەوە سەیری دەزگا ئەمنییـــەکان بکەن، چونکە پێموایە ئەوە کارمەندو فەرمانبەری ئەم دەزگایانە نین، ڕقیان کردووە بە کەرەستەیەک وەک توندوتیژی لە بەرامبەر ڕۆژنامەنووساندا بەکاری دێنن، ئەوە سیاسەتی حزب و چەند کەسێکی کار بەدەستی ناو دەسەڵاتەو ترسیان لە لەدەستدانی پۆست و کورسی و ئەو دەستمایە و داهاتە هەیە کە بەزەبری توندوتیژی بەدەستیانهێناوە، پێشموایە ئەوەی کە گەنجانی وڵات هان دەدەن، توندوتیژی و ڕق لێبوونەوەی وێرانکەر لەناو کۆمەڵگا بەرانبەر هاونیشـــتیمانییەکانیان ئەنجام بدەن، گومانی تیدانییە ئەم جۆرە کارانە زیاتر بەرهەمی سیاسەتی حزبە دەسەڵاتدارەکانە وەک ئەوەی کە هەموومان بینیمان، ئەوان هەر کاتێک بیانەوێت دۆخێکی ترسناکی تێکەڵ بە توندوتیژی و ڕق بەرهەم دێنن.

**بەشی یەکەم: لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٧٧٧) بڵاوکراوەتەوە.**
**بەشی دووەم: لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٧٨٤) بڵاوکراوەتەوە.**

# نەبوونی میدیاو کەناڵێکی رێکخراو لەبارەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم

**بەشی یەکەم:**

گوتەبێژی رەسمی، یان نووسینگەی راگەیاندنی سەر بە حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم، گرنگی خۆی هەیە کە دەبێت، وەک پردێک ببنە بنەمایەک لە نێوان رۆژنامەوانان و هاوڵاتیاندا، بۆ ئاگاداربوون لە کاروبارەکانی دەوڵەت، بەڵام پێڕەونەکردنی ئەم سیستەمەی کارکردن بەو شێوەیە لە دونیای ئەمڕۆی حکومڕانی کوردی بەڕوونی هەستی پێ دەکرێت، چونکە نە دەسەڵاتداران وەک شەخس ئامادەیی ئەوەیان تێدایە، بەرامبەر راگەیاندنە کوردییەکان کراوە و شەفاش بن، لە هەمان کات بەرپرسانی گوتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتیش، کەمتەرخەمن لەکارەکانیان، بەپێچەوانەوە زیاتر وەک ئەوەی ئەجێندای حزبی جێ بەجێ بکەن دەزگاکانی راگەیاندنیان پشتگوێ خستووە. هەر بۆیە ئەم دەزگاو دامەزراوانە نەیان توانیوە بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە نێوان کاروباری گشتی حکومی و رۆژنامەوانان هەیە نەمێنێت، خەڵکیش بە گومانەوە لە دەسەڵات نەڕوانێت.

ئەگەر قسە لەسەر راگەیاندن و گوتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێم بکەین، لەڕووی وەک راگەیاندنەوە، هەرچی لەبارەی سەرۆکایەتی هەرێم بگوترێت، ئەم دەزگا باڵایە کەچەند ساڵێکە یەکێک بووە، لەو دەزگایانەی کە هەرە دەسەڵاتی باڵای بۆ خۆی قۆرغکردووە، لە هەرێمی کوردستان، بەڵام داخراوترین دەزگاو ناوەندیش بووە، بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان و راگەیاندنەکان، قسەمان لەسەر ئەوەنییە سەرۆکایەتی هەرێم بەپێچەوانەی یاسایی بەڕێوەبردنی وڵات کە سیستەمی پەرلەمانییە سەرەڕایی ئەمە دەسەڵاتی باڵاشی هەبووە، زۆرجار تەجاوز و موزایدەشی بەسەر یاساکانی بەڕێوەبەربردنی دەوڵەت و حکومەتی هەرێم و پەرلەمانیش کردوە، بە جۆرێک لە جۆرەکانیش سەرۆکایەتی هەرێم ئەوەندە دەسەڵاتی لەناوچەی هەولێر و دهۆک هەبووە، بەپێچەوانەوە لە ناوچەی سلێمانی بڕیار و دەسەڵاتەکانی ئەم سەرۆکایەتییە ئەو کاریگەریەی لە هەولێر و دهۆک هەی بووە، لەوێ پێچەوانەیە.

خۆ ئەگەر پێداچوونەوەیەک بکەین، بۆ ئەو کارانەی کە سەرۆکایەتی هەرێم ئەنجامی داون بە ئیمزای سەرۆکی هەرێم، بەشێکی زۆریان ئەرکی حکومەتە بەر لە سەرۆکایەتی هەرێم، چونکە لە کوردستان دەسەڵاتی (تەشریعی، جێ بەجێکردن، قەزایی)ی، هەیە، بۆیە دەبێت حکومەت بەپێی یاسا مامەڵە بکا و یاساکانیش کارییان پێ بکرێت، نەک بە فشاری سەرۆکایەتی هەرێم یاساکان جێ بەجێ بکرێت، وەک بۆنمونە قەدەغەکردنی ئۆتۆمبێلی جام رەش. یان بە بڕیارێک بەناوی چاکسازییەوە، لە مانگی ئازای ساڵی (٢٠١١) سەرۆکی هەرێم

هەستا بە راگەیاندنی لیژنەیەک بەناوی "لیژنەی بەدواداچونی پرۆژەی چاکسازیی سەرۆکی هەرێـــم" بەرێگەی ئەو لیژنەیە بڕیار درا، بەراگرتنی زەوی (موســـاتەحە) و وەرگرتنەوەی ژمارەیەکی زۆر زەوی کەپێشـــتر لەلایەن وەبەرهێنانەوە دابەشـــکرابوون، پێکهێنانی ئەم لیژنەیەش بۆ پێداچونەوەی کاروباری وەبەرهێن بووە، لە کاتێکدا کە دەســـتەی وەبەرهێن بەپێی یاسایی ژمارە (٤)ی ســـاڵی (٢٠٠٦)ی یاسایی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان – عێـــراق، کاری کردووە، بۆ ئەو کاروبارانەش دەســـتەیەکی باڵای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە و کاری کردوە.

بە هەرحاڵ ئێمە مەبەستمان راگەیاندن و گوتەبێژی ئەم دامەزراوەیە بەرامبەر بە رۆژنامەوانان و راگەیاندنەکان، چونکە لەبەرانبەر رۆژنامەوانان‌دا، دەزگایەکی لەم شێوەیە تاڕادەیەکی زۆر دەرگا داخراو بووە، جگە لەوەش زۆر بەکەمی رۆژنامەنووســـان چونەتە ناو حەرەمی ئەم دەزگایە. ئەمەش لەلایەک بۆ دووری شـــوێنەکەی گەڕاوەتەوە، کە کۆشـــکی سەرۆکایەتی ســـەرۆکی هەرێم لە ســـەلاحەدین بووە، لەلایەکی دیش زۆربەکەمی بەشـــی راگەیاندن لە سەرۆکایەتی هەرێم و گوتەبێژی رەسمی سەرۆکایەتی لەگەڵ رۆژنامەنووساندا ئاشنایەتیان بووە، سەرەڕایی ئەوەی کۆشکی ســـەرۆکایەتی هەرێم لەکاتی دەست بەکار بوونییەوە لە ســـەلاحەدینە و (مەسعود بارزانی) ســـەرۆکی هەرێمیش بەردەوام لەوێ دانیشتوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کە شوێنێکی دوورە دەست بووە، بەدرێژای دەست بەکاربوونی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکی هەرێم کەسێکی ئەکتیڤ دیاری نەکراوە، کە بەناوی گوتەبێژی رەسمی ئەم ســـەرۆکایەتیە، لێدوان بدەن و رۆژنامەنووسانیش گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن، بۆ ئەوەی هـــەم راگەیاندەکان بێبەش نەبن، لە کاروباری ســـەرۆکایەتی، هەم هاوڵاتیانیش ئاگاداری ئیشوکار و پرۆژەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بن.

لـــە (٢٠١١/٨/٢٨) کاتێـــک ژمارەیەک لـــە رۆژنامەنووس ناڕەزاییان دەربـــڕی لەبەرانبەر "سوکایەتی پێکردنیان" لەلایەن پاسەوانەکانی سەرۆکی هەرێم لەکاتی سەردانی (مەسعود بارزانی) بۆ شـــاری رانیە وەک وەڵامدانەوەیەک ماڵپەڕی ســـەرۆکایەتی هەرێم بەو شێوەیە تەنیا کەســـێک بەناوی "راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم"، قسەی کردوە، بەبێ ئەوەی ناوی بهێندرێت. وەڵامی ئەو رۆژنامەنووســـانەی داوەتەوە. پاش پێنج مانگ بەسەر ساڵی ٢٠١٢ لە ئاستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی هەبووە، کە وەک کەسێکی ئاشـــکرا روونکردنەوەی پێویســـتی هەبێت، بەرامبەر بە وەڵام و پرســـیار و بەدواداچونی رۆژنامەنووســـان، زیاتر دکتۆر (فوئاد حوســـێن) سەرۆکی دیوانی ســـەرۆکایەتی هەرێم ئاشـــنایەتی لەگەڵ رۆژنامەوانان‌دا هەبووە، بەڵام ئەویش بەم دواییانە زۆر بەکەمی لێدوان و گفتوگۆی رۆژنامەوانی کردوە، بەتایبەتی لەگەڵ راگەیاندنە کوردییەکاندا، بەپێچەوانەوە، لەگەڵ راگەیاندنی عەرەبی و بیانی بەردەوام گفتوگۆ و نزیکایەتی هەبووە.

لێدوانـــی (فوئاد حوســـێن) لە بـــارەی بریندارکردنی (ئاســـۆس هەردی) بـــۆ رۆژنامەی

(شەرقولئەوسەت) زیاتر دەری خست، کە دەزگایەکی وەک سەرۆکایەتی هەرێم و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، یان هیچ نرخێک بۆ مێدیای کوردی و ناوخۆی کوردستان دانانێن، یاخوود ئەوان نایانەوێت دڵی میدیای عەرەبی و بیانییەکان لە خۆیان برەنجێنن. کاتێک سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم لە رۆژنامەی (شەرقولئەوسەت) باس لە هەڵوێستی سەرۆکایەتی هەرێم دەکات، لەبارەی هێرشکردنە سەر (ئاسۆس هەردی) و رۆژنامەنووسانی تر لە کوردستان، وەک ئەو دەڵێت "سەرۆکایەتی هەرێم ئیدانەی ئەو هێرشە دەکات کە، کراوەتە سەر (ئاسۆس هەردی) نووسەرو بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاوێنە"، یان "سەرۆکایەتی هەرێم ئیدانەی هەر هێرشێک دەکات، کە دەکرێتە هەر سەر کەسێک لە هەرێم سەرەڕایی بوونی ئینتیمای و جۆری پیشەکەی".

بەبڕوای من لێدوانی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، نەی گەیاندینە ئەو باوەڕەی کە ئەوان دوور و نزیک پەیوەندی باشیان لەگەڵ میدیاکارانی کوردستاندا هەیە یان هاوخەمن و دژایەتی خۆشیان بۆ هێرشکردنە سەر رۆژنامەنووسان دەردەبڕن، چونکە ئەم قسانەی فوئاد حوسێن هیچ شتێک نادات بەدەستەوە تەنیا ئەوە نەبێت وەڵامی (شەرقولئەوسەت) ی دواتەوە، ئەگەرنا خۆ سەرۆکایەتی هەرێم یان سەرۆکی هەرێم راستەوخۆ نەهاتۆتە سەر هێڵ و هەڵوێستی روونیان لەبارەی ئەو هێرش و پەلاماردان و دەستدرێژیانە بخەنەڕوو کە کراونەتە سەر رۆژنامەنووسان و هاوڵاتیانی تر لە هەرێمی کوردستان.

وەک لەسەرەتادا باسمانکرد سەرۆکایەتی هەرێم دەسەڵاتێکی باڵایە لە هەرێمی کوردستاندا، هەر چەندە ئەم سەرۆکایەتیە، بەشی راگەیاندی تێدا هەبووە و جار جارە، بەبێ ئەوەی ناوی کەس بهێنرێت، ماڵپەڕی سەرۆکایەتی هەرێم رایگەیاندووە، کەسێک بەناوی "راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم" لیدوانێکیدا..).

لە کۆتایدا ئەوەی گرنگە بگوترێت، بۆ ئەوەی زیاتر سەرۆکایەتی هەرێم پەیوەندی و هەما هەنگی باش و تۆکمەی هەبێت، لەگەڵ رۆژنامەوانان و راگەیاندنەکاندا، هەروەها گوتەبێژی رەسمیش پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ رۆژنامەنووسان هەبێ و هاوڵاتیانیش لەم نێوەندە سود مەندبن، گرنگە لە ناوخۆی ئەم سەرۆکایەتییەدا دامەزراوەیەکی گرنگ و تۆکمەی راگەیاندن هەبێت، لێرەشدا کەسێکی ئەکتیڤ وەک گوتەبێژی رەسمی بۆ کاروبارەکان دیاری بکرێت. ئەرکی ئەم کەسەش وەک گوتەبێژی رەسمی گەیاندنی هەموو ئەو پەیام و راسپاردانە بێت، کە لەناو سەرۆکایەتی هەرێمەوە دەردەچن، بۆ ئەوەی لە نزیکترین ماوەدا بیگەیەندرێتە راگەیاندنەکان، چونکە رۆژنامەنووسان پێویستیان بەدەستکەوتی زانیارییە بۆ ئەوەی راوبۆچونەکان بگەیەندرێت، بە هاوڵاتیان ئەوەش بەجۆرێک دەبێ کە پێویستە لەسەر راگەیاندن و گوتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێم "بی لایەنانە، شەفافانە، بەرپرسیارانە" و بێ جیاوازی لە نێوان راگەیاندنەکانی تر ئەرکی خۆیان راپەڕێنێت.

دەبێت راگەیاندن و گوتەبێژی ئەم سەرۆکایەتییە هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەکەن، یان بە

خەیاڵیاندا نەیەت پێشبینی ئەوە بکەن، کە ڕۆژنامەوانان و ڕاگەیاندنەکان، بەشان و باڵیاندا بدەن، چونکە لە سروشتی دەوڵەتی پێشکەوتوودا، ڕۆژنامەنووسان تەنیا چاودێری کاروباری دەوڵەت و حکومەت دەکەن، بۆیە لێرەدا وەک بوون و هەستکردن بە ململانێیەکی ئاسایی و دروســـت دەکرێت، لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنی حکومەت، لە هەموو حاڵەتێک ئەرکی ســـەرەکی ڕاگرتنی ئەم باڵانســـی ململانێیەش بەرپرســـیارێتی زیاتر لە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەدایە .

# لەبارەی راگەیاندنی حکومەت

**بەشی دووەم:**

بـــەر لەوەی باس لە پێکهاتە و هەیکەلی راگەیاندنی حکومەت بکەین، پێویســـتە باس لە بوونـــی راگەیاندنێکی رەســـمی حکومەت بکەین، کە بۆ هەرێمی کوردســـتان گرنگە بووە هەبێت، راگەیاندنێک ببێتە هۆی بڵاوکردنەوەی هوشیاری تەندروستی و سەروەری یاسا و ئەو رێنماییانەی کە پەیوەستن بەژیان و ئازادییەکانی مرۆڤەوە، نەک راگەیاندێک بڕوای بە ململانێیەکی تەندروست نەبێ و خۆی ببێتە هۆی چەندین مەبەستی نادروست لای هاوڵاتیان بخولقێنێت.

بەپێچەوانەوە، کۆمەڵگا لەم قوناغەی کە بە قۆناغی سەرەتای بنیاتنانەوەی وڵات دادەنرێت، پێویستمان بە راگەیاندنێکی بە هێز بووە، کە زیاتر گەشە بەبوارە مرۆی و ئینسانییەکان بدرێت، بێگومـــان زەرورەتی راگەیاندنێکی حکومیش، لەوەدایە کە راســـتەوخۆ مەهامی حکومەت بـــە هاوڵاتیان بگەیەنێت، بەپێچەوانەوە لە رێگـــەی هەمان کەناڵیش هاوڵاتیان دەتوانن داخوازی و پێشنیازەکانیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار رەوانە بکەن.

پێشـــتریش پێموابووە، لە ئەنجامی نەبوونی میدیایەکی حکومی، لە نێوان مێدیای ئازاد و بێلایەن و حزبی و ئۆپۆزسیۆنەکاندا وایکردوە، کە رۆڵی حکومەت لە کۆمەڵگادا لاوازبێت، هەروەها لەبەرامبەر حیزب و رێکخراوەکانیشدا، چونکە کاتێک دەڵێم رۆڵی حکومەت لاواز بووە، حزبەکان لە رێگەی رایگەیاندنەوە زیاتر هەیمەنەی خۆیان پیشانداوە، خۆ نمایشکردن و دەرخستنی حزبیش بەشێکی زۆری لە رێگای میدیا و راگەیاندنەوە بووە، واتە مێدیا لە کوردستان زیاتر دابەشبووە، بەسەر چەند بلۆک و مەرجەعێکدا لە نێوان حزبە فەرمانڕەواکان و حزبە ئۆپۆزسیۆنەکاندا، ئەوەی ماوەتەوە، کەم تازۆر هاوسەنگی راگرتوە، چەند میدیایەکی نوسراو و بیستراوبوون، ئەمانەش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

لە هەرێمی کوردســـتان. کەنزیکەی (٧٠٠) کەنـــاڵ و ئۆرگانی جیاجیای راگەیاندن هەیە، بەحوکمی ئەوەی کەمترینیان بێلایەنی و پیشەییانە کاریان کردووە، هەر ئەوەش وایکردووە، بەهۆی ئەوەی حکومەت میدیا و راگەیاندنی تایبەت بەخۆی نەبووە، ئەگەر میدیای ئازاد یان هەر میدیایەکی حیزب دیوە خراپ و کارە ناشرینەکانی دەسەڵات پیشان بدەن، بێگومان زۆر بەکەمی کارە باشەکانی حکومەتیان خستۆتەڕوو یاخوود کەمتر بایەخیان بەلایەنی دەروونی و تێگەیاندنی تاکی کورد داوە، بۆ ئاشنا بوون بە مافە و ئەرکەکانیان، بۆ ئەوەی نەوەیەکی تەندروست بەرهەم بهێنرێت، بەمانایەک لە ماناکان خەڵک لەگەڵ ئەو گەشەسەندن و گۆڕانە نوێیانەی دونیای ئەمڕۆ دانەبڕێن.

باڵا دەستی حیزب و گروپگەلێکی سیاسی لەناو حکومەتدا، بواریان نەداوە بە کەسانێکی

دڵســـۆز حکومەتێکی مەدەنی هاوڵاتی بوونی هەمەلایەن بهێنرێتـــە کایەوە، یان چەمکی هاوڵاتی بوون بکرێتە کارنامەیەکی حکومەت خەڵک هەست بە بێگانە بوونی خۆی بەرامبەر بە وڵات و ئەو خاکەی لە سەری دەژێت نەکات. بۆ ئەوەی بەیەک چاو سەیری هاوڵاتیانی هەرێمی کوردســـتان بکرێت، بەڵام بەداخەوە حیزب سالاری و دەسەڵاتی بنەماڵەی چەند کەسەی ناو حیزبەکان وایکردووە، کە حکومەت حکومەتێکی نا چاک و لاواز بێت، بەسەر رەهەندەکانی تری لەناو ژیانی بەڕێوەبردندا.

ئەگەر ئاوڕیش لە رابردوو بدەینەوە، لە هەموو کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دەســـەڵات میدیایەکی تایبەت بەخۆی نەبـــووە، ئەوەی رۆژانـــە کاروبارەکانی حکومەتی گواســـتۆتەوە، تەنیا راگەیاندنە حیزبییەکان بووە، بێگومان ئەمەش بێلایەن و پیشەییانە نەبـــووە، کاریان تەنیـــا رازاندنەوەو بۆیاخکردنی کارەکانـــی حکومەتی حزبی بووە، نەک بەشـــێوەیەکی هەمەلایەنە باش و خراپی پرۆژەکانی حکومـــەت بخەنەڕوو ئەو مێدیایەش هاوڵاتیان خۆیان تێدا ببیننەوە و قسەیان هەبێت.

کابینەی شەشی حکومەت، کە ماوەی دوو ساڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سەرۆکایەتی کرد هەروەها دوو ساڵەکەی تری کابینەی حەوت کە نێچیرڤان بارزانیش سەرۆکی بوو ئەم دوو کابینەیـــەش لەڕووی راگەیاندنەوە، جیاوازییەکی ئەو تۆیان لەگەڵ کابینەی پێنج یان کابینەکانی دیدا نەبووە، چونکە خاوەن راگەیاندن و کەناڵێکی تایبەت بەخۆیان نەبووە، تا بتوانرێت ببنە بنەمایەک لە نێوان دەسەڵات و هاوڵاتیاندا.

لـــە ماوەی ئەم چوار ســـاڵەی کابینەی شـــەش و حەوتدا، ئـــەو راگەیاندنانەی کە زیاتر کاروبارەکانی حکومەتیان گواستۆتەوە، زیاتر راگەیاندنەکانی یەکێتی نیشتیمانی و پارتی بـــوون، وەک نموونە دەزگای "خەندان"ی ئۆرگانێکی شەخســـی دکتۆر (بەرهەم ســـاڵح) بووە، کە نێچیرڤان بارزانیش دەسەڵاتی گرتەوە دەست دەزگاکانی پارتیش زیاتر رووماڵی ئیشوکارەکانی حکومەت یانکرد، کاری ئەم دەزگاو ئۆرگانانەش ئەستەم بووە، کە رەخنەو گوتارە جیاوازەکانی کۆمەڵگایان گوازتبێتەوە، بگرە تەنیا پیشاندانی دیوە "ئاڵتونیەکە"ی کابینەی شەشی و حەوتی حکومەت بووە، لەبەرامبەردا ناوەندێک بوون، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەی ئەدای حکومەتیان بەلاوە پەسەند نەبووە.

پێشـــتر رەخنەی ئەوەم لێکرا گوایە ئێمە پێویستمان بە مێدیایەکی حکومی نییە چونکە نموونەی مێدیـــای حکومیمان زۆرە، وەک کەناڵی (نـــەورۆز، تەلەفزیۆنی لۆکاڵی هەرێم. گۆڤاری هەرێم) دواتریش تەلەفزیۆنی نەورۆز گۆڕدرا بۆ کەناڵی پەرلەمان و تەنیا رادیۆیەکی مایەوە، ئەم مێدیانەش ئەگەرچی گۆڤاری هەرێم لە کابینەی شەش راگیراوە، بەڵام لەشکرێک کارمەندی حزبی بەدوای خۆیدا بەجێهێشـــت بەبێ ئەوەی هیچ ئەرکێکیان هەبێت، مانگانە لەســـەر داهاتی خەڵک موچەی حکومی لە وەزارەتی رۆشنبیری وەردەگرن. بێشک منیش هـــاوڕام لەگەڵ بۆچوونی هاورێکانم ئەگەر قەرار بێت میدیای حکومی بەو جۆر و ســـتایلە

ئیش بکەن، ئێمە پێویستمان بەم جۆرە مێدیانە نییە کە لەسەر داهاتی گشتی لەشکرێک کارمەندیان بۆ دابین بکرێ و ســالآنەش سەدان ملیۆن دیناریان لەسەر خەرجی گشتی بۆ خەرج بکرێت، بەپێچەوانەوە وەک میدیای دیکتاتۆر خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی دەسەلآتی حزبی بکەن لە کوردستان.

هەر ئەمەش وایکردووە، شێواندنێک هەست پێبکرێت بۆ بێ نرخکردنی میدیا حزب بەکاری خۆی زانیوە، ئەم کولتورەی کارکردنی خۆی لە رەگ و ریشەی حکومەت و دەسەلآتدارێتیدا دابکوتێــت، واتە بە جۆرێک حزبە فەرمانڕەواکان، لەجیاتی پرۆژەی جیاکردنەوەی دین لە دەسەلآت و دوورخستنەوەی مۆرکی حزبی لە حکومەت، ئەوان ئەخلاقیەتێکی بێباکانەیان لە ناو کۆمەڵگادا بەرهەم هێناوە، کارێکی وایان کرد لە رێگەی پارەو پول و سامانی خەڵک خۆشەویستی نیشتیمان و بەرژەوەندی وڵات و نەتەوەیەکی ژێر دەستی دەسەلآتی عەرەب لە عێراق بکەنە قوربانــی بەرژەوەندییەکانی حزب، لای راگەیاندکاری حزبی و ئەوانەی لە ژێر فەرمانی حزبە ناســیۆل و خێڵەکییەکاندا کار دەکــەن، پانتایی کارکردنی مێدیان لە چوارچێوەیەکی سیاســەت و ئەجێندای تەسکی حزبی کۆکردۆتەوە، بەدرێژای کارکردنیان تەنیا دیمەنە جوانەکانی حزب و حکومەتە حزبیەکەیان خستۆتەڕوو ئیدی بەلایانەوە گرنگ نەبووە، لە دەرەوەی بیرکردنەوە و دونیا بینی حزبیدا، هەزاران هاوڵاتی هەبن کە بێبەشکرابن لە ژیانی ئاسایی و مافە پارێزراوەکانی ژیانی رۆژانەیان، لە بەرامبەردا ئەو راگەیاندنەی کە بەناوی حکومی پارەی گشتیان بۆ خەرجکراوە نەیانتوانیوە، جگە لەوەی راستی و دروستی ژیــان خەڵک وەک خۆی بخەنەڕوو. هەروەها بیناکردنەوەی کۆمەڵگەیەکی تەندروســتیش بکاتە بەرنامەی کاری رۆژانەیان کە ئەرکێکی گرنگی مێدیا و راگەیاندنە ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە وڵاتدا. بەبێ دەستێوەردانی شەخسی و حزبی و ئینتیما بگرێتە ئەستۆ.

# وتەبێژی ڕەسمی حکومەت

کابینە یەک لە دوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، درێژکراوەی یەک سیستەمی بەڕێوەبــردن بــوون، گومانی تێدا نییە یەک ئەجێنداشــیان هەبــووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەردوو حیزبە دەســەڵاتدارەکە لەسەر یەک بنەماو سیستەم و دیسپلین کاریان کردووە، لەو ڕووەی گریمانەی ئەوان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی حیزب سالاری بووە، بە خەون بینینیان بەئیدارەیەکەی لەو شێوەی کە ئێستا هەیە، ساڵانێک درێژەیان بەم جۆرە حوکمەش داوە و ڕێگریشیانکردووە، لە ئاست دروستبوونی ژینگەیەک کە ململانێیەکی نوێی مەدەنیانە لە کوردســتان هەبێت، هەر ئــەوەش وایکردووە، حکومەت حکومەتێکی هەموو هاوڵاتیانی کوردستان نەبێت.

کاتێک کە دەڵێم پێویستە حکومەتێکی هەمەلایەنی هاوبەش لە کوردستان بوونی هەبێت، مەبەســت لێی ئەوە نییە لەحاڵی حازردا حکومەت نییە، بەڵام بوونی ئەو حکومەتەی کە ساڵانێکە هەیە ئەستەمە خەڵکی کوردستان، بە باوک و چاوساغی خۆیانی دابنێن و هەست بــەوە بکەن، حکومەت ماڵێکە دەتوانن ڕووی لێ بکەن، یان مافی بوونی ژیانێکی ئازاد و ســەربەخۆیان هەبێت، لە سێبەری دەسەڵاتێکی وەها بۆ ئەوەی وەک هەر هاوڵاتیەکی تر ئاسودەبن.

لە ڕاســتیدا، کەم بابەت هەیە هێندەی هاوڵاتی بوون و ئازادی ئینسان گرنگە بێگومان تا پرسی هاوڵاتی بوون و ئازادی ئینسانیش پارێز ڕاو نەبێت، ئەوا پێویستە هێشتا زووە لە کۆمەڵگا قسە لەسەر ڕەهەندەکانی تری ژیان بکرێت، بۆیە قابیلی ئەوەیە زیاتر قسە لەسەر پرسی ئازادی بەتایبەتی پێگەی هاوڵاتی بوون لەناو کایەی حکومڕانیدا بکەین، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا ڕوخســاری ڕاگەیاندن و کاروباری وتەبێژی حکومەت دەخەینەڕوو لەبەر ئەوە ناڵێین کە حکومەتی هەرێم وتەبێژی نەبووە یان نییەتی، بەڵام وتەبێژی حکومەت لە ڕابردوو هەروەها لە هەمانکاتی ئێستاشدا بەتایبەتی لە کابینەی شەش و حەوت، حکومەتی هەرێم گوتەبێژی تایبەت بەخۆی هەبووە.

بــەڵام وتەبێژێکی هێندە ســەرقاڵ و پڕئیش بووە، هەندێ جار بیــری لای ڕۆژنامەوانان نەماوە، بەپێچەوانەوە، ڕۆژنامەوانان توانای زانیاری و پشتڕاســتکردنەوەی هەواڵەکانیان لێ بووە، بە کۆســپێکی گەورە زۆرجار نەیانتوانیوە، ئیشوکارەکانیان بە باشی ڕاپەڕێنن، وەک نموونە کێشــەی هەناردەکردنی نەوت کە لە ڕۆژانی ١٠ و ١١ی مانگی ئەیلولی ٢٠١١ لەلایەن حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی ناوەند سەری هەڵدا، لەو کاتەدا زۆر بەڕاشکاوانە و ئاشکرا بەرپرسانی بەغدا لێدوانی جۆراوجۆریان دەرکرد بەتایبەتی (حسێن شەهرستانی)

جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری وزە، بەڵام بۆ وەرگرتنی بۆچوونی بەرپرسانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وتەبێژی حکومەتی هەرێم ئەوان بەڕووی ڕاگەیاندنەکانی هەرێمدا دەرگایان لەسەر خۆیان قوفڵدابوو.

حکومەتی هەرێم، لە هەردوو کابینە دووساڵیەکەدا دکتۆر (کاوە مەحمود) وەک وتەبێژی رەسمی حکومەت کاریکرد، بەڵام ئەو لە یەک کاتدا پۆستی وتەبێژی رەسمی هەبووە، هەروەها وەزیری رۆشنبیری و لاوانیش بووە، جگە لەوەی چەندین جار بە وەکالەت و بەشێوەیەکی کاتی وەزیری وەزارەتی دیکەش بووە، هەر بۆیە رۆژنامەنووسان شایەتی ئەوە دەدەن، کە وتەبێژی حکومەت کەمترین کاتی هەبووە، وەک پێویست وەڵامی پەیوەندییەکانی رۆژنامەنووسان بداتەوە، ئەوەش وایکردوە، بوونی ئەو پۆستانەی کە دراون، بە وتەبێژی رەسمی حکومەت لەو چەند ساڵەدا، راستەوخۆ کاریگەری خراپ بکەنە سەر پەیوەندیەکانی نێوان رۆژنامەوانان و حکومەت، بێگومان ئەمەش رەنگدانەوەی نێگەتێڤی هەبووە بۆ سەر کاری حکومەت و ئەو زانیارانەش ئاشکرا نەکراون، کە رۆژنامە و راگەیاندکاران ویستویانە بۆ ئەوەی بتوانن بە هاوڵاتیانی بگەیەنن، چونکە وتەبێژ زۆرجار بەهۆی سەرقاڵیەوە نەیتوانیوە، وەڵام بە پەیوەندیەکانی راگەیاندنەکان بداتەوە.

# سکرتێری ڕۆژنامەوانی سەرۆکی حکومەت

**بەشی سێیەم:**
ئەرکی سەرەکی ڕوونکردنەوەی ئیشـــوکاری بەرنامە سەرەکییە حکومییەکان، بەتایبەتی سەرۆکی حکومەت، دەکەوێتە ئەستۆی سکرتێری ڕۆژنامەوانی، لە حاڵەتێکدا نا کە حکومەت سکرتێری ڕۆژنامەوانی نەبوو، بەڵام ئەو کاتە ڕوونکردنەوەکان لەسەر ئیشوکارەکانی حکومەت زیاتر لە ئەستۆی گوتەبێژی ڕەسمی و ڕاگەیاندنەکانی تری سەربە وەزارەتەکانە.
حکومەتی هەرێم بەتایبەت کابینەی شەش و حەوت، جگە لە گوتەبێژی ڕەسمی، هاوکات ســـەرۆکی حکومەتیش ســـکرتێری ڕۆژنامەنووســـیان بۆ خۆیان داناوە، من نازانم تاچەند سکرتێری ڕۆژنامەوانی حکومەت بەردەوام زانیاری دروستی لە بارەی کاروبارەکانی حکومەت هەبووە، یان ڕۆژانە چەند کاتژمێرێکی تەرخانکردووە، بۆ ئەوەی لە تەواوی کاروبارەکارەکانی حکومەت بە ئاگابێ و دواتر لەڕێگەی ئەو بەئاگابوون و زانیارییانەی خۆیەوە، لە بەرامبەر پرسیاری ڕۆژنامەنووسان ڕوونکردنەوە، لەسەر ئیشوکارەکانی حکومەت بخاتەڕوو، چونکە ئەرکی ســـکرتێری ڕۆژنامەوانـــی ئەوەیە کە جیا لەوەی دەبێت زانیـــاری تەواوی لەبارەی حکومەتەوە هەبـــێ، هەروەها دەبێت پەیوەندییەکی توندوتۆڵیشـــی لەگەڵ ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندن دروست بکات.
ئەوەی گرنگە کە سکرتێری ڕۆژنامەوانی حکومەت ئەوەیە ئەنجامی بدات، بۆنموونە لەکاتی سازکردنی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی سەرۆکی حکومەت، هەروەها ئەو مەسەلانەی حکومەت خۆی بۆ ئامادە دەکات، وەک ئامادەکاری بۆ ســـازدانی کۆنفرانس و کردنەوەی پێشانگای ناوخـــۆی و نێودەوڵەتییـــەکان، یاخود هاتنی وەفدی وڵاتانی دەرەوە، بۆ کوردســـتان و بەپێچەوانەوە، سەردانی وەفدی حکومی و سەرۆکایەتی حکومەت و وەزیرەکان بۆ وڵاتانی دەرەوە.
بۆ ئەمەش ئەرکی ســـکرتێری ڕۆژنامەوانییە ئامانجی ســـەردانی هـــەردوولا بخاتەڕوو یان کاری کۆڕ و کۆنفرانس و کۆنگرەکان، لەم کاتەدا پێویســـتە لەسەر سکرتێری ڕۆژنامەوانی سەرۆکی حکومەت، ژمارە تەلەفۆن و ئیمێل و ئامێرەکانی تری پەیوەندی بەکار بێنێت، بۆ پەیوەندییەکانی لە بانگهێشتکردنی ڕۆژنامەنووسان، بەبێ جیاوازی ئینتیمانی حزبی و دینی و ناوچەیی.
بێگومان ئەگەر ئەمە ئەرک و کاری سکرتێری ڕۆژنامەنووسی سەرۆکی حکومەت بێت، ئەو نەک بەئەرکی خۆی هەڵنەســـاوە، بگرە زۆرجاریش کەمتەرخەمی کردووە، لە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتەی پێدراوە، وەک ســـکرتێری ڕۆژنامەنووسی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، خۆ

ئەگەر ســـکرتێری رۆژنامەوانی سەرۆک وەزیرانی هەرێم وەڵامی ئەوەبێت، کە ئەو بەئەرکی خۆی هەســـتاوە، زۆرجار لە مێدیاکاندا دەرکەوتووە، رۆژنامەنووسانیشی بێبەش نەکردوە، لە بانگهێشتکردنیان بۆ گۆنگرە و کۆنفرانسەکان، بەڵام لە راستیدا ئەوەی کە بینیومانە لە ســـکرتێری رۆژنامەوانی سەرۆکی حکومەت، بە تایبەت لە کابینەی شەش زیاتر ئەوکاتانە بینراوە، سەرۆکی حکومەت لە پێشوازی میوانەکانیدا بووە، کاتێکیش کە لەسەرخەت بووە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو راگەیاندنانە بووە، کە لە بەرژەوەندی یەکێتی نیشتیمانی و کابینەی شەشـــدا قسەیان نەکردووە، بۆ سەلماندنی قســـەکانم نموونەی زۆرمان لەبەر دەستە خۆ ئەگەر نموونەی دوو ڕووداو بهێنینەوە، کە لە هەرێمی کوردستان روویانداوە دواتر زۆرترین دەنگدانەوەیان هەبووە، بەڵام لە کۆی ئەم رووداوانە دەرکەوت، کە راگەیاندن و ســـکرتێری رۆژنامەوانی ســـەرۆکی حکومەت. نەیانتوانی بێلایەنانە مامەڵە بکەن لەکاتی روونکردنەوە لەسەر رووداوەکان.

رۆژی (٢٠١٠/٥/٦) تەرمی قوتابی و رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) بە تیرۆرکراوی لە شاری موسڵ دەدۆزرێتەوە، دوا بەدوای ئاشکرابوون و گەڕانەوەی تەرمی سەردەشت عوسمان بە تیرۆرکراوی نەک لە ناوخۆی هەرێم بگرە لە وڵاتانی دەرەوەش ناڕەزای و خۆپیشـــاندان و هەڵوێستی جیاجیای بەخۆوە بینی، چەندین مانگ بەر لە ئاشکراکردنی چۆنێتی کوژرانی سەردەشـــت کە بەداخەوە، زانیارییەکانی ئاسایشی پارتی هێندەی تر خەڵکی کوردستانی بێ ئومێد کرد، بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی رۆژنامەنووســـان لە بارەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، بە هیچ جۆرێک سکرتێری رۆژنامەوانی سەرۆک وەزیران لێدوان و روونکردنەوەی نەدا بەوەڵامی پرسیارەکانی رۆژنامەوانان.

بەڵام لە (٢٠١١/٨/٢٩) کە هێرش کرایە سەر ئاسۆس هەردی، رۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاوێنە، بەپێچەوانەی رووداوی کوشتنی (سەردەشت عوسمان) لەبارەی هێرشکردنە سەر (ئاسۆس هەردی) راستەوخۆ راگەیاندنی سەرۆکی حکومەت، هاتە سەرخەت و پەیامی دکتۆر (بەرهەم ســـاڵح)ی وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێم، گەیاندە کەسوکاری ئاسۆس و روونکردنەوەی دا بە رۆژنامەنووسان.

لەراستیدا، روونکردنەوەی راگەیاندنی سەرۆکی حکومەت و راوێژکارەکەی، لەبارەی (ئاسۆس هەردی) و بێدەنگبوونی هەمان راگەیاندن لەســـەر کەیســـی (سەردەشت عوسمان)، نەک کەمتەرخەمی ئەم دەزگایە بەناو سەر بەحکومەت دەرخست، بەڵکو ئەوەی بیرهێنایینەوە، کە ئەم دامەزراوەیە کە ناوی حکومەتە یەکێتی نیشتیمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئیدیعای دامەزراوەیەکی نیشتیمانی بۆ دەکەن، ئەو جیاکارییە دەیسەلمێنێت کە حکومەت دامەزراوەیەکـــی حزبیەو هەر یەکە لەم دووحزبەش بەپێی کارکردنیان هێشـــتا ســـنووری رێکەوتنی ستراتیژی ئاشتەواییان تێپەڕی نەکردوە.

لەگـــەڵ هەموو جێبەجێکردنـــی ئەجێندای حزب، هەمووان بـــاش دەزانین کە لە هەرێمی

کوردستان دامەزراوەکان، شکڵێکی شارەزاییان لە کاروبارەکانی خۆیاندا وەرنەگرتوە، هەر لە بەرەوپێشبردنی پرۆفیشناڵانەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم، تا ڕاگەیاندنی حکومەتیش، وەک نەبوونی ستافێکی بەتواناو و بوونی بەکارهێنانی مۆدێلی سیستەمێکی نوێ لە کارکردن، لە ڕێگەی تیمی تەکنیکی ناشارەزا، بەڵام بەهۆی نەبوونی ستراتیژیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو لەکارکردن و دروستکردنی پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان خۆیان و ڕۆژنامەنووساندا، زیاتر دەری خست، کە هێشتا ئەم دامەزراوانە پێویستیان بەوەیە گۆڕانکاریان تێدا بکرێت.
هەر بۆیە نابێت دەسەڵات تەنیا شانازی بەوەوە بکات، کە بڵێت لە هەرێمی کوردستان بەسەدان بڵاوکراوە و ئۆرگانی بینراو بیسترا و خوێنراو هەن، بگرە بوونی بڵاوکراوە و کاری مێدیای گرێ دراوە، بەئازادی تری کۆمەڵگاوە، بەڵام هێشتا دەرفەتی لەبار نەڕەخساوە بۆ کۆمەڵگا کە ئازاد بن، یان ئەو ڕێوشوێنانەی پێویستن نەگیراونەتە بەر بەهەرحاڵ ئەمە مەسەلەیەکی ترە، بەڵام پێویستە دەسەڵات لەوە تێ بگات، کە مافی دەستکەوتنی زانیاری و پشتکردن لە مێدیا کوردییەکان، هەروەها بایکۆتکردنی زۆرێک لە مێدیاکانی دەرەوەی حزبی دەسەڵات، لە کۆنفرانس و کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان، یان جیاکردنەوەی ڕووداوەکان لە نێوان سلێمانی و هەولێردا، ئەمە سەرەڕایی ئەوەی پێشێلکردنی ئازادی ڕۆژنامەوانیە، لەو چەند ساڵە کە پارتی و یەکێتی کارییان لەسەری کردوە، لەگەڵ ئەوەش دەری دەخات یەک حکومەت و یەک ئیدارەی دیاریکراو لە کوردستان بوونی نەبووە، سنووری هەر یەکە لە دەسەڵاتەکانی پارتی و یەکێتی لە نێوان هەولێر و سلێمانیدا بۆ یەکتری دیاریکراوە، دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە ئازادی ڕۆژنامەگەری زۆر لەوە فراوانتر و بە گرنگترە کە دەسەڵاتداران لە هەرێمی کوردستان لێی تێیگەیشت، وەک نموونە ئەگەر هاتوو ڕۆژنامەنووس نەتوانێت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئۆفیسی سەرۆک حکومەت، یان سەرۆکی هەرێم بکات، بۆ زانین و پشتڕاستکردنەوەی هەواڵێک، مانای وایە ئازادی نییە.
سەبارەت بە ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان بێگومان جگە لە گوتەبێژی حکومەت و سکرتێری ڕۆژنامەوانی سەرۆکی حکومەت، هەموو وەزارەتەکان ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆیان هەبووە، بۆ هەر بەشێکی ڕاگەیاندن لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمدا، لە ٥ فەرمانبەر تا ١٤ فەرمانبەریان بۆ دامەزرێنراوە، بەناوی ڕاگەیاندن لە وەزارەتەکانی حکومەت کاریانکردووە، جگە لە ڕاگەیاندنی دەستەی مافی مرۆڤ و ژینگە و دەستەی ژنان.
ڕۆڵی زۆرێک لە ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان، بەتایبەتی وەزارەتی (ناوخۆ، سامانە سروشتییەکان، پلاندانان، ڕۆشنبیری، کشتوکاڵ، شارەوانی و گەشتوگوزار، کاروباری کۆمەڵایەتی) ڕاگەیاندنی ئەم وەزارەتانە، هاوشێوەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتیش، لە بەرامبەر دەستکەوتی زانیاری بە ڕۆژنامەنووسان یان بۆ دروستکردنی کۆنتاک و پەیوەندییەکانیان، لەگەڵ ڕۆژنامەوانانـدا تا ڕادەیەکی زۆر غیابوون، لەو ڕووەی کە نەیانتوانیوە ڕۆڵی سەرەکی خۆیان بگێڕن. بەتایبەتی لە بارەی پێدانی زانیاری بەڕۆژنامەنووسان، یاخوود

بانگهێشتکردنیان بۆ هەموو کۆنگرەکان بەبێ جیاوازی.
ئەگەر نموونەی خاڵی دووهەم بێنینەوە، لە ماددەی دووەمی یاسایی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان، کە پەرلەمان دەنگی لەسەر داوە، هاتووە "رۆژنامەنووس بۆی هەیە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە، هەر زانیارییەک کە بایەخی بۆ هاوڵاتیان هەبێ و پەیوەندییان بە بەرژەوەندی گشتیەوە بێ وەدەست بێنێ بەپێی یاسا".
کاتێک یاسایی رۆژنامەگەری باس لەوە دەکات، کە رۆژنامەنووس بۆی هەیە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە، زانیاری وەربگرێ و لە بۆنەو مەراسیمە گشتییەکانی دەوڵەتدا دەبێ بەشدارییان پێ بکرێت، مەبەست لێی ئەم یاسایە هۆشداریدانە بە دەزگا پەیوەندیدارەکان، کۆتای هێنانە بەو جیاکاری و بەربەستانەی کە هەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان بایکۆتی زانیاری دانیان بە رۆژنامەنووسان راگەیاندووە، بە ئاشکراش جیاوازی لە نێوان رۆژنامەنووسانی حزبی دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵاتدا دەکەن، بۆیە دەری دەخات کە دەزگاکانی حکومەت ئەو یاسایانەی کە پەرلەمان دەنگی لەسەر داون، جێبەجێیان نەکردووە. بەدڵنیاییەوە بایکۆتکردنی رۆژنامەنووسان و بانگهێشت نەکردنیان بۆ کۆنگرە رۆژنامەنووسی و کۆبوونەوەکان، لە لایەن دەسەڵات، یان راگەیاندنی دامەزراوە حکومییەکانی تر، دەری دەخات، کە ئەوان دەیانەوێ شکست بە پەیامی رۆژنامەوانانن بێنن، چونکە رۆژنامەنووسان لە جیاتی هاوڵاتیان رۆڵی چاودێر دەبینن بەسەر کاروباری حکومەت و دەسەڵاتەوە، بۆیە دەسەڵاتیش دیوارێکی بەردینی بە دەووری خۆیدا هەڵچنیوە و رۆژنامەنووسان بایکۆت دەکات، ئەمەش پێچەوانەی کاری رۆژنامەگەری ئازادە کە بەپێی بەڵێننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، ساڵی "١٩٥٤" هەموارکراوە، هەروەها لە خاڵی یەکەمی ماددەی دووەمی یاسایی کاری رۆژنامەگەری کوردستانیشدا، ئاماژە بەهەمان بەڵێننامەی فیدراسیۆن کراوە.

**بەشی یەکەم: لە رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٧٦٣) چوار شەممە (٢٠١١/٩/٧) بڵاوکراوەتەوە.**
**بەشی دووەم: لە رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٧٧٢) چوار شەممە (٢٠١١/١٠/٩) بڵاوکراوەتەوە.**
**بەشی سێیەم: لە رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٧٧٣) یەک شەممە (٢٠١١/١٠/١٢) بڵاوکراوەتەوە.**

# پەرلەمان و رۆژنامەنووسان

لەدوای هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥) کوردستانیان لە باشوری کوردستان، چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد، چیتر ئەو دەسەڵاتەی لە رابردوودا کە بێباک و گوێنەگر بوو ئیدی وەک پێشتر نامێنێتەوە، ئەمەش لە هەستکردنیەتی بە هەبوونی رەقیب و چاودێرێک بەسەر ئیشوکارەکانیەوە، چونکە دوو هێزی ئیسلامی و هێزێکی وەک بزووتنەوەی گۆڕان، رێبەر و نوێنەرایەتی رەوتێکی سیاسی ئۆپۆزسیۆن دەکەن لەناو پەرلەماندا، وەک رەقیبێکی بەهێزیش دەبنە چاودێرێک بە سەر دەسەڵاتی چاودێر و جێبەجێکار. ئاشکرایە کە سیستەمی سیاسی حزبی لە کوردستان، ساڵانێکە وەک هەر ئەو دەسەڵاتانەی کە هەژموونی ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەی حزبی یان دینی و قەومی و نەتەوەییان بەسەرەوە زاڵە سیاسەتی خۆیان بەسەر ژیانی خەڵک سەپاندووە، بە جۆرێک توانیویانە بەڕادەیەکی باش لە پرۆژەکانیان سەرکەوتووبن، لەوەی کە ئیرادەی بەهێزی کۆمەڵگا بێدەنگ بکەن.

هەرچەندە لە خوولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، ئۆپۆزسیۆن هەیە و تاڕادەیەکی زۆریش وەک دەزگایەکی یاسا دانان و چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتی هەرێم جیاوازییەک لە کاری پەرلەمانی بەراورد بە خوولی دووەم و خولەکانی تری پەرلەمان گۆڕانکاری نەوعی و جێگۆڕکێی بەخۆوە بینوە، بەڵام لە راستیدا ئەوەی پەیوەندی بەکاروباری رۆژنامەنووسی و مافەکانی رۆژنامەنووسانەوە هەبووە، پەرلەمان لە ماوەی ئەم خوولەشدا هەنگاوێکی وای نەناوە، کە مێدیاکاران هەست بەوە بکەن، لە پاڵ خەمخۆری بەشێک لە رێکخراوە بیانییەکان و چاودێر و رۆشنبیراندا، پەرلەمانیش وەک هاوکارێک یان وەک دەزگایەکی تر چاودێر بێت، بۆ ئەوەی ساڵ لە دوای ساڵ رەوشی کارکردن و مافەکانی رۆژنامەنووسان بە ئاراستەیەکی باشتر هەنگاو بنێت.

ئاماری پێشێلکارییەکان، بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان لە کوردستان، پێماندەڵێت: ساڵی (٢٠١١) ساڵی شووم و ساڵی نەهات بووە بۆ رۆژنامەنووسان و مێدیاکاران، چونکە بەگوێرەی راپۆرتێکی سەنتەری (میترۆ) لە ١٢ مانگی ساڵی (٢٠١١) (٣٥٨) سێ سەد و پەنجاو هەشت، حاڵەتی پێشێلکاریی بەرامبەر بەرۆژنامەنووسان ئەنجام دراون، هەر لە برینداربوونی رۆژنامەنووس، بە فیشەک و حاڵەتی سوتاندن و تێکدانی نووسینگەو کەناڵی راگەیاندن، هەتا بەلێدان و هەڕەشەکردن و دەستگیرکردن و دەست بەسەرکردنی رۆژنامەنووسان، لەو راپۆرتەدا زۆر حاڵەتی تریش خراوەتەڕوو کە لە ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی کوردستان، بەئاشکرا پێشێلکاری بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان کراوە.

لەلایەکی تر سەندیکای رۆژنامەنووسانیش رایگەیاند، لە هەمان ساڵدا (٢٩١) حاڵەتی

پێشـــێلکاری جۆراو جۆر تۆمار کـــراوە، ئەم ئامار و رووداوانە پێمـــان دەڵێن دەخوازێت بڵێین رەوشی رۆژنامەگەری بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی ساڵانی رابردو خراپترە بووە، بە جۆرێک دەتوانین ساڵی (٢٠١١) بە ساڵی نەهات ناوزەد بکەین، بۆ رۆژنامەنووسان، چونکە ژمارەی پێشێلکارییەکان لەبارەی رەوشی رۆژنامەنووسی زۆر مەترسی دار بووە.

ئەوەی پەیوەندی بە حکومەت و پەرلەمانەوە هەیە ئایا حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، لەبەرامبەر ئەم ساڵە پڕ لە ناخۆشی و شومە بۆ رۆژنامەنووسان، ئەوان هەڵوێستیان چی بووە؟ یاخوود بەجۆرێکی تر ئەوان چ ئیجرائات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچونێکیان کردووە، لەسەر ئەم پرسە هەستیارە؟

لەگەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێ پەی بەو هەقیقەتە ببەین، کە بەئەندازیەکی زۆر حکومەت لە بەرامبەر ئەم پێشـــێلکاریانەدا کەمتەرخەم بووە، چونکە مەسەلەی لێدان و سوکایەتی پێکردن بە رۆژنامەنووسان، کار بەدەستانی حکومەت خۆیان لەهەموو کەس باشـــتر دەزانن، کێ بوون ئەو کەسانەی کە بەشـــداریان لەو رەشبگیری و پەلاماردانانەی رۆژنامەنووساندا کردووە؟ حکومەت و دەسەڵاتدارانی هەرێم لە بیریان چووە کە لە هەولێر لەکاتی گرد بوونەوە و خۆپیشـــاندنەکان هێزە ئەمنیەکان لەگـــەڵ هێزەکانی زێرەڤانی و هەندێ هێزی تر جوڵەیان پێکرا، هەروەها لە ســـلێمانیش هاوشـــێوەی دەسەڵاتی زەرد لە هەولێر هێزەکانی پێشـــمەرگەو ئاســـایش و گروپە ئەمنیەکانیان بۆ لێدان و سوکایەت و دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسان بەکار هێنا و رۆڵی سەرەکیان بینیوە.

بەداخـــەوە، یەکێک لە دەرئەنجامە ترســـناکەکانی شـــێوازی بەڕێوەبردنی حکومڕانی لە کوردســـتان وابووە کەئەم دەزگاو دامەزراوانەی ســـاڵانێکە میزانییە و ئیمتیازی تایبەتی و پاڵپشـــتی مادیان لە حکومەتەوە بۆ خەرجکراوە، بەپێچەوانەی ئەرکەکانیان ئەوان هێندە لە خزمەتی حزب و بە ئەجێندای گروپگەلێکی ناو حزبە دەســـەڵاتدارەکان کاریان کردووە، نەیانتوانیوە بە ئەخلاقی پیشـــەی و وەک دەزگایەکی نیشتیمانی پارێزگاری لە ناسنامەی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی چیتر چەمکی بێ ڕێزیکردن بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان و هاوڵاتی بوون، نەبێتە شتێکی ئاسایی لایان.

وەک وتمان ئەم رووداوانە و کەمتەرخەمی دەســـەڵاتی حکومەت یاخوود لێ پرسینەوە لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە دەوریان هەبووە لەو پێشێلکارییانە، وەک دەزگایەکی چاودێری حکومەت، بەڵام وەک لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکار هەمووی لە ئەستۆی پەرلەمانە پرســـیارەکە روبەڕووی پەرلەمـــان دەکرێتەوە، چونکە بەوپێیەی پەرلەمانی کوردســـتان ئۆپۆزســـیۆنی تێدایە زیاتر چالاکتر بووە، لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن. بەڵام بەپێچەوانەی هەموو چاوەڕوانییەکان لە پەرلەمانی ئۆپۆزسیۆندار رەنگە کەم تازۆر ناڕەزای و هەڵوێست هەبووبێت، لە لایەن هەندێ لە پەرلەمانتارانەوە، بەڵام بەگشتی ئەوانیش لە ماوەی خوولی سێیەمی بەشـــێوەیەکی هەمە لایەنە پرۆژەیەکی رۆشن و هاوبەشمان لەبارەی هەموو ئەو

پێشێلکاری و بەر بەستانەی هاتوونەتە بەردەم کاری مێدیا و رۆژنامەنووسان نەمان بینیوە، دژ بە دەسەڵات بخرێتە بەر باس و هیچ نەبێ لەسەر ئەو پێشێلکارییانە کۆدەنگیەک هەبێت بۆ بانگهێشتکردنی لایەنی جێبەجێکار بۆ پەرلەمان.

لەگەڵ هەموو ئەمانە بەپێچەوانەوە، ئەدای پەرلەمان بەهۆی سەرۆکایەتییە حزبیەکەی زۆر زۆر خراپ بووە، بەرامبەر بەرۆژنامەنووسـان، بۆ سانسۆر خستنە سەر کاری رۆژنامەوانی و گەیاندنی زانیارییەکان لە لایەن رۆژنامەنووسـانەوە بۆ هاوڵاتیان وەک نموونە، سـەرەتا بڕیارێکی سـەرۆکایەتی پەرلەمان لەوەوە دەستی پێکرد کە لە پرسگە بەشێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو رێگە لە هاتوچۆکردنی رۆژنامەنووس و راگەیاندکاران گیرا، هەر لە دروستکردن و بوونی رۆتینێکی بێکەڵک کە زۆرجار پاسـەوانەکانی پەرلەمان و بەرپرسانی پرسگەش هێندە بەگران و رەق مامەڵەیان لەگەڵ رۆژنامەنووسان کردووە، ئەوان بێزار و دڵگران بوون، کە بەهۆی ئەو رۆتینات و نەبوونی هاوکاری و هەما هەنگییەی بڕیارەکانی سـەرۆکایەتی پەرلەمان، گرفتیان بۆ دروست بووە، خۆ ئەگەر ئەو کەسانەی کە بڕیاری سانسۆر و سەر ئێشە دەر دەکەن، بۆ بەردەم کاری مێدیا و رۆژنامەنووسی پێیان وایە خاوەن وەڵامن بۆ ئەو کەسانەی کە رەخنەیان لێ دەگرێت، پێویستە لە بیریان بێت، یان لەوەباش تێبگەن، کە یەکێک لە ئەرکەکانی کاری رۆژنامەنووسی و بەجێگەیاندنی کارەکانی ئەوان گواستنەوەی زانیارییەکانی دەسەڵاتی یاسا دانان و ئاشکراکردنی رووداوەکانی دیوی ناوەوەی پەرلەمانە بۆ هاوڵاتیان.

دوا بەدوای بەردوامی ئەو شـەپۆلەی لە زیادکردنی سانسـۆر و دروستکردنی بەر بەست، لەکاتی سـەردانیکردنی رۆژنامەنووسـان، بۆ چوونە ناو پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە کردنەوەی دانیشتنەکانی خوولی گرێدانی دووەم لە ساڵی دووەم، لە خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، کە رۆژی (٤ی ئازاری، (٢٠١١) بوو دکتۆر (کەمال کەرکوکی) بە پەرلەمانتارانی رایگەیاند: بە بۆنەی دەسـتپێکردنی خوولی گرێدانی دووەم، لە سـاڵی دووەم لە خوولی هەڵبژاردنی سـێیەمی پەرلەمانی کوردستان، لەسـەرەتای کردنەوەی ئەم دانیشـتنەدا "حەز دەکەم موژدەی ئەوەتان پێبدەم" کە هەر ئەمڕۆ پەخشـی ئەزموونی کەناڵی ئاسمانی پەرلەمانی کوردستان، لەگەل کردنەوەی ئەم دانیشتنە دەستی پێکرد، دواتر بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئەم دانیشتنە لە کەناڵی ئاسمانی پەرلەمانی کوردسـتان لەهەردوو کۆمەلەی نایلسات و عەرەبسات بەشێوەیەکی تەجریبی پەخش دەکرێت.

لە سەروبەندی ئەو راگەیاندنەی سەرۆکی پەرلەمان، ئیدی هاتن و چوونە ناوەوەی رۆژنامەنووسان بۆ ناو هۆڵی دانیشتنەکانی پەرلەمان قەدەغەکرا، دواتر بڕیارەکەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ناڕەزاییەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام وەک پیشەی هەمیشەی هەموو دەسەڵاتدارێکی گوێنەگر سەرۆکایەتی پەرلەمان رەخنە و پێشنیاز و داواکارییەکانی رۆژنامەنووسان و زۆرێک

لە پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆنیشی بەهەند وەرنەگرت، ئەمەش لەجیاتی ئەو چاوەڕوانییەی کە بۆ خوولی ســێیەمی پەرلەمان وێنەمان بۆی کێشابوو بەلای رۆژنامەنووسان پێچەوانە بوویەوە.

چونکە پەرلەمان زیاتر لە جاران دەرگاکانی بەڕووی راگەیاندنەکان داخست. هەرگچیز ئەوە بەخەیاڵی رۆژنامەنووســـان نەدەهات. هەر ئەوەش وایکرد ئەو تایبەتمەندی و گەشەکردنی دەرفەتی ئیشـــکردنە لە پەرلەمان زیاتر بەر تەســـک ببێتەوە، کە بە داخەوە دەبێت مێدیا و رۆژنامەنووســـان لە ژێر چاودێری و پشـــکنینێکی توندی ئەمنیدا تێپڕن، ئەم رێوشوێنە توندانەی پەرلەمانیش هەنگاوەکانی بەرەو بەر تەســـک بوونەوەی کاری مێدیای لە رێگەی رۆتینـــات و بیانووی ناو بەناو پێمان دەڵێت: ئەو عەقڵیەت و سیاســـەتەی کە داموزدەگا ئیداریی و یاســـایی و ئەمنییەکان بەڕێوە دەبەن، بەپێچەوانەی دەسەڵاتی چاودێری کردن بووە.

هەر لەخوولی سێیەمدا، دوا بەدوای گۆڕینی کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمان ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ بەسەر رێوشوێنە ئەمنییەکان بەرامبەر رۆژنامەنووسان لە پەرلەمان هیچ گۆڕانکارییەکی بەخۆوە نەبینی، بگرە هەمان ســـیناریۆش دووبارە بوویەوە، وەک ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە لە ئەرســـەلان بایز سەرۆکی نوێی پەرلەمان دەکرا، ئەو کۆتووبەندانەی سەرۆکی پێشوتری پەرلەمان بۆ رۆژنامەنووسانی دانابوو هەڵ بگرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە وا دەرکەوت فشارەکان بۆ ســـەر رۆژنامەنووسان بەردەوامن ، چونکە دوای ئەوەی پرۆژە یاسای بودجەی (٢٠١٢) ی هەرێمی کوردستان، رۆیشتە پەرلەمان لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پرۆژەیە، رێگە بەرۆژنامەنووســـان نەدرا، کە لەو ژوورەی بۆیان دیـــاری کراو بوو، ئەوان کامێراو ریکۆدەر بەکار بهێنن.

وەک ئەوەی لـــە (٢٠١٢/٦/١٢) روویدا، کاتێک کە ســـەرجەم نوێنەری راگەیاندنەکان لە شـــوێنی خۆیان لە نـــاو پەرلەمان چاوەڕوانی گفتوگۆکانی پەرلەمان بوون لەســـەر پرۆژە پێشـــنیازکراوی بوودجەی هەرێمی کوردستان. بەڵام راگەیاندنی سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ چەند کاتژمێرێک رێگریکرد لە رۆژنامەنووسان بەبیانووی جۆراو جۆر شاشەی ئەو تەلەفزیۆنە بەکار بێنن، هەر بۆیە تا دوای نیو ســـەعات لە دانیشتنەکانی پەرلەمان، تا ئەوکاتەی کە رۆژنامەنووســـان کامێراکانیان لە ژوور بردە دەرەوە، دوای ئـــەوەش هەڵمەتێکی ناڕەزای لەلایەن رۆژنامەنووسان و چاودێرانی مێدیاش دژ بەو بڕیارە راگەیەندرا.

دواتر هەرچەندە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەبێ روونکردنەوە، لەو بڕیارەی پەشیمان بوویەوە، بەڵام هەر یەکە لە ســـەنتەری "میترۆ و رێکخراوی زار" بۆ بەرگریکردن لە ئازادییەکان، کە پێکهاتبوون، لە ژمارەیەک لە نووســـەر و رۆژنامەنووسان و مامۆستای زانکۆ، رایانگەیاند ئەو کارەی پەرلەمانی کوردستان پێشێلکارییەکی ئاشکرای مافی ڕۆژنامەنووسانە هەروەها "پێشێلکردنی یاسایی (٣٥)ی کاری ڕۆژنامەنووسیشە کە لەلایەن پەرلەمان خۆی پەسەند

کراوە". بەهەموو کەموکورِییەکان، سەرەرایی بوونی ئەو گرفت و بەربەست و ئارێشانەی کە پەیوەندی بەکاری رۆژنامەنووسیەوە هەیە لە کوردستان، هێشتا رۆژنامەنووسان دەخوازن ئەو ململانێ سروشتییەی کە لە نێوان دەسەڵاتداران و رۆژنامەنووسان هەن، بەشێوەیەکی خراپتر پراکتیزە نەکرێت، دواتر ببێتە مایەی سنووردارکردنی زیاتری ئازادییەکانی بەردەم کاری رۆژنامەگەری و میدیا لە هەرێمی کوردستان.

**سەرچاوە:**

**وتاری کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە کردنەوەی خوولی نوێی ٤ی ئازار-٢٠١١ .**

**ئاماری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان: رۆژنامەی ئاوێنە ژمارە ٣٠٨.**

**ئاماری سەنتەری میترۆ بۆ ساڵی ٢٠١١.**

**ئەم وتارە، لە رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٨٠٣) چوار شەممە (٢٠١٢/١//٢٥) بە نوێکراوی بڵاوکراوەتەوە.**

# وەڵامی سەندیکا .. لە وانەی حزب دەچێت

ســاڵانێکە رێکخراوە بیانییەکانی پەیوەســت بە مافی مرۆڤ بە تایبەت چاودێرانی بواری رۆژنامەنووســی و بوارەکانی تری ژیان، بەوردی تێڕوانین و زوومی کارەکانیان، هاوشێوەی وڵاتانی تری دونیا چاویان خســتۆتە ســەر هەرێمی کوردستانیش، لە راپۆرتەکانیاندا ئەو رێکخراوانە زۆرجار بەڕاشــکاوی و بێســڵەمینەوە، هەڵوێستی خۆیان خستۆتەڕوو کە چی هەیە و چ دەگوزەرێت لە هەرێمی کوردستان، ئەوەی پەیوەندی بەرەوشی رۆژنامەگەرییەوە هەبووە، وڵاتیان دەردی رێکخراوە حزبییەکانی ناوخۆ نە بەشامی شەریف چواندووە، هەروەها نە وێنەی کوردستانیشان بەراورد کردوە بە وڵاتانی ئەوروپا و ئیسکەندەنافیا.
بەهۆی هوشــیاری هاوڵاتیان ئەوان ســاڵانێکە دێنە قسە و هەڵوێســت دەردەبڕن، بەڵام هەرکاتێک هاواری خەڵکی کوردستان بەرزبویەوە، لە بەرامبەر ناڕەزایی و نەبوونی ناعەدالەتی و ئەو ئازێشانەی کە دەسەڵاتی حزبی لە کوردستان بەسەر خەڵکی کوردستانیان هێناوە، ئیدی بێ قەید و شەرت ئەو حزبانە لەبەر شعور و سومعە و پێگەی بازرگانی و شەخسی و برادەرایەتی دەرەکی خۆیان، لە رێگای ناوەند و رێکخراوە حزبیەکانی سەر بەخۆیانەوە، دەکەونە وەڵامدانەوە و بەڕووی ئەو ناڕەزاییانەی کە خەڵک پەنایان بۆ بردووە، واش پیشانی دەدەن، کوردســتان ئەو جێ خراپە نییە خەڵکانێک یان چاودێرانی رەوشەکە لە ناوەوەی هەرێمەکەدا قسەی لێوە دەکەن.
بــەر لەوەی رێکخراوە نێو نەتەوەییەکان راپۆرتی خۆیــان بڵاو بکەنەوە، لە بارەی ئازادی رۆژنامەگەریی و پرسەکانی دی پەیوەست بە ژیانی خەڵک لە هەرێمی کوردستان، رۆژنامە و راگەیاندنەکانی نێو خۆ لە رێگەی بابەت و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی خۆیانەوە، زۆرجار راســتی و دروســتی رووداوەکانیان بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەش چاودێر و رۆشنبیران و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رێگەی گوتار و بابەتەکانیانەوە، شرۆڤە و هەڵوێستی خۆیان بۆ کێشەکان خستۆتەڕوو چونکە پەیوەندی دەسەڵات و خەڵک لە کاتی رووداوەکاندا بەتایبەتی لە ساڵی (٢٠١١) یەکێک بووە، لە پەیوەندییە ئاڵۆزییەکان لە کوردستان.
هەر بۆیە هەمیشە بە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانە لە راگەیاندنەکاندا و قسەکردنی رۆشنبیران لە خراپ مامەڵەکردنی دەسەڵاتداران لە بەرامبەر هاوڵاتیاندا، دەسەڵات لە کوردستان هێندە بێباکانە مامەڵەی لەگەڵدا کردون، زۆرجار بەبێ گوێی پێدان و هیچ بەدواداچونێک، وەڵامی نەداونەتەوە هەندێ جاریش بەچاوی دووژمنکارانە ســەیری کردون، تاوایلێهات ناڕۆشنیەک تێکەڵ بەڕاســتییەکان ببێت , چونکە تەنیا لە ســێ مانگی ساڵی ٢٠١١دا جگە لە کوژران و برینداربوونــی ژمارەیەک لە خەڵک و هاوڵاتیــان. هەروەها بەردبارانکردنی بنکەو بارەگا

حیزبییەکان. لە هەولێر و سلیمانی و هەڵەبجە و گەریمان، لەگەڵ ئەوەش دەیان ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکاریش ڕوبەڕووی لێدان و هەڕەشەکردن بوونەوە و خوێنیان ڕژێنرا.

لەدوای ئەو ڕووداو و پەلاماردان و توندوتیژییانەی بەرامبەر بە هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدرا، ئەوەش وایکرد ســەرنجی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی رابکێشێت، لە ڕاپۆرتی خۆیاندا چەند مانگێک پاش روداوەکانی ١٧ی شــوبات، لــە (٢٠١١/٥/٢٤) ڕێکخراوێکی وەک (هیومان رایتسۆچ) دەربارەی ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی و بارودۆخی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، ڕەوشەکەی بەشــێوەیەکی مەترسیدار وەسفکرد (رایتسۆچ) ڕایگەیاند پێشتر دەســەڵاتدارانی هەرێمی کوردســتان، بەڵێنی فەراهەمکردنی ئازادی و دەســتەبەرکردنی ژینگەیەکی لەباریان داوە، کە بۆ خەڵکی کوردســتانی بهێننــە کایەوە، بەڵام روداوەکانی حەڤدەی شــوبات و دواتر دەری دەخات کە وادیارە دەســەڵاتی کوردی گەرەنتی ئازادیان نەکردووە، بە کارنامەی خۆیان و ڕیز لە ئازادی خەڵک ناگرن.

بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوێکی وەک هیومان رایتسۆچ، یان هەر ڕێکخراوەکانی تری نێودەوڵەتی بێگومان لە دەرەوە و ناوەوەش ڕایگشــتی دروست دەکات، هەروەها خەڵک و چاودێرانیش بەو هەقیقەتە ئاشــنا دەکات، کە لە کوردستان چی ڕوویداوە و دەسەڵاتداران چــۆن مامەڵەیان لەگەڵ ناڕەزایی هاوڵاتیاندا کردووە، نەیان توانیوە گیانی مێدیا کارانیش بپارێــزن، ئەوەی کــە ڕێکخراوەکە ئاماژەی بۆ کردوە، دوور و نزیک ڕاســتن، یان ئەوەی ڕێکخراوەکان دەیگوازنەوە ئەوان کەمتر پشت بە بابەتێکی دەرەکی دەبەستن، یاخود ئەم ڕێکخراوانە کەسانێک بێنن لە دەرەوەی وڵاتەوە، باس لەبارودۆخی ناوەوەی کوردستان بکەن، بەپێچەوانەوە واقیعێکە خەڵکی ناوچەکە بۆ نێردەی ڕێکخراوەکان دەگێڕاوە لە کوردستان، زۆر جاریش خۆیان لەکاتی خۆپیشاندان و روداوەکاندا وەک چاودێرێک ئامادەییان هەبووە.

دوا بــەدوای بــڵاو بوونەوەی ئەو ڕاپۆرتــەی کە لە (هیومان رایتســۆچ)دا بڵاویکردەوە، دەسەڵاتدارانی کوردســتان بە توندی وەڵامی ڕێکخراوەکەیان دایەوە و لە بەیانامەکەشیدا ڕێکخراوەکەیان بەشــێوەیەکی بێزارکەر و نا بەرپرســیار بەرامبەر بەڕاستی ڕووداوەکان لە قەڵەمدا بە گوتەی خۆیان، حکومەتی هەرێم پێی وانییە کە لەو هەرێمەی کە (رایتسۆچ) ڕاپۆرتێکی ڕەخنە ئامێزی لەســەر ئامادەکردوە، بۆ رای گشــتی خســتۆتەڕوو کە خەڵک ڕوبەڕووی ئازار و سوکایەتی پێکردن و گۆشەگیرکردنی سەرتاسەری بۆتەوە، بەو شێوەیە بێت. بەڵام ئەگەر وەڵامی دەســەڵاتدارانی هەرێمی کوردســتان، یاخــود با بڵێین حزبە باڵادەســتەکان هەر ئەوەبێت، ڕێکخراوێک وەها چەواشەکاری کردووە، پێموایە ئەمە کەم تا زۆر بووختانێکی ترە کە دەســەڵاتی کوردی بۆ ڕێکخراوەکانی دەکات، چونکە لەجیاتی ئەوەی ئەوان، بەڵێن بدەن کە پێداچوونەوەیەکی جدی بەو ڕووداوانەدا بکەن کەڕوویانداوە.
بەپێچەوانەوە ئەمان ڕێکخراوەکان بە درۆزن و چەواشەکار چواند ئەمەش کارێکی هەڵەیە.
دیارە پێڕەوکردنی سیاسەتی حزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان وایکردووە، کە سیاسەتی

کارکردنیان هەر لەچوار چێوەی فراوانبوونی ئەو مەوداو عەقڵیەتە خێڵەکی و تاک رەوییە بخولێتەوە و تێپەڕ نەکات ئەوەش وایکردووە، ئەوان جگە لە بیرکردنەوە و دیدی ستراتیژی تێگەیشــتنی خۆیان و رۆشــنبیرانیان ئەگینا گوێ بە کەســێکی تر نەدەن، یان بەهرە و توانــا و پــرۆژەی دەرەوەی خۆیان بەهەند نەزانن، هەر ئەمــەش وایکردووە، کە جۆرێک لە پاڵپشــتیکردن و لێک چون لە گوتاری حزبە فەرمانڕەواکان و ســەندیکاکان هەبێت لە کوردستان.

وەک نموونە لە وەڵامدانەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسان بۆ رێکخراوی هیومان رایتسۆچ، لە ســەر هەمان بابەت سەندیکای رۆژنامەنووسانیش، بەتوندی وەڵامی رێکخراوەکەی دایەوە، ئەوان باس لەوە دەکەن، کە ئەوەی ئەو رێکخراوە کردویەتی دوورە لە (ئیتیکی رۆژنامەوان) ی دیارە رێکخراوی ناوبراو هەڵســەنگاندنێکی بابەتیانەی بەرامبەر بەدەســەڵاتی حیزبی کوردی و دەسەڵاتی حیزبی بەعسی رابردو کردوە و وتویەتی "حوکمی کوردی جیاوازییەکی ئەو تۆیان نییە لەگەڵ حکومەتی رابردو". ئەوەی مەبەســتی سەندیکای رۆژنامەنووسانە، پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی (هیومان رایتسۆچ) نەبووە، بەڵکو ئەوەی سەندیکا باسی ئەوەی کرد، تەنیا وەڵامێکی توندئامێزی ئەو رێکخراوەیەو هیچی تر.

دوا بەدوای وەڵامی ســەندیکا بۆ رایتســۆچ، وەک جێگەی سەرســوڕمان بەلای بەشــێک لە رۆژنامەنووســان دانرا، کە ســەندیکا بەوجۆرە وەڵامی ئەو رێکخراوە بداتەوە، چونکە رێکخراوەکە ئەو زانیارییانەی (هیومان رایتســۆچ)ی بە لادان لە ئیتیکی رۆژنامەنووســی و چەواشــەکاری لە قەڵەمدا، لە کاتێکدا ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتییە شتێکی زیاتری ئەو تۆی نەوت، کە بەدەر بێت لە کوشــتنی خەڵکی بێتاوان و بریندارکردنی رۆژنامەنووسان و بەرتەسکردنەوەی ئازادی ئینسان لە کوردستان.

رێکخراوەکە دەڵێت "پێشــێلکاری بەرامبەر بە رۆژنامەنووســان کراوە" هەروەها دەشڵێت "زیندانی و کەلەپچەکردن و دەســتدرێژی راســتەوخۆ لەلایەن هێزەئەمنی و چەکدارەکانی حزبی دەسەڵاتدار هەبووە، بۆ سەر رۆژنامەنووسان ئەمەش هەمان عەقڵیەتی بەعس بووە، لە رابردوودا، دەسەڵاتدارە تۆتالیتار و ستەمکارەکان پەنایان بۆ زەبردو زەنگ بردووە".

سالّی ٢٠١١ لە رۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوکراوەتەوە.

# رۆژنامەنووسی، لە نێوان زانیاری لەسەر وەرگرتن و زانیاری پێدان

ئەگەر لە کوردستان ئازادیەکی بەرفراوان بۆ دەرکردن و بڵاوکردنەوەی مێدیا و ئازادی رۆژنامەنووسی هەبێ و بایەخی پێدرابێت، ئەوا بێ دوو دڵی نەبوونی زانیاری پێویست، بۆ رۆژنامەنووسان، هەروەها هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی تایبەتی رۆژنامەنووسان بۆ مەرامی حزبی و تاکەکەسی ئەمە پێمان دەڵێت نەک بەرتەسکردنەوەی پانتای کاری رۆژنامەنووسییە بەڵکو سنووردارکردنی ئازادییە بەگشتی. بێگومان ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە یەکێک لە دەرئەنجامەکانی شێوازی سیاسەتە ترسناکەکانی حزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان، ئەوەبێت کە هەمیشە هەوڵ بدەن، ئازادییەکان بەر تەسک بکەنەوە، ئیدی گرنگ نییە بەلایانەوە ئەمە بێڕێزی کردنە وەک چەمکێکی ئەخلاقی و ئینسانی و شکاندنی ئەو بەڵێنانەیە کە ساڵەهایە کورد خەباتی بۆ کردووە و قوربانیشی لەپێناو داوە.

ئەمڕۆ رۆژنامەنووسان هەقی خۆیانە گەر بڵێن: ئەو ئازادییە بەشێوەیەی تیۆری باس دەکرێت، بەپێچەوانە لە پراکتیز و واقیعی کارکردندا نەخراوەتە بواری جێبەجێ کردن، چونکە وەک پێویست کەس زانیاری نادات بە رۆژنامەوانان، زۆر جار وەک ئەوەی خێریان پێ بکەن، بەویست و ئارەزووی ئەم بەڕێوەبەرە ئیداریەکە یان وتەبێژی ئەو وەزارەت زانیاری دەدەن بە رۆژنامەنووس، یاخوود ئەوانیش هەندێ جار دەڵێن ئێمەش وەک ئێوەی رۆژنامەنووس بێ دەسەڵاتین و ئاگادارنین و هیچ نازانین، ئەوەش وا دەکات، وەک بەرێکردنیان بەناچاری شوێنێکی دیکە بۆ رۆژنامەنووسان دەستنیشان دەکەن. بەردەوام لە نێوان دروستکردنی ئەم کەین و بەینە بۆ رۆژنامەنووسان، دواجار هیچ لایەنێک زانیارییەکانیان پێ نادەن، ئەوەش وا دەکات، رۆژنامەنووسان بە جۆرێک بێتاقەت بن، یان واز لە بابەتە رۆژنامەوانیەکەی خۆیان بێنن، یاخوود بابەتەکانیان بە شێوەیەکی نیوە ناتەواو بڵاو بکەنەوە، هەر ئەوەش وا دەکات هەندێ جار دەربچن لە ئیتیکی کاری رۆژنامەنووسی لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیان.

لە زانستی سیاسی و ئەکادیمیدا هاتووە، سەرکەوتنی دامودەزگا ئیدارییەکانی حکومەت لە پرۆسێسی دیموکراتی، کرانەوەی دەرگاکانیەتی بەڕووی رۆژنامەوانانداندا، بۆ ئەوەی لەو رێگەوە رۆژنامەنووسان زانیارییەکان لەبارەی کارەکانی حکومەت و دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە دەست بکەوێت، هەروەها هاوڵاتیانیش لە رێگای رۆژنامەنووسانەوە، ئاگادارین لە کاروبارەکانی حکومەت و رووداوەکانی ناو کۆبوونەوە شاراوەکان.

بەگوێرەی توێژینەوەکان، وەک ئەوەی چاودێران و شارەزایانی بواری مێدیاش لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئاماژەی بۆ دەکەن، زانیاریدان بەرۆژنامەوانان توانای کاری رۆژنامەگەری

بەهێز تر دەکات، هەروەها حوکمی دیموکراسیش لەوڵات بەرەو پێش دەبات، بە جۆرێک ئەو نادیاری و گومانانەی لەسەر دامودەزگای حکومی، یان کەسە بەرپرسەکان هەن. چیدی بە نادیاری نامێنێتەوە. هەروەها پێدانی زانیاری بە ڕۆژنامەنووسان، هاوڵاتیانیش لێی سوودمەند دەبن، هەر ئەمەش وا دەکات، کە دەروازەیەکی نوێ بەڕووی شارەزایان و چاودێران لە بوارە جیاجیاکاندا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەڵوەستەی زیاتر لەسەر نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی و بەرتیل و واسیتە و کاری بەدەر لەیاسا و ڕێنماییەکان بکرێت.
ڕەنگە ڕێگایەکی باشتریشی پێدانی زانیاری بە ڕۆژنامەنووسان و میدیا کاران ئەوە بێت، بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی کێشەو ئاریشەکانی هاوڵاتیان لەوڵاتدا. لە ناوچەیەکی وەک هەرێمی کوردستان ساڵانێکە پرسی نەبوونی سەروەری یاسا و پرسی داد پەروەری و هەڵاوێردنی ئینسانەکان لەلایەن گروپ و تاقمێکی نێو دەسەڵات، مەسەلەیەکی هەرە گرنگی دونیای کۆمەڵگای ئێمە بووە، هەردەم هاوڵاتیان و کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی بەهۆی ئەو سیاسەتەوە لە مافە سەرەکییەکانیان وەک ئینسان، وەک هاوڵاتی بوون، لێی بێبەشکراون.
ئەوەی پەیوەندی بە ئازادی ڕۆژنامەنووسیەوە هەیە لەم ڕووەوە پێویستە بەشێوەیەکی یاسایی پێدانی زانیارییەکان بە «یاسایی» بکرێت. بە جۆرێک چۆن لەڕێگەی ڕۆژنامەنووس و ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندنەوە، ئەو زانیارییانە دەستاو دەست پێ بکرێت، دواتر بەشێوەیەکی سیستماتیک ئۆرگانیزە بکرێت. بۆیە بە بڕوای من ئەتوانین ئەوکاتە باس لە ئازادی نووسین و ئازادی ڕۆژنامەگەری بکرێت. بەڵام ئەوەی جێگەی قسە لەسەر کردنە بەدرێژایی حکومڕانی کوردی تا ئێستاش پێدانی زانیاری لەلایەن ئۆرگانەکانی حکومەت زۆر ئەستەم بووە بۆ ڕۆژنامەنووسان، ئەگەرچی لە ساڵانی ڕابردووش یاساییەکی لەم جۆرە نەبووە، باس لە پێدانی زانیاری بۆ ڕۆژنامەوانان بکات، بەڵام چەند ساڵێکە بە یاسا زانیاریدان بە ڕۆژنامەنووسان ڕێکخراوە. هەروەک لە بەندی دووەم، لە ماددەی دووەمی یاسایی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، هاتووە «ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە هەر زانیارییەک کە بایەخی بۆ هاوڵاتیان هەبێ و پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی گشتیەوە بێ وەدەست بێنێ بە پێی یاسا».
کەواتە وەک ئەوەی لە ئامرازەکانی گەیاندندا هاتووە، بەشێکی زانیاری وەرگرتن یان گەیشتن بەزانیاری دوو جەمسەری هەیە، بۆنموونە زۆربەی زانیارییەکان لە بارەی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت لەلایەن حکومەت سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش پێویستی بە ڕەخساندنی زەمینەیەکی گونجاو و لەبارە، دەبێ بە گوێرەی یاسابێت. لانی کەم تا ئەمڕۆ لە یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیدا باس لە پێدانی زانیاری کراوە. بۆ ئەمەش ئەرکی حکومەت و دەسەڵاتە ئەو دەرفەتە بەڕۆژنامەنووسان بدەن، بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان، چونکە ئەو زانیارییانەی کە ڕۆژنامەنووسان دەیانەوێت لە حکومەت و دامودەزگاکانی دەوڵەت، بۆ خەڵک گرنگن و چیتر پێویست ناکات، لەناو دەسەڵاتدا خەڵکانێک لەبەر شکۆ و پێگەی خۆیان، یان بۆ پاراستن و

پەردەپۆشکردنی کارەکانیان زانیاری نەدەنە رۆژنامەنووسان، بە خاتری ئەوەی گوایە زیانی بۆ بەرژەوەندی گشتی یان ئەمنی قەومی هەیە.
ئێمە لەسەر ئەوە هاوڕاین کە کەم تا زۆر بەشێک لە بەدەستخستنی زانیاری لە هەندێ کاتدا پەیوەندی بە رۆژنامەنووسیش خۆیەوە هەیە، چۆن دەتوانێ یان بەچ رێگایەک ئەوی رۆژنامەنووس بەلێهاتووی خۆی پەیوەندییەکی فراوان دروست دەکات، لە نێوان پیشەی رۆژنامەنووسی و لایەنی بەرامبەری بۆ زانیاری وەرگرت. ئەمەش جێگەی هەڵوەستەکردنی زۆر نییە، بەڵام دەکرێ رۆژنامەوانەکە لە هەوڵ و توای خۆی بڕوانێت، تا چەند ئەو توانیویەتی لە ماوەی کارکردنی رۆژانەیدا بنەمایەکی دارشتووە، بۆ پەیوەندیە ئاسۆییەکانی خۆی لەگەڵ دەورووبەردا، بۆ ئەوەی لە دوورترین شوێن و کەمترین کات، زانیاریەکی وای دەست بکەوێت، کە رۆژنامەنووسە هاوڕێیەکانی «ئیرەیی»ی پێ ببەن.
ئەم هەوڵەی رۆژنامەنووسەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوی رۆژنامەنووس توانیویەتی خۆی لەژێر فەرمانی ئەو فرەچەشنی و بوونی ئەو زانیارییە بەربڵاو بێ کوالێت و شتە ئاساییانەی جەنجاڵی و قەرەباڵغی رۆژگاری ئەمڕۆی ژیان دەرباز بکات، ئەمەش دەلیلی ئەوەیە کە ئەو بۆ هەموو کارێکی رۆژنامەوانی باش خۆی ئامادە کردووە، چونکە ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لە بوارەکەدا کار دەکەن، رۆژانە بە چەندین جۆر لەم جۆرە ژیانەی خۆیان مومارەسە دەکەن، دیدار و گفتوگۆ و ئامادەی کۆنفرانس و کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکان دەبن، بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ رۆژنامەنووس «نابێ» ببێتە تەرەفگیر، یاخوود لایەنگیرییەکی پێوە دیار بێت، بەجۆرێک بەئاشکرا لە بەرامبەر پێدانی زانیاری، کەسانێکی خاوەن کار و بەرپرس و کار بەدەست، یان کوتلەو کوتلەگەری حزبی بەکاریان بهێنن.
رەنگە پرسیار لێرەدا دروست بێت، ئایا ئێمەی رۆژنامەنووس چ جۆرە زانیارییەکمان دەوێت؟ یان هاوپیشەکانمان دەیانەوێ بەکام زانیاری بگەن، ئەی دەسەڵات و لایەنی پەیوەندیدار بە هاوڵاتیانەوە، لەوکاتەی کە دەرگاکانیان بەڕووی رۆژنامەوانان دا دەخەن، تاچەند ئەوانیش مافی خۆیانە ئەو زانیارییانەی کە رۆژنامەس دەیەوێت، ئەوان نەتوانن بیدەن بە رۆژنامەنووسان؟ کاتێکێکیش لە یاسایی کاری رۆژنامەنووسیدا ئاماژە بە بەرژەوەندی گشتی دەکات، هەروەها داوای پێدانی زانیاریش دەکات، بۆ رۆژنامەنووسان، ئەم خاڵەیان چۆن لێدانەوەی بۆ دەکرێت؟ پرسیاری تر زۆرن ئەوەی جێگەی پرسیاری ترە ئایا لە کوردستان بەچی دەوترێت، بەرژەوەندی گشتی تا رۆژنامەنووسان بی پارێزن؟ یان ئەو زانیارییانەی کە دەسەڵات لە رۆژنامەنووسانی شاردۆتەوە، تا چەند لە بەرژەوەندی گشتیدا بووە، ئەگەر بڵاو کرابانەوە ئەوا زیانی دەبوو بۆ پەرژەوەندی گشتی؟
بەر لەوەی وەڵام بۆ ئەم پرسیارانە بدۆزینەوە. دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم ئەگەر قسە لەسەر ئەو داواو خواستانەی رۆژنامەوانان بکەین، دەیانەوێ زانیارییان لەوبارەوە پێدرێت، بێگومان سەرەڕایی ئەوەی تا ئێستا رەشنووسی پرۆژەی یاسایی مافی بەدەستهێنانی زانیاریی

لە پەرلەمانە و نەبووە- بە یاســا لەگەڵ ئەوەش ئەو چەند خاڵەی ئاماژەمان پێداوە، هیچ گرفت و پێچەوانەیەکی لەگەڵ یاسایی کاری ڕۆژنامەنووسیدا نییە کە دەڵێ «ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە لە ســەرچاوە جیاوازەکانەوە، هەر زانیارییەک کە بایەخی بۆ هاوڵاتیان هەبێ و پەیوەندییان بە بەرژەوەندی گشتیەوە بێ وەدەست بێنێ بەپێی یاسا».

بــۆ وەڵامی ئەو پرســیارانەی کە خســتمانەڕوو دەکرێ بگوترێت، ئــەوەی پەیوەندی بە ڕۆژنامەنووســانەوە هەیە زەحمەتە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان گەیشتبنە ئەو ئاستەی کە سنووری بابەتێکیان بەزاندبێت، مەترسیان بۆ ئاسایشی نیشتیمانی، یان ئاسایشی نەتەوەیی هەبووبێت، بەپێچەوانەوە لە ئەمڕۆشدا ڕەنگە ئاسایشی نیشتیمانی و چەمکی ئەمنی قەومیش بەنیسبەت خەڵکی ئێمە شتێکی لەبیر کراوبێت. بەقەد ئەوەی دەسەڵاتی حزبی و بنەماڵەی لە کوردستان خوێندنەوە، بۆ چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن. یان ئەوەندە بەرژەوەندی حزبی لە پێشەوەیە ڕەچاو دەکرێت، نیو هێندە بەرژەوەندی وڵات بەگشتی و مافی هاوڵاتی بوون، بەبێ ڕەچاوکردنی ئینتیمای حزبی و دینی بنەماڵەیی ڕەچاو نەکراوە.

چونکە هەموومان دەزانین، ئەوەی هەبووە، لە کوردســتان تا ئێســتاکەش سیســتمێکی حزب سالاری ڕۆڵی هەبووە، ئیدی شتێک دیاری نەکراوە بەناوی پرۆژەیەکی نیشتیمانی و دەسەڵاتێکی کوردستانی مەدەنی کە گوزارشت لە حوکمی هاوڵاتی بوون بکات. واتە سیستمی حزب ســالاری سنووری ژیانی هاوڵاتیانی دیاری کردووە. ئەمەش وایکردووە لە کوردستان دابەشبوونی سامان و دەسەڵات و ئازادییەکان بەگوێرەی بەرژەوەندی سیاسەتەکانی حزبە فەرمانــڕەواکان بێت. هەر بۆیە ئاسایشــی نەتەوەیش بەو جۆرە شــرۆڤە کراوە، کە هەر کاتێک مەترســیەک هەبووبێت، بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئیدارەی پارتی لە هەولێر، یان هی یەکێتی لە ســلێمانی، ئیدی ئەم دوو حزبە و سەرکردەکانی ئەم حزبانەش بەبیانووی ئەوەی کە خەسڵەتێکی ناسیۆنالیزمیشیان کردۆتەوە ناونیشانی سیاسیەتی خۆیان، وەک وەسیلەیەک بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیان، هەر کاتێک ویستبێتیان، هاتوونەتە سەرخەت، بڕواو قەناعەتی خۆیان بەوە ڕوون دەکەنەوە، کە ئاسایشی نەتەوەی یان ئەوان ئاسا «ئەزموونەکەمان» لە مەترسیدایە.

ســاڵەهایە لە کوردســتان پارتی و یەکێتی یان ئەو حزبانەی بەشــداریان لە دەسەڵاتدا کردووە، بیریان لەوە نەکردۆتەوە ئەوەی هاتۆتە بەرهەم بەدەر لە گەندەڵی و بە هەدەردانی سامانی گشتی و بەفیڕۆدانی توانای گەنجان. ڕۆژنامەنووسان و خەڵکی کوردستانیش ئەم ئەزموونەیان بەلاوە گرنگەو داکۆکیشی لەسەر دەکەن، بەڵام ئەزموونەکەش نابێ بەدەر بێت لە ڕەخنەگرتن و قســە لەســەر نەکردن، چونکە خەڵکی کوردستان، لە ڕابردوودا بەگشت چین و توێژەکان، ڕووبەڕووی دەسەڵاتی سەرکوتکاری بەعسی ستەمکار و ئەو تەحەدیاتانەش بوونەتەوە، کە زیانیان بۆ کورد و خەڵکی کوردستان هەبووە. بەڵام ئەمڕۆ نەوەی نوێ ڕەنگە زۆر بیر لە ڕابردوو نەکەنەوە، ئەوان دەیانەوێ لە ئێستادا بژین، نەوەی پاش ڕاپەڕین و جیلی

ئێستا ئەزموونێکی باشتریان دەوێ لەو ئەزموون و دەسەڵاتەی کە (٢٠) ساڵە تووشی چەق بەستووی بووە، دەســـەڵاتێک نەیتوانیوە ژیانێکی باش بۆ ئینسانی کورد فەراهەم بکات، هەر بۆیە هاوڵاتیان بەتایبەتی نەوەی نوێ لە ئەمڕۆدا، دەیانەوێت لەپای ئەو ماندوبوون و قوربانییەی رابردوو حکومڕانییەکیان هەبێ، ببێتە بنەمایەک بۆ وەگەڕخستن و بەکارهێنانی توانای ئینســـانی کورد. نەک دەسەڵاتێکیان هەبێت رۆژ بەرۆژ وەک دەسەڵات و حکومەت عەرەبی و خەلیجییەکان، دەسەڵاتێک بێت، خەڵک تێیدا ئامادەی نەبێـت، تەنیا گوزارشت لە دەسەڵاتێکی بنەماڵەی، نەوتی، بە ئاشکرا کار لەسەر دروستکردنی چینایەتی بکات.

دوای ساڵانێک لە دەسەڵاتی خۆماڵی و بوونی نیمچە سەربەخۆیەک لە هەرێمی کوردستان، هێندە کار لەسەر عەتف و مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتی رۆژ کراوە، کار لەسەر ئەوە نەکراوە، بۆنموونە یاسا سەروەر بێت، هەموو هاوڵاتیەک مافی ژیانی وەک یەک پێبدرێت، بەشێوەیەکی رێکخراو و رێگە پێدراو ئازادی رادەربڕین و نووسین و بڵاوکردنەوە، زەمینە سازییەکی باشی بـــۆ بکرێت. ئەمە بنەمـــای حوکمڕانی تەواوە، حوکمێکی وەها پێش (٢٠) ســـاڵ هەموو هاونیشتیمانیانی ئێمە لە شاخ و لە شار و لە تاراوگە خەونیان پێوە بینیوە، بەڵام ئەمڕۆ ئەو قەوارە سیاســـییەی کە هەیە نیەتیان نییە بەو شێوەیە ئامادەیان هەبێ کە حوکمێک هەبێت، لانی کەم مافە ســـەرەتاییەکانی هاوڵاتی پارێزراوبێت. بەڵام لە راســـتیدا ئەوەی بینیومانە بەهۆی جووت حزب سالاری هەر یەکە لە پارتی و یەکێتی، ساڵانێکە کوردستانیان کردووە، بە زەویەک هەست بەوە دەکرێت، کە تەنیا وەک سەر زەمینی ئەم حزبانە تەماشا بکرێت و هیچی تر. ئەوەش وایکردووە، کە لە کوردستان بەرژەوەندییە حزبی و شەخسی و بنەماڵەیی و گروپە خاوەن میلیشـــیا و چەکدارەکان، زیاتر باڵا دەست بن، بەرژەوەندیە گشتیەکانیش پشت گوێ بخرێت.

ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە هەیە لێرەدا ئەوەی گرنگە بۆ رۆژنامەنووســـان، رۆڵ بینینیانە وەک دەسەڵاتی چوارەم بێنە هەژماردن بە جۆرێک چاودێر بن بەسەر ئیشوکارەکانی ســـەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی حکومەت و کۆی دامەزراوەکانی، هەروەها میدیا گرنگە رۆڵی باشیشـــان هەبێ وەک چاودێرێکی دەسەڵاتی یاسا دانان، مەبەستی لێی پەرلەمانە. زۆریش ئاســـاییە رۆژنامەنووسان بیزانن، کە سەروەت و سامان و داهاتی مانگ و ساڵانەی سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی حکومەت، یان سەرۆک و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش چەند بێت؟ یان ئاســـاییە رۆژنامەنووس بزانێت ئەوان چۆنیش دەژین، یاخوود ئەو کاتانەی بەرپرسان لە پایتەختەوە گەشـــتی شارەکانی تری کوردستان، یان سەردانی وڵاتانی دەرەوە دەکەن، پێویستە رۆژنامەنووسان لە وردەکاری گەشتەکانیان ئاگاداربن، ئەوەی پەیوەندی بە خەڵکی کوردســـتانەوە هەبێت، دەبێـــت ئەوان بیزانن. چونکە ناکرێ ســـەرۆک یان هەر وەزیرێک زانیاری دەزگاکەی لە خەڵکی بشارێتەوە و دواتر لە رووداوێکی نادیاردا نەمێنن، ئەو کاتەش هەرچی کارو پرۆژە و پەیوەندییە دەرەکی و ناوخۆییەکان هەیە لە دوای خۆیان بەگومان و

تەمومژاویەوە جێ بهێڵن.

ســاڵانێکە بەپێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییانەی کە بۆ دەســەڵاتدارانی کوردستان کرا، بەڵام ئەمڕۆ لە جیاتی ئەوەی ئەوان بێن بەدەم هاوار و دەنگی ڕۆژنامەنووســان و دەست بەجێ یاســاکان جێبەجێ بکەن، بۆ ئەوەی ڕەوشی ڕۆژنامەگەری بە ئاراستەی خراپتردا هەنگاو نەنێت، کەچی ڕۆژنامەنووســان گلەیی ئەوە دەکەن، کە حزبە دەسەڵاتدارەکان زانیارییان لەسەر کۆکردونەتەوە.

هــەروەک ڕۆژنامەنووســانی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیســلامی لــە «٢٠١٢/٢/١٩» دەڵێن «ســەرچاوەیەکی تایبەت بە پەیامنێرانی (پەیام و سپێدەی)ی ڕاگەیاندووە، کە لەلایەن دەزگایەکی دوور لە (زانیاری و موخابەراتی) زانیاری لەســەر ڕۆژنامەنووســانی سنووری چەمچەماڵ کە لە کەناڵەکانی پەیام و ســپێدە کار دەکەن کۆکراوەتەوە، بەتایبەتی داوای ژمارەی مۆبایل و شــوێنی نیشــتەجێبوون و خزمە نزیکەکانی ئەو ڕۆژنامەنوسانە کراون، تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی ئەو ڕۆژنامەنووسانە بیزانن ئایا بە ڕۆژ چەک هەڵدەگرن یان نا».

ئەوەی لەم ڕوونکردنەوەیەدا هاتووە، کۆکردنەوەی زانیاری بۆ حزبێک ڕەنگە ئاشکرا بوونی ئەم هەوڵە یەکەم جار نەبووبێت، بە دەلیلی ئەوەی لە کوردســتان هێشــتا دەســەڵاتی نیشــتیمانی لە دایک نەبووە، بە یەک چاو سەیری هەموو لایەک بکرێ و یاساش سەروەر بێت. کەواتە کێشەی ڕۆژنامەنووسان لە نێوان زانیاری وەرگرتن و زانیاری لەسەر وەرگرتنیان، بەندە بە یاساوە بۆیە باشتر ئەوەیە یاسا سەروەر بکرێت، ئەگینا ئازادی ڕۆژنامەگەری تەنیا لە دروشمدایە و بەشێوەیەکی پراکتیکی هەستی پێناکرێت.

**سەرچاوە:**

**یاسای ژمارە (٣٥)ی کاری ڕۆژنامەنووسی.**

**ڕوونکردنەوەی ڕۆژنامەنووسانی (پەیام و سپێدە) لە چەمچەماڵ.**

**ئەم بابەتە لە دوا ژمارەی ڕۆژنامەی چەتر ژمارە "٩٥" (٥-٣-٢٠١٢) بڵاوکراوەتەوە.**

# له بارەی پێدانی زانیاری بەرۆژنامەنووسان

وەزارەتەکانی ناوخۆ و سامانە سروشتییەکان و شارەوانی بە خراپترین، وەزارەتی حکومەت دادەنرێن، کە زانیاری نادەنە رۆژنامەنووسان، ئەوانیش رایدەگەیەنن، ئەمە کاریگەری خراپی دەبێت، لەسەر پرۆسەی دیموکراسی و رەوشی رۆژنامەگەری.
ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەنووسانی کوردستان پێیانوایە دامودەزگاکانی حکومەت لەرووی پێدانی زانیاری بەرۆژنامەنووسان، دەرگایان بەرووی رۆژنامەنووساندا کراوە نییەو لەنێو ئەو وەزارەتانەشدا زۆربەیان باس لەوەزارەتەکانی ناوخۆ و سامانە سروشتییەکان و شارەوانی دەکەن، بەڵام لەئەدای وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروستی و رۆشنبیری رازین.
یەک لە کێشەکانی رۆژنامەنزوسی کوردی لە هەرێمی کوردستان، گەیشتنە بەسەرچاوەی زانیاری، یاخوود پێنەدانی زانیارییە لەلایەنی پەیوەندار بەو بابەتانەی کە رۆژنامەنوسان رووماڵی دەکەن، ئەمەش هەم بە پێچەوانەی یاسایی رێکخستنی کاری رۆژنامەوانییە، هەم پێچەوانەی شەفافیەتی حوکمڕانیشە، لەو ڕووەوە (١١) رۆژنامەنووس لەدەزگا جیاجیاکان، وەزارەتی ناوخۆ بە خراپترین وەزارەت دادەنێن، لە هەمانکاتدا پێیانوایە وەزارەتەکانی پەروەردە و رۆشنبیری و تەندروستی لەو رووەوە دەرگایان کراوەیە و مامەڵەیەکی دروست دەکەن.
فەرمان سادق، رۆژنامەنووس لە گۆڤاری شەقام دەڵێت "بەگشتی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم زانیاری لەرۆژنامەنووسان دەشارنەوە، بەڵام تاڕادەیەک وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی رۆشنبیری دەرگایان والآیە بەرووی رۆژنامەنووساندا، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ و سامانە سروشتییەکان زۆر خراپن لەو ڕووەوە، چونکە ئەوان هیچ جۆرە هاوکارییەکی رۆژنامەنووسان ناکەن".
هەروەها (سەرتیپ قەشقەیی) لەگۆڤاری (ستاندەر) ئەویش پێیوایە وەزارەتەکانی تەندروستی، پەروەردە، ئەوقاف تاڕادەیەک باشن، بەڵام بەگوتەی ئەو "وەزارەتی ناوخۆ و پلاندانان، لەگەڵ وەزارەتی دارایی و شارەوانی بۆ کاری رۆژنامەنووسی خراپن".
بەبڕوای رۆژنامەنووس (بەهمەن عومەر) لە گۆڤاری (سڤیل) وەزارەتەکانی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی و ئەوقاف و پەروەردە باشن، بەڵام وەک ئەو رۆژنامەنووسە گوتی "وەزارەتی ناوخۆ و سامانە سروشتییەکان، لەگەڵ وەزارەتی دارایی زۆر خراپن لەپێدانی زانیاری و قسەکردن بۆ رۆژنامەنووسان".
عیسا خدر، کە چەند ساڵێکە لەشاری هەولێر بۆ رۆژنامەی (ئاوێنە) کار دەکات، دەڵێت "وەزارەتەکانی ناوخۆ و دارایی و سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی پێشمەرگە زۆرخراپن،

کە زانیاری نادەنە رۆژنامەنووسان"، عیسا گوتیشی "بەڵام وەزارەتی تەندروستی و پەروەردە و رۆشنبیری زۆر رێگری ناکەن لەپێدانی زانیاری و کاری رۆژنامەنووسیدا".
عیسا ئەو بەر بەستانە لەبەردەم میدیای ئازاد زیاتر بۆ ئەوەگەڕاندەوە، کە لە کوردستان "هەژموونی حزب زاڵە بەسەر دامودەزگا حکومییەکاندا، بۆیە ئەو راگەیاندنانەی کە سەربەخۆن بەزەحمەت زانیارییان دەست دەکەوێت".
وەزارەتی هاوبەش لەنێو رای ئەو رۆژنامەنووسانەی لەو راپۆرتەدا قسە دەکەن، بە پلەی یەک وەزارەتی ناوخۆیە لەوەی کە "مامەڵەیەکی خراپ" لەڕووی پێدانی زانیارییەوە بەرامبەر کاری رۆژنامەنووسی ئەنجام دەدات، بەڵام هەر یەکە لە (دڵشاد ئەنوەر) لەرۆژنامەی هاوڵاتی و (کەمال چۆمانی) رۆژنامەنووسی گۆڤاری (لڤین) زیاتر وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیان بەلاوە "خراپە"، چونکە بەبڕوای ئەو دوو رۆژنامەنووسە ئەو وەزارەتە بە یەکجاری دەرگای داخستووە، بەڕووی رۆژنامەنووساندا.
لەلایەکی تر (هیوا بەرزنجی) رۆژنامەنووس لەرۆژنامەی (رووبەر) ئەویش ئاماژە بەوە دەکات "وەزارەتی رۆشنبیری و پەروەردە و شارەوانی تا رادەیەک باشن، بەڵام وەک ئەو رۆژنامەنووسەی رۆژنامەی رووبەر گوتی "ئەو وەزارەتانەی کە خراپن وەزارەتەکانی ناوخۆ و سامانە سروشتییەکانە، چونکە دەرگایان بەڕووی رۆژنامەنوساندا داخستووە".
وەک (بارزان محەمەد) لە رۆژنامەی (رووداو) ئاماژەی بۆ دەکات، ئەو هیچ وەزارەتێکی پێ خراپ نییە، بەڵام بارزان، گوتی "لە زۆر رووەوە تەنیا وەزارەتەکانی پەروەردە و کارەباو کاروباری کۆمەڵایەتی زۆرجار دەرگایان بەڕووی رۆژنامەنووساندا کراوەیە".
بەبڕوای رۆژنامەنووس (هیوا بەرزنجی)، پێنەدانی زانیاری بەرۆژنامەنووسان کاریگەری خراپی لێدەکەوێتەوە، هەم بۆ سەر کاری رۆژنامەگەری، هەروەها بۆ تێگەیشتنی هاوڵاتیان لەکاروباری حکومەت، هیوا بەردەوام بوو لەقسەکانی و گوتی "پێنەدانی زانیاری بە رۆژنامەنووسان کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت، چونکە رۆژنامەنووس پەنا بۆ ناو و سەرچاوەی نائاشکرا دەبات، لێرەدا سەرەڕای ئەوەی لادانێکە لە ئیتیکی رۆژنامەنووسی، هەروەها لەزۆر رووە خوێنەریش توشی لادان و سەرسوڕمان دەکات".
سەرەڕایی ئەوەی رۆژنامەنووسانی ئازاد کێشەی وەرگرتنی زانیارییان هەیە، بەڵام ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لەئۆرگانی حزبە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەکانیشدان، بەپێی لێدوانەکانی خۆیان هەمان کێشەیان هەیە.
دیلان رەشاد لە تەلەفزیۆنی زاگرۆس، کە کەناڵێکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، دەڵێت "وەزارەتی رۆشنبیری تاڕادەیەک باشە و دەرگا کراوەیە، بەڵام وەزارەتی شارەوانی زۆر خراپە، چونکە زانیاریت پێنادەن و بەربەستت بۆ دروست دەکەن".
فەرەیدون بێوار رۆژنامەنووس لەرۆژنامەی (پرس) کە رۆژنامەکەی ئەوان سەر بە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی سەر بە پارتییە ئاماژە بەوە دەکات، کە "وەزارەتەکانی ناوخۆ

و سامانه سروشـــتييه‌كان يه‌كێكن له‌وه‌زاره‌ته خراپه‌كانی حكومه‌ت"، وه‌ک بێوار ئاماژه‌ی بۆكرد "به‌ڵام ئه‌وقاف و ته‌ندروســـتی و كاروباری كۆمه‌ڵایه‌تی باشن، چونكه رۆژنامه‌نووس ده‌توانێت به‌ئاسانی زانیارییان لێ وه‌ربگیرێت".

هه‌ژار ئه‌نوه‌ریش كه به‌رپرسی كه‌ناڵی (KNN)ی زمانحاڵی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕانه له‌شاری هه‌ولێر، وه‌زاره‌تی شاره‌وانی به‌خراپ ده‌زانێت"، هه‌ژار خراپی وه‌زاره‌تی شاره‌وانی بۆ ئه‌وه ده‌گه‌ڕێنێته‌وه. "له ماوه‌كانی رابردوو ســـه‌رۆكی شـــاره‌وانی هه‌ولێر له‌سه‌ر كاره‌كه‌ی لادرا، چه‌ندین جار په‌یوه‌ندیمان به وه‌زیر و وه‌زاره‌تی شاره‌وانی كرد، به‌ڵام به‌هیچ جۆرێک ئاماده نه‌بوون لێدوان بۆ كه‌ناڵه‌كه‌مان بده‌ن".

به‌پێـــی یاســـایی كاری رۆژنامه‌نووســـی له‌هه‌رێمی كوردســـتان، رۆژنامه‌نووســـان مافی وه‌ده‌ستخستنی زانیارییان هه‌یه، چونكه له خاڵی دووه‌مدا، له‌ماده‌ی دووه‌می یاسایی كاری رۆژنامه‌نووسی ژماره (٣٥)ی ســـاڵی (٢٠٠٧) كه به‌بڕیاری ژماره (١)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی په‌رله‌مانی كوردســـتان ده‌رچووه "رۆژنامه‌نوس بۆی هه‌یه له‌سه‌رچاوه جیاوازه‌كانه‌وه هه‌ر زانیارییه‌ک كه بایه‌خی بۆ هاووڵاتیان هه‌بێ و په‌یوه‌ندییان به به‌رژه‌وه‌ندی گشتییه‌وه بێ، وه‌ده‌ست بێنێ به‌پێی یاسا".

ســـه‌باره‌ت به‌پێنه‌دانی زانیاری به‌رۆژنامه‌نووســـان (د.كاوه مه‌حمود) گوته‌بێژی ره‌سمی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان، دوای ته‌واو بوونی ده‌وامی فه‌رمی له په‌یوه‌ندیه‌كی ته‌له‌فۆنیدا ده‌ڵێت "پێنه‌دانی زانیاری ئه‌وه په‌یوه‌ندی به یاساوه هه‌یه، له‌به‌ر ئه‌وه هێشتا له‌كوردستاندا یاسایه‌كی تایبه‌ت به‌پێدانی زانیاری نییه".

له‌به‌رامبه‌ر قسه‌كانی گوته‌بێژی حكومه‌تدا (هه‌ژار ئه‌نوه‌ر) به‌رپرسی نووسینگه‌ی (KNN) له‌هه‌ولێر پێیوایه سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیران له‌و رووه‌وه به‌رپرسی یه‌كه‌مه، چونكه "ئه‌گه‌ر ســـه‌یری راگه‌یاندنـــی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران بكه‌یـــن، زۆر كه‌مته‌رخه‌من به‌رانبه‌ر به رۆژنامه‌نووسان".

**٣١ی مایسی ٢٠١١ هه‌ولێر.**

**ئه‌م راپۆرته: له خولێكی رێكخراوی (IMCK)دا به‌شداریكردووه.**

# پارتی، بەڕووی راگەیاندنەکان قوفڵ لە خۆی دەدات

رۆژنامەنووسان دەسخستنی زانیاری و پشتڕاستکردنەوەی هەواڵ لە سنووری ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستـــان، بە بەربەســـتێکی گەورە دەزانن لەبــەردەم کارەکانیاندا، بەتایبەتی راگەیاندنی ئازاد کە زۆرتر بە دوای گەیاندنی زانیارین بە خوێنەران، سەندیکای رۆژنامەنووسانیش هۆکاری ئەو بەر بەستانە دەگەڕێنێتەوە، بۆ بەشێک لە بەرپرسە سیاسی و ئیدارییەکان، کە لە رۆژنامەنووس دەترســێن، ئەندامێکی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتیش پێیوایە پارتی بەوشێوەیە داخراو نییە کە باس دەکرێت.

کێشـــەی سەرەکی لە کوردســـتان ئەوەیە تا ئێستا حکومەتی هەرێم سیاسەتێکی روون و ئاشکرای نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رۆژنامەنووسان. بە بۆچوونی ئاسۆس هەردی، ئەمە کێشـــەی سەرەکی نێوان دەسەڵات و راگەیاندنە. ئاسۆس کە پێشووتر سەرنووسەری هەر یەکە لە رۆژنامەی هاوڵاتی و ئاوێنە بووە، ئێســـتا خاوەن ئیمتیازی کۆمپانیای ئاوێنەیە. ئاسۆس، وتی "لە هەموو شوێنێکی دونیا حکومەت وتەبێژی هەیە، ئەو وتەبێژە کۆنفرانسی رۆژانە یاخود هەفتانەی هەیە، هەروەها وەزارەتەکان وتەبێژیان هەیە بۆ وەڵامی پرسیارەکانی رۆژنامەنووســـان، وتەبێژی تایبەتی لە ســـەرۆکایەتی ئەنجوومەنـــی وەزیران و ئەرکی ئەو گەیاندنی زانیارییەکانە، بەڵام ئەوەی ئێســـتا هەیە وتەبێژەکان بەشەڕکردن لەگەڵ خەڵکدا قسە دەکەن، لەکاتێکدا مەفروزە ئەوان ئەو ناوەندە بن، کە زانیاری لە رێگای ناوەندەکانی راگەیاندنەوە بە خەڵک بگەیەنن".

لەهەموو وەزارەتێک هۆبەی راگەیاندن هەیە و ژمارەیەک لە فەرمانبەری راگەیاندکاریشیان بۆ دامەزراندووە، ئاســـۆس هەردی، رەخنە لـــە راگەیاندنی وەزارەتەکان دەگرێت و دەڵێت بەحســـاب وەزارەتەکان بەشی راگەیاندنیان هەیە، بەڵام ئەوان ناتوانن هیچ زانیارییەک بە رۆژنامەنووســـان بدەن، یان هیچ سەڵاحیەتێکیان نییە، کە وای لێهات رۆژنامەنووس ناچار دەبێت، پەیوەندی بە بەرپرسەکانی وەزارەتەوە بکات، بەرپرسەکانی وەزارەتیش بیروبۆچوون لەسەر کەناڵەکان دەدەن.

هەروەها ئاســـۆس هەردی، گوتیشـــی "ئەگەر وەزیرێک پێی وابێت، قسە بۆ راگەیاندنێکی دیارکراو نەکات، ئەمە ئەرکی ئەویش نییە بە هیچ شێوەیەک بڕیار لەسەر ئەوە بدات، کە ئەو دەزگایە چۆنە، وەک وەزیرێک بپرسێت، ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە چین و چۆنن؟ چونکە ئەو ئۆرگانانە هەرچییەک بن، بە رێگای شەرعی مۆڵەتیان وەرگرتووە و بە یاسا کار دەکەن.

بە بڕوای (بورهان قادر) بەرپرسی نووسینگەی رۆژنامەی هاوڵاتی لە شاری هەولێر پارتی بەشێوەیەکی گشتی حیزبێکی داخراوە و نایەوێت، ناوی لە رۆژنامەکان بهێنرێت، بورهان، پێیشـــی وایە ئەو بەر بەستانەی پارتی و دامەزراوەکانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پارتیش

لەوە دەترسێت سیناریۆی نێو یەکێتی لە حیزبەکەیدا دووبارە بێتەوە، بورهان قادر، وتی "پارتی لەوە دەترسێت، ئەو نەخۆشیەی ناو یەکێتی ئەوانیش بگرێتەوە، بەڵام ئەوە رێگەچارە نییە، چونکە دونیا گۆڕاوە و ئەگەر هەر حیزبێک لەگەڵ گۆڕانکارییەکان گوزەر نەکات ئەوا بەجێدەمێنیت".

ئەندامێکی مەکتەبی راگەیاندنی پارتی ئەو بۆچوونانە رەتدەکاتەوە، کە پارتی بە داخراو وەسف دەکەن، (ئازا حەسیب قەرەداغی) ئەندامی مەکتەبی ناوندەی راگەیاندنی پارتی داخراوی پارتی لە دوو جۆر بە دواداچوون دەدۆزێتەوە، ئازا وتی "من واتێدەگەم ئەو داخراویەی پارتی کە رۆژنامەنووسان باسی دەکەن پەیوەندیان تەنیا بە شتە تایبەتییەکانەوە هەیە، چونکە هەندێکی تایبەتە بە ژیانی کەسایەتی خۆیان ئەوە هەقێکی مەشروعی خۆیانە، هەندێکیشیان پەیوەندی بەکاری حزبییەوە هەیە، هەر کەس حیزبی هەبێت باسی ناکات، ئەگینا لە هەڵوێستی گشتی حیزبدا بەرانبەر بە زۆربەی زۆری ئەو مەسەلانەی لە مەیدانی سیاسیدا دێن و دەچن، رۆژنامەنووس وەڵامی پرسیارەکانی دەست دەکەوێت".

قەرەداغی، هەمان ئەندامی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی لەو قسانەی کە لە ئۆفیسی سەرەکی خۆی لە مەکتەبی راگەیاندنی پارتی قسەی دەکرد ئەو بە کارێکی باشی دەزانێت کە هەر ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بە ڕووی رۆژنامەنووساندا بڵێت من هیچ تەعلیقێکم، لەسەر ئەو زانیاریانەی ئێوە نییە، لە بەرامبەریشدا ئازا پێی باشە، مەکتەبی سیاسی وتەبێژی هەبێت. بۆ ئەوەی ئیشوکارەکان بەباشی راپەڕێنرێت.

ئەوەی رۆژنامەنووسان باسی دەکەن، لە دوای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، زۆر لە بەرپرسە حزبی و حکومییەکان لە سنووری پارتی، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی لای رۆژنامەنووسانە بێ دەنگن، (بورهان قادر) ئەمە بە یەکێک لە کێشەکانی خۆی وەسف دەکات و دەڵێت "کاتێک زانیاریەکم دەست دەکەوێ نازانم چۆن لێدوان لە مەکتەبی سیاسی پارتی وەربگرم، یان هەندێ جار دەمەوێ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکەم نایکەن".

زیرەک کەمال، سەرۆکی لێژنەی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان لە سەندیکای رۆژنامەنووسان، پێی وایە پێدانی هەواڵ لەلایەن حکومەتەوە وەک پێویست نییە، زیرەک وتی "رۆژنامەنووس بەشێکە لە کۆمەڵگا و لە رێگای کارە پیشەییەکانەوە بەشدارە لە کەلتووری گۆڕان و چەسپاندنی کایەکانی رای گشتی، بەڵام دەست بەسەرراگرتنی هەواڵ لای رۆژنامەنووس لە ئاستێکدا نییە کە بڵێی مایەی رەزامەندییە".

سەرۆکی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەربارەی داخراوی و ئەو بەربەستانەی پارتی بۆ رۆژنامەنووسانی داناوە ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەو ناتوانێت هەڵسەنگاندنێکی سیاسییانە بۆ پارتی بکات و هۆکاری دەرگا داخستنی بە رووی رۆژنامەنووساندا دیار بکات، زیرەک کەمال وتی "بەراشکاوی دەیڵێم بەشێکی ئەو

بەربەستانە دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک لە بەرپرسە سیاسییە حیزبییە ئیدارییەکان، چونکە لە رۆژنامەنووس دەترسێن. من لە رێگای گۆڤاری (سڤیل)ەوە داوا لەو رۆژنامەنووسانە دەکەم کە زانیاری هەواڵیان بۆ پشت راست ناکرێتەوە یا ئامادەنین هەواڵیان پێبدرێت، ئەوان دەتوانن پەنا بۆ یاسا ببەن و لە رێگای یاساشەوە مافەکانیان بۆ زامن بکرێت".

هەندێک لە رۆژنامەنووسە ناوخۆییەکان پێیان وابوو، دەزگاکانی پارتی جیاوازی لە نێوان راگەیاندنی ناوخۆیی و دەرەوە دەکەن، بەڵام بەرێوەبەری نوسینگەی کەناڵی جەزیرە لە هەولێر ئەویش وای دەبینی کە پێدانی زانیاری لەلایەن حکومەتەوە "سنووردارە"، ئەحمەد زاویتەیی بەرپرسی نووسینگەی تەلەفزیۆنی ئەلجەیرە لە شاری هەولێر وتی "سنوور بۆ زانیارییەکان دانراوە، واتە ئەگەر زانیارییەکان قازانج بە دەسەڵات بگەیەنێت، ئەوا رێگەی بڵاوکردنەوەیان دەدرێت، بە پێچەوانەش نابێت".

ئەوەی لەلایەن رۆژنامەنووسان تێبینی کراوە، سێ وەزارەتی حکومەت تا ئێستا کەمترین لێدوانی تێدا دراوە، ئەوانیش وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی دارایی و هەروەها وەزارەتی ناوخۆیە، هەوڵماندا لێدوان لە هەریەکە لە وەزیری دارایی و شارەوانی وەربگرێت، بەڵام ئەوجارەش ئەوان لە بەرامبەر هۆکاری بێ دەنگیان بێ دەنگ بوون، تەنها بریکاری وەزیری ناوخۆ دوا و هۆکاری دەرنەکەوتنی وەزیرەکەش لە راگەیاندن بۆ سەرقاڵی ئیشوکار گەڕاندەوە.

لەلایەکی تر، فایەق تۆفیق بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وتی "من باوەڕم بەوەنییە وەزیری ناوخۆ خۆی لە راگەیاندنەکان بەدوور بگرێت، بەڵام ئەو زۆر مەشغوڵە، چونکە دوو ئەرکی لە ئەستۆیە، ئەویش وەزیری ناوخۆیە و لە هەمانکاتیشدا ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە".

بۆ بەدواداچوونی زیاتر سەبارەت بەم راپۆرتە رۆژنامەوانیە، ویستمان بۆچوونی گوتەبێژی پارتی یان ئەندامانی تری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان وەربگرین، بەڵام هیچ یەکێک لەوان وەڵامی پەیوەندیە تەلەفۆنیەکانیان نەدایەوە.

**لە گۆڤاری "سڤیل" ژمارە (٤) ساڵی یەکەم شەممە (٢٠٠٩/١٠/٣) بڵاوکراوەتەوە.**

# کێن ئەوانەی لە رۆژنامەنووسان دەدەن؟

ئەو سەردەمە بەسەر چوو، دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی هاوشێوەی ساڵانی پێشوو بەهۆی داخراوی سنوورەکان و فاکتەرەکانی تر لەناو کۆمەڵگا، ئەوان بتوانن خەڵک بە جۆرێک لە جۆرەکان بەلا رێدا ببەن. یان چەواشەیان بکەن، یاخوود نیەتی ئەوەیان هەبێ ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی کە لە رابردوودا، خەڵک بۆ ئازادی و پرسی دیموکراسی هەوڵیان بۆی داوە، ئەوان کە ئەمڕۆ ویستێکیان بۆ ستەمکاری و درێژەدان بەکاری نا یاسایی هەیە، بتوانن رێ لـــە بیروڕایی جیاواز و هیواکانی تاکی کورد بگرن. یان ئەوانەی کار بۆ ئاســـۆیەکی روون دەکەن، حزبی کوردی بێت هەژموونی سیاســـەتێکی بەلا رێبردنی بەو جۆرەیان بخوازێت، هەموو جوڵانەوەیەک بۆ کۆمەڵگایەکی یەکســـان و ئازاد لە بار ببات. لەبەرامبەر ئەمەشدا حزبی سیاسی و دەسەڵاتی بنەماڵەیی لە کوردستان، دەیەوێ و پێویستە بەوردی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەحوکمی ئەوەی لە کوردستان، دەسەڵاتی بنەماڵەی و حزبی لە ستراکتۆری ژیانی سیاســـی و ئابوری و فەرهەنگی و هەموو جومگەو کایە جیاجیاکان ئامادەیان هەیە ئیدی پێویستە ئەو راستیانە کە دەیبینین وامان لێ بکات، باشتر قسەیان لەسەر بکەین، چونکە سیاســـەتی فێڵاوی حزب ئالێرەدا ئامادەییان هەبـــووە، کاتێک کە رووداو گەلێک کۆمەڵگا پێوەی سەرقاڵە کەچی لە بەرامبەر ئەمەیشدا، ئەوان هاتوون بەپێکهێنانی لێژنەی بێ ئەنجام، یان هەندێ جار سیناریۆ کراوە بە بەدیلی راستی چیرۆک و رووداوە راستەکان. ئەتوار بەهجەت، کچە رۆژنامەنووســـی عێراقی، لە ٢٢ی شـــوباتی ســـاڵی ٢٠٠٦ لەکاتی رووماڵکردنی رووداوی تەقاندنەوەی هەردوو مەزارگەی ئیمامی عەسکەری لە شاری سامەڕای عێراق، لەلایەن کەسانێکی نەناســـراو کوژرا، بەڵام سەرەڕایی هەموو ئەو بێ سەروبەری و شـــەڕو نا ئارامی و زۆری میلشیایە لە بەغداو شارەکانی دی عێراق، سەرئەنجام دوای سێ ساڵ بکوژانی ئاشکرا کران... (١)

بەڵام لە هەرێمی کوردستان، لە پێنج ساڵی رابردوو جگەلە برینداربوون و دەستگیرکردنی چەندین رۆژنامەنووس بە گوێرەی واقیع و ئیشکالیەتەکانی ئازادی رۆژنامەگەری و پێشێلکاری بەرامبەر بە رۆژنامەنوســـان لە کوردستان «٣» رۆژنامەنووسیش لە کوردستان کوژراون. (٢)

هەرچەندە کوردستان بەپێچەوانەی شوێنەکانی تری عێراق، لێرە میلیشا و دەسەڵاتی خێڵ و بنەماڵەیی و دینی کەمترن، ئەوەی هەیە تەنیا ئاسایش و پێشمەرگە و چەکداری سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، هەر رووداوکێش روو بدات، دوورونزیک بەپێی ئیشکالییەتی ئەمری واقیع، زیاتر لە ئەستۆی ئەم دوو هێزەدایە بە دەلیلی ئەوەی هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم هەموو کەس دەزانێت، کێ بەڕێوەیان دەبا و حاکمیەتی

ناوچەکەش ناسراون؟
دەگەڕێمەوە بۆ سەرکەیسی کوژرانی ئەو رۆژنامەنووسانەی لە بەڵگەنامەکاندا ناوییان هاتووە، بەڵام چارەنووســی کوژرانی ئەو رۆژنامەنووسانەی هەرێم هێشتا لەلایەن کەسوکارییانەوە بەزیندووی ماوەنەتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە دەسەڵاتی کوردییەوە هەیە تا ئێستاکە ئەوان کارێکی وەهایان نەکردووە، خەڵک قەناعەتییان بە کارەکانیان بێت. هەر بۆیە ناکۆکییەکانی نێوان خەڵک و دەسەڵات زیاتر بێ سنوور قوڵتر بۆتەوە و هەموومان دەزانین، ئەگەر خەڵک ترسیان لە بەکارهێنانی چەک و هێز نەبوایە، ئەوا دەمێک بوو جوڵانەوە مەدەنییەکان زیاتر کاریگەریان کردووە، سەر ئەو گۆڕانکارییە نوێیانە کە ناوچەکەی گرتۆتەوە.
لە بەردەوامی ئەو رووداوە، نەخوازراوانەی بەسەر رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی راگەیاندندا لە کوردستان هاتن، دوا بەدوای رووداوەکانی (١٧)ی شوبات پێشێلکاری و توندوتیژییەکان دەرهەق بەرۆژنامەنووســان، زۆر زیادیکرد بــەراورد بە رابردوو هەندێ لە چاودێرانی مێدیا و رۆژنامەنووســانیش لەو بڕوایەدا نەبوون، کەدوای چەندین ســاڵ لە بەڕێوەبردنی وڵات و ئەزموونکردنیان، لەگەڵ پرۆســەی بەناو دیموکراســی پارتی و یەکێتی بەو جۆرە، بەبێ گەڕانەوە بۆ یاساکان کە خۆیان دەریان کردووە، روبەڕووی رۆژنامەنووسان ببنەوە.
دوا بــە دوای ئەو بەروارە، بەهــۆی گردبوونەوە و خۆپیشــاندانەکان. ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووسان روبەڕووی لێدان و سوکایەتی پێکردن بوونەوە، بەڵام هەر لەدوای رووداوەکان دەســەڵات هەوڵی دەدا مەسەلەکە بکات، بە شتێکی شەخسی یان کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی ئەو پاکێتی خۆی پیشان بدات. ئەوەی جێگەی پرسیارە ئایا کەس هەیە باوەڕ بەوە بکات، کە بە (١٥) کەس لە رۆژنامەنووس بدەن، دواتر تەسلیمی پۆلیسی هەولێری بکەن، ئەوانە بە خەڵکی ئاســایی و بێلایەن دادەنرێن؟ ئەی ئەگەر ئەم کەسانە بێلایەن بن، ئەی رۆڵی هێزە ئەمنییەکان چین و لە کوێن؟ بۆ ئەوان لەکاتی رووداوەکاندا ئەگەر خۆیان دەستیان لە سوکایەتی کردندا نییە بۆ رۆڵی تەماشاکەر دەبینن؟
بۆیە ئەم پرســیار و نموونانەم هێنایە و دواتر دێینە سەر وەڵامەکانیان، چونکە بەردەوام لە وەڵامەکانیاندا بەرپرســانی حزبــی و ئەمنی هەولێر و ســلێمانی، هەواڵێکی وەها کە رۆژنامەنووس لێی درابێت، یان خەڵکی تر سوکایەتیان پێکرابێت، ئەوان رەتیان کردۆتەوە، چونکە پێیانوابووە کە رۆژنامەنووس لەســەر بابەتی شەخســی لێیاندراوە، یان قەرزاری خەڵکی تر بوون. هیچ گومانێکم لەوە نییە کە ئەو کەسانەی لە رۆژنامەنووسان دەدەن، جگە لە خەڵکی حزبی و سەر بە دەسەڵات، ئەستەمە سەر بە هیچ لایەن و هێز و بنەماڵەیەکی تریــن، جا حزب بەچــی زمان و راگەیاندێک خەڵک تێ دەگەیەنێــت ئازادن، بەڵام ئەگەر تووشی بەدحاڵی بوون نەبووبن، پێویستە لەوە تێ بگەن، کە خەڵک بەو مەکینە ئیعلامیەی ساڵانێکە خستویانەتە گەڕ جێگەی باوەڕ پێ کراو نین.
لەسەروبەندی خۆپیشاندانەکانی ساڵی «٢٠١١» لە هەرێمی کوردستان، لەو رووداوانەی کە

ڕوویانداوە، زیاتر ڕۆژنامەنووسان. بەزۆری ڕووبەڕووی هێرش و پەلامار دان و لێدان بوونەوە، ئەو پەلاماردان و ئەشـــکەنجەدانی ڕۆژنامەنووســـان تەنیا لە سنووری سلێمانیش نەبووە، بگرە لە هەولێریش بە ئاشـــکرا و بەڕۆژی ڕووناک ڕۆژنامەنووســـان، لەکاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندان و گرد بوونەوەکاندا، ڕووبەڕووی لێدان و سوکایەتی پێکردن بوونەوە.

لـــە (٢٠١١/٤/١٨) لە هەولێری پایتەخت، جگە لە من و بەهمەن عومەری هاوڕێم و چەند ڕۆژنامەنووســـێکی تری هاوکار و هاوڕێمان لێیاندرا و لەلایـــەن هێزە ئەمنییەکانی پارتی لـــە هەولێر ســـوکایەتیان پێکردین، لەگەڵ ئەوەی کەلەپچە کراین و تەعزیبی نەفســـیش دراین، دواتر پۆلیس بەنیاز بوو بەزۆر بەڵێننامەی ئەوان گوتەنی «بەشـــداریکردن لەکاری خراپەکاری و ئاژاوە گێڕی» بەڕۆژنامەنووسان ئیمزا بکەن، بەڵام بەشێک لەوانە بەتایبەت ئێمە قەبووڵمان نەکرد. خۆ ئەگەر لە هەر فەردێکی ئاســـایی لە کوردســـتان بپرسی ئایا لەکاتی ڕووداوەکاندا، پۆلیس دەتوانێت تەداخوولی کاری ئەو کەســـە مەدەنیانە بکات، کە بە بەر چاویانەوە لە ڕۆژنامەنووســـان دەدەن، بێگومان نەخێر چونکە پۆلیس خۆی باش دەزانێت ئەو کەســـانە کێن و ســـەربەچ حیزبێکن. هەر بۆیە ئیدی پێمان وانەبێت، کە بەو قســـانە باوەڕ بکەین، کاتێک پۆلیس دەردەڵی خۆی لای ڕۆژنامەنووسە کەلەپچەکراوەکان دەربڕێ و بڵێ «بەخوای ئەو کەسانەی کە لە ئێوەیان داوە، ئێمەش نازانین کێن؟ چونکە پۆلیسیش لێدانی خواردووە.

**سەرچاوە:**

**١. لێدوانی لیوا قاسم وتەبێژی فەرماندەی چالاکییەکانی بەغدا.**

**٢. ئەنوەر بازگر سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان- کۆنفرانسی «گەشەپێدانی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان- KIHR-IREX». ڕۆژی ٢٠١٢/٣/١٨**

# فشار بۆ سەر رۆژنامەنووسان

لە دوای روخانی رژێمی سەدام حوسێن، بەحوکمی کرانەوەی دەرگاکانی کوردستان بەڕووی وڵاتانی جیهان، زیاتر بۆ بازرگانیکردن بە نەوت، رۆژ لە دوای رۆژ لەگەڵ ئەم گەشەسەندن و بەهێز بوونەی پێگەی حکومڕانی، بێگومان پێگەی سیاسی ناوخۆی و دەرەکی دەسەڵاتی حزبیش لە کوردستان زیاتر لە وڵاتانی جیهان دەناسرێت، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کارییان لەگەڵ حزبی دەسەڵاتدار دەکەن، بۆ بازرگانی نەوت و غاز.
سروشـــتی بنەمای حکومڕانی بنەماڵەیی یان حزبی قائید وایە کە هەر لەســـەرەتاوە دەر دەکەوێت، کە ئەوان دەیانەوێت، چ جۆرە حکومڕانییەک لەناوچەکەدا دروست بکەن، ئەگەر ئاورێکیش لە رابردوو بدەینەوە، ئەوا دەکرێ دەســـەڵاتی ئێستا بە دەسەڵاتی دوای جەنگ دابنێین، واتە ئەم حوکمڕانییەی دوای جەنگ هەر لە ئێســـتاوە ئاماژەکان وای بۆ دەچن، کە ئەوان نایانەوێ حکومڕانیەک هەبێت، کارنامەی سەرەکی دەستە بەرکردنی ئازادییەکانی ئینسان بێت، بەبێ قەید و مەرج و ستراکتۆرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینی.
یەکێک لە ئاماژەکان بۆ بوونی دەســـەڵاتێک کە نایەوێ ئازادی رەها لە ناوچەکەیدا سەیر دەکرێت، ئەوەیە وەک ترســـێک لـــە ئازادی و فراوانبوونی نارەزایی خەڵکی کوردســـتان، دەســـەڵات قۆناغ بەقۆنـــاغ هەوڵی کەپتکردن و کۆنترۆڵکردنی شـــەقامی داوە، بۆیە هەر لەســـەرەتاوە پێیانوابووە دوژمنی سەرەکیان مێدیا و رۆژنامەنووسانە و پێویستە سەرەتا لە رۆژنامەنووسانەوە دەســـت بە بێدەنگ بوونی کۆمەڵگا بکرێت. دوا بەدوای هەستکردن بـــەو بێدەنگ کردنەی رۆژنامەوانان وەک ئاماژەیەک ســـەرەکی ترین کێشـــە کە بەرۆکی رۆژنامەنووسانی گرتۆتەوە، بەرزکردنەوەی کارتی زەردی ئاگادارکردنەوەیان بووە، لە ژیانی رۆژانەیان، ئەوە پەراوێز خســـتن و دروســـتکردنی وێنەی ناشرین و تۆمەت دانە پاڵ وەک کەلتورێکی لێ هاتووە.
زیاتر لە دوای رووداوەکانی ١٧ی شوبات، بەهۆی جوڵانەوەی زیاتری ئەو نارەزاییە بەرفراوانەی کە شـــارەکانی کوردســـتانی گرتەوە، وەک پەرچەکدار یان رێگایەک بـــۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە جگە لەڕووی سیاســـی و ئەمنییەوە، هەروەها لەناو کۆمەڵگا و خێزانەکانیش فشار و پاڵەپەستۆ بۆ وازهێنانی رۆژنامەنوسان لە کارەکانیان دەکرێت، یاخود بە جۆرێک لە جۆرەکان دەســـت لەو جۆرە ئاراستەی کارکردنیان کە رەخنەیە هەڵی بگرن. دەسەڵات کاری زۆری بـــۆ ئەمە کردوە. نموونەش زۆرن. زۆر هاوڕێی رۆژژنامەنووس هەبوون لەلایەن خێزانەکانیانەوە، چەندین جار داوایان لێکرا کە واز لە کاری رۆژنامەنووسی بێنن، یان ئەوان گوتەنی دووربکەونەوە لە رەخنەی جدی و بەداودانەوچون بۆ هەندێ کاری رۆژنامەنووسی

چونکە ئەزموونەکە ئەو بارودۆخەی بۆ لەبار نییە.
گومانی تێدا نییە هەموو ئەو فێرکاری و دەرسـانە لەناو خێزانەکان، بیرۆکەی دەسـەڵات بووە، چونکە حزبە فەرمانڕەواکان، هیچ گومانێکیان لەوەدا نەبووە، کە مێدیا رۆڵی بەرچاوی نەبووبێت، لە وشـیاری هاوڵاتیـان و کۆمەڵگا بۆ هاتنە سـەرجادەیان و داوای ژیانێکی ئارام و خۆشـگوزەران بکەن. بۆیە هەر چۆنێکیان کرد، بەڕێگای جۆراو جۆر ویسـتیان، رۆژنامەنووسانی ئازاد بێدەنگ بکەن، یان واز لە کارەکەیان بێنن.
هەموومان ئەو راسـتییە دەزانین، کە دەمێکە هێزە سیاسـییە دەسـەڵاتدارەکان پەیامی خۆیان لە رێگەی هەڕەشە و لێدان و تێهەڵدان و خوێن روشتن، جۆرەها جۆری تری گرتن و سـەرکوتکردنی رۆژنامەنووسانیان، کردۆتە کارنامەی خۆیان، یان زۆرجار یاساکانیان لە بەرژەوەندی خۆیان سەروخوار دەکەن، ئەوەش بەنییەتی فشار خستنە سەر رۆژنامەنووس و راگەیاندکارەکان بووە، تەنیا مەبەست لێی بێدەنگکردن و پاشگەز بوونەوەیانە لە کاری رۆژنامەنووسی.
چونکە حزب دەمێکە بەئاشـکرا پەیام و کارنامەکانی خۆی خستۆتەڕوو بەرامبەر بەکاری رۆژنامەنووسی و رۆژنامەوانان لەم هەرێمە، بەڵام لە ئێستادا جۆرە فشارێکی تەکنیکی تر بەکار دەهێنرێت، ئەویش لە رێگەی خزم و دۆست و کەسوکارەکانمانەوە، هەر بۆیە رۆژانە لە رێگـەی تەلەفۆن و ئیمەیل و تۆڕە ئینتەرنێتییەکانی تر، روبەڕووی مەسـیجی جۆراو جۆر دەبینەوە، گوایە بارودۆخەکە "ناسکە" یان خێزان و کەسوکارمان "زیان مەند دەبن"، ئەوەشـیان پێ وتووین، ئەگەر ئێوە بەو جۆرە لە رۆژنامـەکان کار بکەن، ئەوا "نان بڕاو دەکرێین"، دەبێ حسابی ئەوە بکەن، کە "ئیشوکارمان لەبەر ناڕوات".
هێنانەوەی ئەو نموونانەی کە خسـتمەڕوو بەسـە بۆ ئەوەی کـە خەڵکی ئازادی خواز و هاوڵاتیانـی تری ئەم وڵاتە لە پەیامەکانمان بگەن، کە چەندە فشـار هەبوون، بۆ ئەوەی پاشەکشە بە کاری رۆژانەی خۆمان بکەین، لە پێناو ئەوەی کە دەسەڵاتی بێ باک لە یاسا و قانوون و مافەکانی مرۆڤ، ملهوڕ ملهوڕ گوێ بە هیچ پێوەر و لۆژیکێکی ئینسانی نادەن، هەر مەبەسـتێکی خۆیان هەبێ بەدڵنیایەوە جێبەجێی دەکـەن. چونکە بەگرفتی نازانن یان پێیانوانییە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی چەندین قەیرانی گەورەی سیاسـی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و چەندان پرسی کەڵەکەبوونی ناکۆکی چارەسەر نەکراو هەن لە کوردستان.
ئەوەی کاری رۆژنامەنووسانە لێرەدا بەرپرسیارێتی زیاتریان دەکەوێتە ئەستۆ، ئەم فشارانەش دەبێ وا لە رۆژنامەوانان بکات، کە زیاتر ئەو دوو شێوازەی فشار بۆ سەر کارەکانیان و پاشگەز بوونەوەیان بەهەند وەرنەگرن، بەقەد ئەوەی وەک چاودێرێک کار لەسـەر کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی حزب بکەن، بە مەبەستی خستنەڕووی راستییەکان، بۆ ئەوەی نیەتێک هەبێ بۆ چارەسـەر کردنی کێشەکان. چونکە دەسـەڵاتی حزبی لە کوردستان، خۆی لە نێوان تێکەڵ بوونی خەون بە مانەوەی لەسەر کورسی دەسەڵات دەبینێتەوە، هەم ترسیشی

هەیە لە ئازادی ئینسانەکان، بۆیە ڕێگای نەخوازراو دەگرێتە بەر. واتە نابێ ڕۆژنامەنووسان بــە هیــچ جۆرێک بکەونە ئەو داوە فرت و فێڵەی کە دەســەڵاتی حزب هەیەتی یان هەر جۆرە فشــارێکی کۆمەڵگا کە ئەوان پێیانوایە زیان بەخۆیان دەگەیەنێت، بۆیە دەبێ ئێمە و هاوپیشــەکانمان زیاتر سوربین لە گەیاندنی پەیامەکانمان بەراستی و دروستی، چونکە پەیامی ڕۆژنامەنووس پەیامی ئاشــتیانەی هەموو ئینسانێکی ئازادی خواز و کۆمەڵگایەو گەیاندنی پەیامی کۆمەڵگاشە بەخودی دەسەڵات.
لێرەدا ئەرکی ڕۆژنامەنووسیش ئەوەیە کە ببێتە خزمەتکارێکی شیاو و لێهاتووانە لەئاست راستییەکاندا، لە پێناو مافی خەڵک بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیارییە راست و دروستانەی کە خەڵک پێویستی پێیەتی لە کۆمەڵگا چی دەگوزەرێت، هەروەها گرنگە ڕۆژنامەوان بەدڵپاکی و بێلایەنی و بە هەڵســەنگاندنەکان مامەڵە بە ناوەرۆکە سەرکییەکانی بابەتەکەوە بکات، دوور لە ئینتیمای حزبی و شەخســی و بەرژەوەندی حزب و خێڵ و بنەماڵە و ئایدۆلۆژیا جیاجیاکان کە ئەمڕۆ ئامادەییان لە ژیانی ئینسانی کورددا هەیە.

**لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٧٣١)ی ڕۆژی یەک شەممە، (٢٠١١/٤/١٥)دا، بڵاوکراوەتەوە.**

# کادیرەکەی لقی ١٦ی پارتی

ململانێی نێوان حزبەکان، شۆڕبۆتەوە، بۆ ناو ململانێی ئەندامان و نەوەکانیش، هەر ئەوەش وایکردووە، وەک پەرچەکدار یان وەڵام و کاردانەوە ئەندامی حزب، یاخود ئەو کەسانەی کە شوێن کەوتووی باوەڕی حزبە نەتەوەیی و ئایدۆلۆژیاییەکانی ئەمڕۆی دونیای حزبایەتین لە کوردستان، هەمیشە لەسەر پێ ئامادەن، بۆ حزبەکەیان وەک خۆشەویست و گیان فیدا بن، ئیدی گوێیان لەوە نەبێت، چۆن هەڵسوکەوت دەکەن، یان رەفتارەکانیان تاچەند لەزەرەر و بەرژەوەنـــدی کۆمەڵگان، چونکە یەکێک لـــە ئاکارەکانی حزب لێرە زیاتر وەک رێکخراو رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بەکارهێنان و هاندانی تاک ئەو هاندان و چۆشدانەش زیاتر وەک ئامادەباشـــیان بووە، بۆ ئەوەی هەر کات ترســـێک هەبووبێت، بۆ سەر پێگەو هەیمەنەی حزبەکەیان، ئەوان بتوانن داکۆکی لەسەر بکەن.
ئەوەی لە کادیرەکەی لقی "١٦" شازدەی پارتی لە شاوێس بینیم، دەقاو دەق ئەو پێناسەیە دەیگرێتەوە، زۆر لەلام ســـەیر نەبوو بەو شـــێوەیە هەڵسوکەوتی دەکرد، هەندێ جار وای دەزانی کەســـێکی دەستگیرکردوە، کە نزیکترین کەسی کوشتوە، یان دەستی لە کوشتنی سەرکردەیەکیدا هەیە.
من ئەو شێوە رەفتارەی کادیرەکەی پارتی بۆ پەروەردەی کایەی مەعریفی سیاسەتی حزب دەگەڕێنمـــەوە، چونکە پەیامێک بوو کە حزب لە رێگەی نێردراوەکەیەوە لەوکاتەدا پێمانی گوت ئەم نیشتیمانە تەنیا نیشتیمانی ئەوانە ئیدی لە دەرەوەی بیرکردنەوەی ئەوان هەموو شـــتێک مەحاڵ و رێگە پێدراو نییە خۆ ئەوان گوێ لەوە ناگرن لە دەرەوەی سیموڵەکانی ئەوان هەموو شتێک خاوەنی رێز بەهای خۆیەتی مەرج نییە ئەوەی ئەوان دیاری بکەن لە دەرەوە پەسەند بێت.
لەو سەروبەندەش حزبە دەسەڵاتدارەکان لەساتە قەیراناوییەکاندا بوون، ئەندامانی حزبیش وەزیفەکانیان دابەش بوو بوون، بەبێ گوێدانە مانا ئەخلاقییەکانی بنەمای هاونیشـــتیمانی بەرامبەر نابەدڵییەکانی حزب کەوتبوونە وەڵامدانەوە. گەڵاڵە بوونی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە و رەفتاری کادیرێکی حزب بەو شێوەیەی کە بینیم، هەموی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو زمـــان و جۆری گونجاندنەی حزب لایەنگری خـــۆی پێ پەروەردە دەکات، دیارە پەروەردە کردنەکەیان هەر ئەوەندەی بڕیکردووە، کە خۆیانمان نیشان بدەن. چونکە جێگەی تێرامانە شارۆچکەیەک بە موڵکی پارتی یان تەنیا حزبێک دابنرێت. کە لەکاتێکدا ئەو شوێنە زیاتر لە ١٠ هەزار جێ نفوزییەتی بۆیە لەبەر ئەوە جێگەی داخی زیاترە سیاسەتی پارتی دیموکراتی

کوردستان زیاتر بەوشێوەیە بێ کە ئەندامانی بەو جۆرە هەڵسوکەوت بکەن، چونکە خەڵکی کوردستان توشـــی قەیرانێک دەبێت، لەو قەیرانەی ساڵانێکە تێی کەوتوین، لەبەر ئەوەی رێژەی لایەنگری پارتی لەسەروی لایەنگری هەموو هێز و حزبەکانی ترەوەن.
ئەوەی زیاتر مەبەســـتم بوو بەو پەرەگرافەی ســـەرەوە دەست پێ بکەم، کە مەبەستم لە کادیرەکەی پارتی بوو، لە لقی (١٦)ی پارتی دیموکراتی کوردســـتان، چونکە کادیری ئەو حزبە منی کردە ئامانج و بەبیانوی ئەوەی وێنەی شارۆچکەکەی ئەوانم گرتوە، کۆڵی نەدا تا چالاکییەکی بۆ خۆی تۆمار کردو و منیشی تەسلیمی ئاسایشی ئەو شارۆچکەیە کرد.
چیرۆک لێرەوە دەســـت پێ دەکات، دوا نیوەڕۆی رۆژی سێشـــەممە (٢٩. ٣. ٢٠١١) دوای تەواوبوونی بەدواداچونێکی رۆژنامەوانیم سەبارەت بەو کوڕە گەنجەی کە لەلایەن ئەفسەرێکی پێشمەرگەی پارتیەوە "قۆندەرەی" پێ ماچکرا بوو لە شارۆچکەی شاوێسی سەر بەقەزای دەشـــتی هەولێر کە ڤیدۆیەکەشی لە سایتی یۆتۆب بڵاوکرا بووە، دواتر هەڵایەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا. زۆربەی سایت و رۆژنامەکوردییەکانی بەخۆوە سەرقاڵکرد.
لەدوای تەواوبوونی کارەکەم کە لە شارۆچکەکە هاتمە دەرەوە، دواتر لە دووڕیانی دەروازەی ئەو شارۆچکەیە لە ئۆتۆمبێلەکەم دابەزیم سەرقاڵی وێنەگرتنی دەروازەی چوونە ژوورەوەی شاوێس بووم، کاتێک لەپشتەوە بینیم دوو کەس یەکێکیان پیاوێکی تەمەن (٥٠) ساڵان جل و بەرگی مەدەنی لەبەردا بوو ئەوی تریان گەنجێکی (٢٥) ساڵ جلی سەربازی لەبەردا بوو بە کرمانجی قسەی دەکرد، ئەوان بە دەم راکردن و دەست بەرزکردنەوە، هاواریان دەکرد تا بە بۆڵە بۆڵ لێم نزیک بوونەوە، یەکەم قسەیان ئەوەبوو وتیان چۆن دەتوانی وێنە بگریت؟ پرستان بەکێ کردووە؟ ئێوە لە کوێ هاتوون؟ نازانن رەسم گرتن قەدەغەیە؟
منیش زۆر بەشـــتێکی ئاســـای وەرمگرت، لەســـەر خۆم بەوەڵام هاتم وتم "ئێوە کێن و چ کارەن؟
ئەوان یەکێکیان خۆی بە کادیری لقی (١٦)ی پارتی ناساند ئەو کەسەکەی تریش هەرچەندە پێشـــمەرگەی ئەو لقە نەبوو بەڵام ئامادە نەبوو ناو و شوێنی دەوامی ئاشکرا بکاتن دوای گفتوگۆیەکـــی زۆر و مقۆ مقۆ لەگەڵ ئەو دوو کەســـە زۆر هەوڵمدا بەزمانێکی پاراو تێیان بگەیەنم کە من تەنیا وێنەی شـــارۆچکەی شاوێســـم گرتووە نەک شوێنی تر، چونکە ئەو جێیەی من وێنەم گرت و ئەو کادیرەی پارتیش شـــەڕی پێ فرۆشـــتین، رێگای سەرەکی شاوێس سەلاحەدین بوو نەک بەردەمی لق و ناوچە یان بارەگا و بنکەی دەزگایەکی ئەمنی و سەربازی.
بەڵام بێ سوود بوو هەرچیمکرد حاڵی نەبوون، بەهەرحاڵ دوای کێشمەکێش سەر ئەنجام بێ ســـود بوو مەبەستی ئەوان ئەوە بوو برۆینە بارەگای لق، دواتر کادیرەکەی لقی (١٦) وەک دەسەڵاتدارێکی ئەو دەڤەرە هەڵسوکەوتی دەکرد لەکاتی قسە کردینیش دەمی کەفی دەکرد دەتگوت لە وشکانیدا بەگیریان هێناوە.

دوای چەند خولەکێکی چوو بەســـەردا، بەناچاری ئەو پیاوە، من و هاوڕێ شـــۆفێرەکەمی ڕاپێچـــی بارەگای لق کرد دواتر لەوێشـــەوە پاش کەمێک مانـــەوە. وەک ئەوەی دەرگا و پەنجەرەی لقمان لێ کردبێتەوە، نەک سامانی گشتیمان بەهەدەر دابێت، چونکە بە جێگەی گومانی دەزانم هەرگیز کادیرێکی وەهای پارتی ئامادە نییە خەڵکێکی گەندەڵ دەستگیر بکا بەو شـــێوەیەی کە لە لقی (١٦) چەکداریان لەگەڵ ئێمە نارد تا بەڕێوەبرایەتی ئاسایشی شاوێس.

پاش ئەوەی سەردانی بنکەی ئاسایشی شاوێسمانکرد لەوێش چەند خولەکێک ماینەوە، لە ئاسایشی ئەو شـــارۆچکەیە دواتر کە بەڕێوەبەرەکەی گەڕایەوە، دوای سەیرکردنی وێنەی کامێراکەم، پێی سەیر بوو لەسەر ئەو وێنانە ئێمەیان ڕەوانەی ئاسایشکردووە. چونکە ئەو بەڕێوەبەرەی ئاسایش هەڵوێستی کادیرەکەی لقی حزبەکەی بە باش وەسف نەکرد زۆریش بەڕێز ئیحترامەوە کامێراکەی دایەوە دەستم وتی "تۆ وێنەی شاوێست گرتووە، ئەوە شتێکی ئاساییە کەسمان لە ئاستی کەسمان خاوەن ماڵ نین، چۆن دەبێ لەسەر ئەو وێنانە ئێوەیان هێناوە بۆ ئێرە؟"، دووبارە کاتێک کە گەڕاندینیانەوە بۆ بارەگای لق کاتیش ئێوارە درەنگ بوو یەکێک لە کارگێرەکانی ئەو لقە لەوێ بوو ئەویش بە ڕێز و ئیحترامەوە، هەڵوێستێکی جوانی دەربڕی و بە قسەکانی دیار بوو کە ئەوەی کادیرەکەیان کردوویەتی کارێکی "خراپە".

لاتان ســـەیر نەبێ دوای (٢٠) ساڵ تێپەربوون بەسەر دەسەڵاتی کوردی، پارتی بەتایبەت لە دەڤەری دەشـــتی هەولێر و ناحیەی شاوێس کەهاو دەستەخوشکی ناحێیەی مەسیف ســـەلاحەدینە، ئەگەر گوزەرێک بکەیت، بەناو ئەو شـــارۆچکەیە هەموو وێنەکانت بۆ ڕوون دەبێتـــەوە، کە خەڵکی ئەوێ چـــۆن دەژین و لەچ گوزەرانێکدان، کەچی ئەو کادیرەی لقی (١٦) و هەزارانی وەک ئەو پێشمەرگەی کە لە ڕێگاکە پێی وتین: ئێوە خەڵکی "سلێمانین بۆچـــی هاتوون بۆ شـــاوێس" ئەگەر بەرامبەر خراپی گوزەرانی شـــارۆچکەکەیان، کەمێک هەڵوێســـتیان هەبوایە باریان بەو ڕۆژە نەدەگەیشت، کە ئەوان پاسەوانی کەسانێک بکەن، ژیان و حاڵی ناحیەکەشیان بەو شێوەیە لە قوڕو چڵپاودا بگوزەرێنن.

**لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٧١٩) یەک شەممە (٢٠١١/٤/٣) بڵاوکراوەتەوە.**

# فیڵ لە هاوڵاتی بوون کراوە؟
# کەیسی سەردەشت عوسمان نموونەیەکی زیندوو!

خاڵە جەوهەرییەکانی هاوڵاتی بوون چین؟ ئایا مرۆڤی ئێمە لە وەها دۆخێکدا، لە ژێر سایەی حکومڕانی خۆیی وەک هاوڵاتی بوون، ئەرک و مافەکانمان، بەبێ جیاوازی رەگەز و نەتەوەو ئاین و ئینتیما بۆ حزب و دەزگا دینی و دامەزراوە فەرمییەکان، هاتۆتە دەستنیشانکردن؟ لێرەدا، ئەگەر وەڵام بۆ ئەم پرسـیارە ئەوە بێت، بەڵێ لە کوردسـتان حکومەت هەیە، و بەهەڵبژاردنیش کورسییەکانی دەسەڵات پڕدەکرێنەوە، خەڵک توانای خۆ هەڵبژاردنی هەیە ئیدی دەبێ هاوڵاتی بوون چی بێت؟

وەڵامێک بۆ وەڵامی پرسـیارەکە ئایا تەنیا هەڵبژاردن و خۆکاندیدکردن، زامنی ئەوەیە کە هاوڵاتی بوون هەبێت، بەپێچەوانەوە، تەنیا هەڵبژاردن و مافی خۆ کاندیدکردن و فرە حزبی، زۆر بوونی مزگەوت، یان زۆری قوتابخانە و بازاڕگە و کردنەوەی دەیان و سەدان هۆتێل و بیناو باڵەخانەی بەرز زامنی هاوڵاتی بوون دەستەبەر ناکات، خۆ ئەگەر سەرنجێک لە ژمارەو داتای بوونی حزب و رێکخراوەو ئۆرگانەکانی راگەیاندن بدرێت لە کوردستان، دەکرێت ئەم هەرێمە بشوبهێنین بە یەکێک لە وڵاتانی پێشکەوتووی خۆرئاوا..

بەڵام لە کوردستان سادەترین مافی سەرەتای مرۆڤ، وەک "نیشتەجێبوون، سەفەر، بیمەی بـێ کاری، دابینکردنی زەماڵەی خوێندن". هەموو ئەمانـە لە ژیانی مرۆڤی کوردا رەنگی نەداوەتەوە، بۆیە ئەوەی حزبی ناسیۆنالیستی کوردی دەیڵێت لە بارەی هاوڵاتی بوون، تەنیا دروشم و شتێکی خورافی بووە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ لەهەر وڵاتێکدا دابین بکرێت، چ پێویست دەکات، پەنا بۆ تاقە شەخسێک یان سەرکردەیەک ببرێت لە وڵات، لە بەرامبەریشدا دەزگا یاسایی و قەزائیو چاودێریکردن ئیفلیج بکرێن.

جێگەی داخە، تا ئێسـتاش دەرکەوت بوونی سەرەکی ئێمە وەک دەرکەوتنی مرۆڤ بوون نەبووە، بەپشـت بەسـتن بەوەی کە (مرۆڤ کاتێک دەبێت , بە هاوڵاتی راستەقینە کە مافەکانی وەک مافی هەموو ئەوانە وابوو کە لەگەڵیاندا دەژی و ئەرکەکانیشی هەمان ئەرکی ئەوان بوو، بەڵام کە مرۆڤ فەرق و جیاوازی بەرامبەرکرا، مانایی وایە فێڵ لە هاوڵاتی بوون و مرۆڤ بوونیکراوە) ئەگەر بەو جۆرە بێت، کەواتە ئیدی شـتێک نامێنێت، بەمانا بەناوی سەرۆکی "وڵات" یان هەرێم و سەرکردەو دەسەڵات و فەرمانڕەوا، ئەوەی هەیەو پێدەگوترێ سەرۆک و سـەرکردە تەنیا بەلای ئەو کەسانەوە سەرکردەو سەرۆکی وڵات پەسەندن، کە بەشداریان لە سڕینەوەی ژیانی هاوڵاتی بوون و زیندوکردنەوەی عەقڵیەتی هەڵاواردنی نێو کۆمەڵگایان کردووە.

بەجۆرێک لەهەر ناوچەیەک ئەم پێناسانە گوزارشت لە سیاسەتی دەسەڵات و حکوڕانییەکەی بکات، واتای وایە ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێک نییە بتوانێت، مافی هاوڵاتی بوون دەستەبەر بکات، لە بەرقەراربوونی ئاسایشی ژیان و زەمانەتی ئیشتیماعی و کۆمەڵایەتییەکان و متمانە دان بە جێ نشینکردنی ئینسانەکان، بەلانی کەم بۆ ئەوەی کە بیر لە هەڵهاتن و رووکردنە شوێنێکی تر نەکەن، بۆ گەیشتن بە خەونەکانیان.

ئەم نموونەیەشم زیاتر بۆیە هێنایەوە دروست گوزارشت لەو جیاکردنەوەی نێوان ئینسانی ئێمە دەکات، لە کوردستان، چونکە کاتێک هەر یەکەمان بەدەم کێشەیەکەوە دەتلێینەوە، جیاوازی لە نێوان ئەم هاوڵاتی ئەو هاوڵاتی تردا دەکرێت. یان حزبی و نا حزبی بنەماڵەیی و بێ بنەماڵە زۆر بە پەسەندە ئەو پێوەرانە قبووڵ دەکرێت.

ئەگەر نموونەی کەیســـی (سەردەشت عوســـمان) بە هەند وەربگرین، کاتێک ئەم گەنجە رۆژنامەنووســـە کوژرا، بەشێوەیەکی گشـــتی دامودەزگا حکومی و ئیدارییەکانی وڵات بێ دەنگیان هەڵبژارد لە ئاست کەیسەکەی بەخاتری ئەوەی جوڵانی وەها کەیسێکی نارۆشن بەزیانی پارتی دیموکراتی کوردستان تەواو دەبێت، چونکە ئەوەی وەڵامی شەقامی دەدایەوە تەنیا "پارتی دیموکراتی کوردستان" بوو نەک حکومەت.

هەمووومان ئەو حەقیقەتە دەزانین، بەحوکمی ئەوەی سیستەمی بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان، لە سیستەمی سەرۆکایەتیەکی زیاتر حزبیش دەچێ و خەڵک بە جۆرێک ڕووی لەو سەرۆکایەتیە دەکەن، بۆ ئەم مەسەلەیەش هاوڵاتیان چاوەڕێ بوون، کە (مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێم، بێتە سەرخەت بێلایەنانە "باوک" ئاسا وەک سەرۆکی هەر وڵاتێکی دی، بە ئەرکی خۆی هەڵبسێت.

هیچ نەبێت ئەو دەبوایە قسەیەکی خۆی کارپێبکردایە خۆی گوتی «من سەرۆکی ئەوانەم دەنگیان پێ داوم هەروەها سەرۆکی ئەوانەشم کە دەنگیان پێ نەداوم" بۆ ئەمەش بارزانی زیاتر دەبتوانی بەئەرکی یاسای و بەرپرسیارێتی خۆی هەڵبسابایە کە خەڵکی کوردستان و خانەوادەی "سەردەشت عوسمان"ش لەوە دڵنیا بکردبایەتەوە، کە ئەو راستەوخۆ چاودێری دۆســـیەی کوژرانی ئەو گەنجە دەکات، کە پێشـــتر بەشـــێوەیەکی دڕندانەو بێویژدانانە و دوژمنکارانە دوور لە بەها ئینسانی و ئەخلاقییەکان لەپێناو ئازادی و داخوازییە مەدەنییەکانی کۆمەڵگا تیرۆرکرا.

بـــەڵام ئەوەی جێگەی داخ بوو بۆ ســـەرۆکی هەرێم و بەرپرســـانی تـــری وڵات، جگە لەو رووداوە، چەند رووداوێکی تری نەخوازراو و نامۆ روویاندا لە هەرێمی کورستان، لە ئێستاو رابردوش، لەلایەن ئەوان وەک دەسەڵات، هیچ روونکردنەوەیەکیان لەسەر نەدا، بە پێچەوانەی کەسانێکی تری نزیک بەخۆیان هەرکاتێک پێویست بووە، زوو بەزووی بە هانایەوە چوون، ئەمە جگە لەوەی دەزگاکانی پەیوەندیدار بە کاروباری ئەمنی هەمیشە دەخرێنە ژێر رۆشنایی پرســـیارەوە، کە ئەوان زیاتر ئەجێندای حزبی جێبەجێ کردووە، نەک پرۆژەو کارەکانیان

وەک دەزگایەکی نیشتیمانی بێلایەنانە بێت، لەکاتی رووداوە ناخۆشەکان بەدەم هاوڵاتیانەوە بچن.
لەو نارەزای خۆپیشاندان و رووداوانەی کە لە کوردستان روویاندا، بەتایبەتی لە شاری هەولێر کاتێک قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین و پەیمانگاکانی هەولێر دژ بەتیررکردنی سەردەشت عوسمان "پێڵاوەکانیان" بەرووی پەرلەماندا بەرز کردەوە، پێموایە هاوڵاتیان هەرچی بڵێن و چۆن گوزارشـــت لە نارەزاییەکانیان بکەن، لە شـــوێنی خۆیدایە و مافی ئەوەشیان هەیە داوای لێ پێچینەوە، لە هەموو دەســـەڵاتدارانی کوردســـتان بکەن، چونکە هەموو تاکێکی کۆمەڵـــگا ناهەقیان نییە گومان لەو بێدەنگیەی دەســـەڵات بکـــەن، کە بۆچی لە هەرێمی کوردستان، ئەوان خۆیان بەخاوەنی کەیسێکی وەک ئەوەی سەردەشت عوسمان نازانن، یان روونکردنەوەی لەسەر نادەن.
لانیکـــەم بۆ ئـــەوەی لای ئـــەوان وەک هاوڵاتی و خەڵک روون ببێتـــەوە، کە حکومەت و ســـەرۆکایەتی هەرێمیشماڵێکە بۆ هەموو ئینسانێک بە بێ جیاوازی لە نێوان حزبی و نا حزبـــی، دینـــدار و بێ دین، کورد و تورکمان، شـــەبەک و ئەرمەن، واتە هیچ پێکهاتەو بۆ چونگەل و ئایدۆلۆژییایەک نابێ لە دەرەوەی ئەم سیاسەتە بن، بەخاتری ئەوەی لە پێناو بەدیهێنانی مافی خەڵک و گەڕانەوەی شـــکۆی مـــرۆڤ وەک هاوڵاتی بوون هەموو کارێک بکرێت.
بەپێچەوانەوە، هەڵبژاردنی بێدەنگی بەرامبەر کەیسێکی وەک ئەوەی (سەردەشت عوسمان) کە نموونەیەکی زیندووە، وەک هاوڵاتیەک لەلایەن دەسەڵاتەوە بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم بێ دەنگی لێ کرا، بەرامبەر بەو ناحەقیەی بە خوێنی ئەو رۆژنامەنووسە کرا، سەرەڕایی ئەوەی تۆمەت درایە پاڵی.. ئەگینا کەس بەئەرکی بەرپرسیارێتی خۆی هەڵنەساو لە ئاستی حزبی و حکومیشدا بێدەنگیان هەڵبژارد.
گومانی تێدا نییە لەگەڵ ئەوەی ئەوان هەمیشـــە لەپێناو هەندێ دەستکەوتی شەخسی و بنەماڵەیـــی و تایبەتی بەخۆیان کاریانکردووە، واتـــە جۆرێک لە جۆرەکان، لە پاڵ بردنی ســـامان و داهاتی گشـــتی وڵات، کارییان لەسەر بێحورمەتی مرۆڤی کوردیش کردووە، ئەو بێحورمەتیەش بە جۆرێک بووە، کە لە جیاتی ئەوەی ئۆرگانەکانی دەوڵەت بۆ بەهرەمەند بوونی ئینسانی کورد بەبێ جیاوازی بخەنە گەڕ، کەچی هیچ مافێکیان بۆ خەڵک وەک هەر تاکێکی حزبی سەربەخۆیان بەرەوا نەزانیوە.
رووداوی (سەردەشـــت عوسمان) و بێدەنگیکردن لێی لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەمەش زیاتر پێمان دەڵێت، کە باوەڕمان بەوە هەبێت، مافی مرۆڤ و ئازادیەکانی ئینســـان، لە سایەی حزبی ناسیۆنالیست و لە دیدی بۆرژوازیەتی عەشایری خاوەن میلیشیاوە، مافی رادەربرین و هاوڵاتی بوون، لە باشترین حاڵدا، بە مەرج بەرتەسک کراوەتەوە لە حاڵەتێکیشدا، ئەگەر مرۆڤ بکوژرێت، یان ســـەرنووگم بکرێت، هاوشـــێوەی کەیسی "سەردەشت عوسمان" بێ

دەنگی لێ دەکرێت، ئیدی گرنگ نییە وڵات پڕبێت، لە فەسادی ئیداری و فەسادی ئەخلاقی و بە ئاشکراش تاوانکاری دەرهەق بە مرۆڤەکانی ئەنجام بدرێ و مافیاکانی وڵاتیش شانازی بە کردەوەکانیانەوە بکەن و بە بەرچاومانەوە بێن و بچن.

جگە لەوەی هێشـــتا حکومەت و دەسەڵاتێکی هاوڵاتی بوون لە هەرێمی کوردستان، وەک شتێکی مەحاڵ وایە و بوونی نییە، لەگەڵ ئەمەش تا هەنووکە لە زۆر لایەنەوە، دوو ئیدارەی لە ناوچەکە هەیە (سلێمانی و هەولێر) بەنموونە ئەگەر ڕووداوێکی وەک ئەوەی "سەردەشت" لە سلێمانی ڕووی بدابایە بەدڵنیاییەوە، ڕەخنە ئاراستەی دەسەڵاتی هەولێر یاخوود مەسعود بارزانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان نەدەکرا، بە حوکمی ئەوەی دەسەڵاتی بارزانی تا ناوچـــەی دێگەڵەی نزیـــک لە کۆیە بڕ دەکات، ئیدی لەوێ بەدواوە، یەکێتی نیشـــتیمانی مومارەسەی دەسەڵاتی خۆی دەکات.

بەڵام ڕووداوی کوشتنی (سەردەشت عوسمان)، لە هەولێر بووە، بۆیە هەموو بەدواداچوون و دۆزینەوەی تاوانباران بە پلە یەک ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی بەڕێز (مەسعود بارزانی) وەک ســـەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەم وەک سەرۆکی هەرێمیشە، بەڵام بەداخەوە بارزانی لە ئاست ئەو کەیسەدا کەمتەرخەم بوو بەجۆرێک نەدەکرا بەو شێوەیە بێت، چونکە ئەگەر قەرار بێ و ناوچەکە دیموکراســـی بـــێ و مافەکانی مرۆڤ زامنبکرێت، ئیدی نابێت ســـەرۆکی وڵات بە جیاوازییەوە لە هاوڵاتیان بڕوانێت، بەحوکمی ئەوەی ئەو باڵا دەسترین دەســـەڵاتە لە هەرێمی کوردســـتان، بەتایبەتی لە هەولێر، لە هەمـــان کاتیش بارزانی بە زۆرینەی دەنگی خەڵک بووە بە سەرۆک.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی دەڵێت (من سەرۆکێکی هەڵبژێردراوی خەڵکم واتە سەرۆکی ئەو کەسانەم کە دەنگیان پێداوم هەروەها خۆیشم بە سەرۆکی ئەو کەسانەش دەزانم کە دەنگییان پێ نەدوام) ئەم وتانەی ســـەرۆک جێگای دڵخۆشی بوون بۆ خەڵکی کوردســـتان، تا ئەو کاتەی ڕووداوێک ڕوویدا، بەڵام کاتێک ڕەوشـــی سیاسی و ئاسایشی وڵات بارگرژی بەخۆوە بینی، و بارزانی لایەنگیریکرد ئیدی هەموو ســـیحیر و ئیدیعایەکانی لەم شـــێوەیە پوچەڵ بۆوە، بەو واتایەی کە ئەو تەنیا قسەی هەبووە نەک کردار، چونکە بێدەنگی سەرۆک بارزانی لە ئاست ڕوداوێکی وەک کەیسی (سەردەشت عوسمان) خەڵکی نیگەران و توڕەکرد، لەوەی کە لەســـەر کوشـــتنی قوتابیەکی گەنج یان هاونیشتمانییەک کە لە هەولێر بڕفێندرێ و ڕەوانەی موســـڵ بکرێت، لەوێوە تەرمەکەی بهێنرێتەوە، بۆ ئەو جێگایەی کە سەرۆک خۆی بەرپرسیەتی ئەمە بەڵگەی ڕوونە کە ئەو نەیتوانیوە، باڵانسێک لە نێوان هەموو هاوڵاتیان و ژیانی ئینسان لە کوردستان، بەتایبەتی لە هەولێر بەشێوەیەکی بێلایەنانە ڕابگرێت.

ئێمە قســـەمان لەســـەر ئەوە نییە کە ڕفاندنەکەی ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی سەرۆکە نەخێر ئەمەیان مەســـەلەیەکی ترە، چونکە دوا بەدوای تیرۆرکردنی (سەردەشـــت عوسمان) کە

رووداوەكانی ١٧ی شوباتیشی بەسەرداهات، سەرەڕایی ئەوەی چەندین كوژراو و بیرینداری لێكەوتـــەوە، لە نێوانیاندا هاوڵاتی و رۆژنامەنووس و مامۆســـتای زانكۆ و هەڵســـوڕاوانی كۆمەڵگەی مەدەنی و پۆلیسیشـــی تێدا بوو، لە بەرامبەر هەموو ئەم رووداوانە هاوشێوەی كەیس و رووداوەكانی دی لە كوردســـتان، ســـەرۆكی هەرێم بێدەنگی هەڵبژارد بەجۆرێك رۆژێك لە رۆژان نەیویست كردارێكی وەها پیشان بدات، كە بەپێچەوانەی سیاسەتی یەكێتی بێت، یان دژ بە هەر هەڵســـوكەوتێكی خراپ كەلە ســـنوری پارتی دیموكراتی كوردستاندا كرابێت، كە خۆی سەرۆكییەتی.
خۆ ئەگەر ئەمەش بەنموونە وەربگرین، وەڵامی ئەوەمان دەداتەوە، كە سەرۆكی هەرێم یان بەگشـــتی دەسەڵاتداران لە كوردستان، ئەو ماوەیە نەیانتوانی، ئەو هاوسەنگیەی لە نێوان پێكهاتەكانی كۆمەڵگادا هەیە رای بگرن، ئەمەش بەومانایە دێت كە لەهەر شوێنی حكومڕانی بەوجۆرە بوو، ئیدی كەلێنێك لە نێوان هاوڵاتی و مافی  هاوڵاتی بوون دروســـت دەكات، بۆیە ســـەرئەنجام هاوڵاتی بوون، لە سیاقی دەسەڵاتدا بابەتێكە تەنیا بۆ چەواشەوكاری و پروپاگندەی هەڵبژاردن، یان ئیدعای سیاســـییە لێزانەكانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەكاری دێنن.

**سەرچاوە:**

**دین و دونیا مەریوان وریا قانع، هاوڵاتی وەک ئینسان لاپەرە ١١٤.**

**ئەم بابەتە بەر لە نوێكردنەوەی بێشتر لە رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٦٢٧)دا بڵاو كراوەتەوە.**

**هەروەها دووبارە لە هەمان رۆژنامە لە ژمارە (٨٣٣) بڵاو كراوەتەوە.**

# بێ ئومێد بوون لە سەرۆک

هەمیشـــە بڕوام بەوە بووە، گەر بگوترێ زۆرێک لە خەڵکی کوردســـتان، لە دڵ و ناخەوە، ئومێدی زۆریان بە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان نەماوە، بەتایبەت لە رۆژگاری ئەمڕۆ ئەوان بەدەم کێشـــەو ئاریێشـــەکانی ژیانی هاوڵاتیانەوە بێن و دڵخۆشـــیان بکەن، بەوەی کە دەتوانن، دەســـەڵاتەکانیان بە پاک و بێگـــەردی جێبەجێ دەکەن، هەروەها ئینتیمای هاونیشـــتیمان بوونیان لە پێش ئینتیمای حزب و بنەماڵـــە بوونەوەبێت، بەبێ جیاوازی دادکۆی لە خەڵکی ناوچەکە بکەن.

ئـــەوەی پەیوەندی بە رەوشـــی رۆژنامەگەری و ژیانی ئـــازادی کاری رۆژنامەگەرییەوە لە کوردســـتان هەبووە، بەش بەحاڵی خۆم ســـەبارەت بە بەدواداچوون ئەو پێشێلکارییانەی کە بەرامبەر بە رۆژنامەنووســـان ئەنجام دراون، هیـــچ ئومێدێکم بە حکومەت یان لایەنی پەیوەندیـــدار نەبووە، هەروەها بە ســـەرۆکایەتی هەرێمیش، چونکـــە وەک چۆن روون و ئاشکرایە کە ئیسلامییەکان خاوەن پرۆژەیەکی مەدەنی نین، ئەگەر لە داهاتوودا ببنە خاوەن دەسەڵات رەچاوی فرە چەشنی و حوکمێکی مەدەنیانە پێشکەش بە خەڵک ناکەن، وەهاش ئاشکرایە کابینەی حەوتی حکومەتی هەرێم، جیاوازییەکی ئەو تۆی لەگەڵ کابینەکانی تردا نابێت بۆ رۆژنامەنووسان.

هەندێ جار مرۆڤ لە کارێک یان هەر هەوڵێکی دی ســـەرکەوتوو نابێت، کەچی بێ هیوا دەبێـــت، بەبڕوای من ناکرێت بڵێت من بێ هیوا نەبووم، بەڵام دەکرێت رێگایەکی تر وەک بەدیلێک بۆ ئەو سەرنەکەوتنەی خۆی بدۆزێتەوە و دان بە هەقیقەتی بێ هیوای خۆیشیدا بنێت. دروست ئەم مەسەلەیە رۆژنامەنووسان دەگرێتەوە، چونکە ئەوان هێندە پەنایان بۆ بەرپرســـانی حزبی و حکومی بەتایبەتی سەرۆکایەتی هەرێم بردووە، هەموو هەوڵەکانیان شکســـتی خواردەوە، شکستی ئەوان لەوەشدایە کە رۆژ بە رۆژ روداوەکان زیاتر لە جارێک دووبارە دەبنەوە، پێشێلکارییەکان لە حاڵەت و دیاردە دەرچووە، خەریکە وەک کلتورێکی لێبێت، بەرۆژی روناک چاو لە رۆژنامەنووســـان ســـوور دەکرێتـــەوە، رێگریان لێ دەکەن، پەراوێزیان دەخەن لە بەشـــداری پێکردنیان لە پێدانی زانیاری بەشێک لە بەرپرسانی نێو دەســـەڵات بایکۆتی هەندێ مێدیای کوردیان کردوە، هەموو ئەمانە کێشەیەکی بەردەوامی رۆژانەی کارکردنی رۆژنامەنووسانن لە کوردستان.

ئـــەوەی زیاتر جێگای داخە رۆژێک لە رۆژان فەلاقەکارێک یان هەڵســـوڕاوێکی حزبی کە هەڵدەستێک بە تێهەڵدانی رۆژنامەنووسێک لێ پێچینەوەی لەگەڵ نەکراوە، لە یەکێک لە بەڵێنەکانی وەزارەتی ناوخۆ ئەوە بووە، کە ئەگەر هاتوو هەر کارمەندێک یان ئەفســـەرێک

لە وەزارەتەکەیان پێشێلکاری بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان ئەنجام بدات، جگە لەوەی سزای یاسـایی دەدرێت، هەروەها سزای دارایشـی دەدرێت، بەڵام تا ئەمڕۆ وەزارەتی ناوخۆ ئەو بەڵێنەی جێ بەجێ نەکردووە. لەگەڵ هەموو ئەو بێ بەڵێنی و بێ هیوایانە بە دەسەڵاتی کوردی ئەو کەسـانەی کە بەیانی تا ڕۆژ ئاوا دەبێـت، بەیاننامە بڵاودەکەنەوە، زۆربەیان هەق نارۆن و روونی ناکەنەوە، کە سەرکەوتوو نەبوون لە بە دواداچوونەکانیان، بۆ ئەوەش ڕێگایەکی تر هەڵبژێرن، چونکە هەر کاتێک ڕۆژنامەنووسان ڕووبەڕووی لێدان و سوکایەتی و فەلاقەکردن بوونەتەوە، لە لایەن هەندێک لە هێزە چەکدارەکانی حزب و هێزە ئەمنیەکانی هەولێرو سلێمانی بەتایبەتی، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و بەتایبەت سەنتەرەکانی پەیوەندیدار بەکاری ڕۆژنامەنووسـی وەک ناڕەزاییەک لە بەرامبەر ئەو پێشێلکاریانە داوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونـی بە پەلە یان کـردوە. بەڵام وەک ئەوەی بەرچاومان کەوتووە، لە زۆربەی بەیاننامەو ناڕەزاییەکانیان، هانایان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بردوە، ئەوان سەرۆکایەتی هەرێم و خودی سەرۆکی هەرێمیان وەک پەناگەیەک حیساب کرد و پەنایان بۆ بردووە، بۆ ئەوەی ڕێگا چارەیەکی گونجاو بۆ ئەو ڕەوشـە بدۆزێتەوە. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوەی پەیوەندی بە سەرۆکایەتی هەرێمەوە هەبووە، لەبەرامبەر پێشێلکارییەکان و ئەو بەهانا چوونەیان بۆ ڕۆژنامەنووسان، نەک بە ئەرکی خۆیان هەڵنەسانەوە، بگرە زۆر زۆریش کەمتەرخەم بووە. بـە دەلیلی ئەوەی کە دەڵێم سـەرۆکایەتی هەرێم کەمتەرخەمبووە، لە ئاسـت ڕووداو و داواکاری ڕێکخـراوەکان و چاودێرانـی مێدیا چونکە ئەم دامەزراوەیـە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە بەرامبـەر بڵاوکردنەوەی ئەو هەموو بەیاننامە و ناڕەزاییانەی ڕۆژنامەنووسـان، وەڵامێکی پێویستی بە داخوازییەکانی ڕۆژنامەنووسان نەداوەتەوە.

بە سـەرنجدان لە بڵاوکردنەوەی هەموو ئەو بایاننامانەی کە بەڕووبەڕووی بەرپرسانی وڵات بەتایبەتی سـەرۆکایەتی هەرێم دەکرێتەوە، ئەوانیش بەکردەوە، هیچ وەڵامێکیان بەڕووی داخوازی و پێشـنیازەکانی ڕۆژنامەوانادا نەداوەتەوە، دەبێ لەو سـەرنجدانەوە بۆ وەڵام نەدانەوەی ڕۆژنامەنووسان تێ بگەین، کە دەسەڵاتدارانی کوردستان، هیچ کات نەیانویستوە، دیارە ناشیانەوێت گوێ لە خەم و داواکارییەکانی ڕۆژنامەنووسان بگرن، ئەگەر نا وەڵامێکی پێویستی ڕۆژنامەنووسانیان دەدایەوە.

سـەرەڕایی هەموو ئەو بێ وەڵامی و گوێنەدانە بە کێشـە و ئارێشەکانی ڕۆژنامەنووسان، زۆرجار پاسـەوانەکانی سەرۆکی هەرێم یان ئەوکاتانەی ئەو رۆیشتۆتە بۆنە و کۆنفرانس و مەراسییەکان، ئاسایش و دەزگا ئەمنییەکان، ڕۆڵی خراپیان گێڕاوە، لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان، وەک نموونە لە مەراسمی ئاهەنگی ساڵ یادی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر سازکرا هێزە ئەمنییەکان مامەڵەیەکی زۆرخراپیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسـان کرد چونکە ئەو ڕۆژە ڕۆژنامەنووسـان و نوێنەری دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن بە مەبەسـتی ڕومالکردنی ئاهەنگی ساڵ ڕۆژی "سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی

ئێران" لەوێ بوون، دوای چەند جار پشکنین و وەرگرتنی مۆبایل و کەرەستەکانی راگەیاندن، لەلایەن دەزگا ئەمنییەکان.

دواتر تا بەرپرســـانی حزبی و حکومی ســـەرۆکی هەرێمیش نەچوونە ناو هۆڵی میدیاوە، هیچ یەکێک لە رۆژنامەنووســـان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە کامێراو پێداویستییەکانیان پێ نەدرایەوە، ئەوەش بووە مایەی نارەزایی رۆژنامەنووسان، هەر ئەو کاتە لەگەڵ (بیلال سەعید)ی هاورێم پێمان باشبوو کە بایکۆتی ئەم رێورەسمە بکەین، بۆ ئەوەی بەڵکو ببێتە وانەیەک کە چیتر پێشێلکاری و رێگری دووبارە نەبنەوە، چونکە کە رۆژنامەنووس کامێرای لێ وەربگیرێ و لەلایەن پاســـەوانەکانی سەرۆکی هەرێم کاتژمێرێک زمانە "سەگ" بە کەلو پەلەکانیان بهێنرێت، بەراستی ئەو پەرِی سوکایەتییە بە رۆژنامەنووس و پیشەکەی لەگەڵ ئەوەی هەمووومان تورە بووین و هەستمان بەوەکرد ئەمە سوکایەتیە پێمان دەکرێت، وەختیش بوو لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان بەشەرِ بێین، بەڵام جێگەی داخە زۆربەی رۆژنامەنووسان هاو رانەبوون لەگەڵمان کە بایکۆتی ئەو رێو رەســـمە دینی و حزبیەی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەین، کە دەزگا ئەمنییەکان و پاســـەوانەکانی سەرۆکی هەرێم بەو جۆرە هەڵوسکەوتیان کرد، بەڵام ئێمە هەر بایکۆتمان کرد.

**لە رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٨١٥) رۆژی (٧/٣/ ٢٠١٢) بڵاوکراوەتەوە.**

# دەستەی نووسەران

**(١) دەستنیشانکردنی دەستەی نووسەران**

ســـەرەتا پێویســـتە هەموو رۆژنامەیەک یان گۆڤارێک موحەریری تایبەت بەخۆی لە بوارە جیاجیاکاندا هەبێت، لەوانە ئەگەر هاتوو رۆژنامەکە یان گۆڤارەکە گشتی بوو مەبەست لێی "سیاســـی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، هونەری" هتد.... ئەوا پێویست دەکات، هەر یەکە لەم بەشانە موحەریری تایبەت بە خۆیان هەبێت، یاخوود ئەگەر هاتوو وەک مەلەف بەش، بەش جیاکرانەوە، ئاساییە بەرپرسی مەلەف لەو حاڵەتەدا دەووری موحەریر بگێڕێت، بە مەرجێک توانای دارِشت و رێکخستی هەواڵ و ریپۆرتاژە رۆژنامەوانییەکانی هەبێت.
کێن ئەوانە شـــیاون بۆ دەســـتەی نووسەران، ئەمە پرســـیارێکە وەڵامەکەی قورسە بەڵام هەرچی دەربارەی مێدیا و ئۆرگانە راگەیاندنی وڵاتە پێشـــکەوتووەکانە پێویستە دەستەی نووسەران بە میتۆدێکی باشدا تێپەڕ ببێت، واتە دەبێ ئەو کەسانەی کە وەردەگیرێن، یان شیاون بکرێنە دەستەی نووسەران، پێویستە شیاوی ئەو جێگایە بن، بە جۆرێک گرنگە بۆ ئەو رۆژنامەنووسە شارەزاییەکی باش و ئەزموونێکی دەوڵەمەندی باشی هەبێت، لەو بوار و بەشەی کە دەزگاکەی گرێبەستی لەگەڵدا ئیمزا دەکات , هەروەها دەبێت ئەو رۆژنامەنووسە خۆیشـــی باش ئەوە بزانێت، کە ئەرکی ئەو گرنگە بۆیە ناکرێت، بەشێوەیەکی لاوەکی لە کارەکەی خۆی بڕوانێت، وەک دەســـتەی نووســـەران. ئەمەش وەک ئەوە وایە وەک چۆن کەسێک ئەگەر یاســـایی نەبێت لە هەمانکاتدا ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسان نەبێ و لەبواری رۆژنامەنووسیشیدا پاشخان و شارەزاییەکی باشی نەبێت، ئەوا نابێت، وەک پارێزەری رۆژنامەیەک بێتە دەست نیشانکردن، چونکە لە کاتی هەر قەیران و کێشەیەک کە روبەڕووی دەزگا راگەیاندنەکە دەبێتەوە، ئەو پارێزەرە ناتوانێت، دەزگاکەی لەو قەیرانە دەرباز بکات.
لە کوردســـتان ئەوەی لەچەند رۆژنامەو گۆڤارێک بینیومانن، زۆرن ئەو گۆڤارانەی کە هەر پەیامنێرێکیـــان دەوامی بەردەوامیان هەبووە، یان بابەتەکانیان تایبەت بوون بەو دەزگایە وەک دەســـتەی نووســـەران دانراون، هەروەها رۆژنامەش هەبووە ژمارەیەک لە دەســـتەی نووســـەرانی دەستنیشان کردوە، بەڵام لە راستیدا ئەو دەستەی نووسەرانە بەجۆرێک هیچ یەکێکیان توانای ئەوەیان نەبووە ریپۆرتاژێکی رۆژنامەوانی ئامادە بکەن، یاخوود هەواڵێک دابرِێژن شیاوبێت بۆ بڵاوکردنەوە.

**(٢) دەستنیشانکردنی بیرۆکە رۆژنامەوانییەکان**

بێگومان کارکردنی دەســـتەی نووســـەران و خۆ ئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی کاری نوێ لە

هەر دەزگاكەیەک بێت، وەک لە سـەرەتا "باسـمانكرد" ئەركـی رۆژنامەنووس بەتایبەتی دەستەی نووسەران زۆر گرنگە كارێكی قورسیش ئەنجام دەدەن، هەر بۆیەش پێویستە ئەو رۆژنامەنووسە بەر لە هەر كارێک ئەنجام بدات، مەبەست لێی بەدواداچوونی رۆژنامەوانییە گرنگە هەموو دەسـتەكە لەناو دەزگایەكەیان، پێكەوە هەر یەكەیان تایبەت بە بەشەكەی خۆیان گفتوگۆ و راو سەرنج لەسەر ئەو فكرەو بیرۆكانە بگۆڕنەوە كە بەنیازن كاری لەسەر دەكەن، ئەمەش بۆ ئەوەیە كارەكەیان بەسەركەوتوی بۆ ئەنجام بدرێت. وەک نموونە ئەگەر هاتوو رۆژنامەنووسێک لە رۆژنامە یان ئەو گۆڤارەی كاری تێدا دەكات، بەدواداچوونێكی لە بارەی گرێبەسـتییە نەوتیەكانی نێوان كۆمپانیای "Exxon Mobil" و وەزارەتی نەوت و سـامانە سروشتییەكانی حكومەتی هەرێم هەبوو. سـەرەتا دەبێ دەستەی نووسەران، لەگەڵ بەڕێوەبەری رۆژنامەكە پێكەوە گفتوگۆ لەبارەی بیرۆكەی ئەو رۆژنامەنووسـەیانەوە بكەن، بۆ ئەوەی لایان رۆشـن ببێتەوە، ئایا بیرۆكەكە لەوە سەرچاوە دەگرێت، كە بۆچی كۆمپانیای "ئیكسۆن مۆبیل" هاتۆتە كوردستان وەبەرهێنان دەكات؟ چونكە ئەو كۆمپانیایە یەكێكـە لە گەورەترین كۆمپانیای ئەمریكا كە لە ١٤٠ وڵاتی جیهاندا وەبەرهێنان لەنەوتدا دەكات... بەجۆرێكی تر هەرێم لەگەڵ بەغدا كێشەی گرێ بەستی نەوتی هەیە. ئایا هاتنی ئەم كۆمپانیایە كێشەكانی هەرێم و ناوەند تۆخ ناكاتەوە؟ ئەمانە و چەند پرسیار و پێشنیار و گفتوگۆی تر هەڵ دەگرێت، بۆیە پێویسـتە دەسـتەی نووسـەران پێش دەستپێكردنی ریپۆرتاژەكە ئامانج و مەبەستی بابەتەكە دیاری بكەن.

ئەوەی بۆمان روون دەبێتەوە و پرسیار گەلێكمان لا دروست دەكات، ئەویش ئەوەیە رەنگە بپرسین ئایا ئەو پێناسەیەی كە بۆ دەستنیشانكردنی بیرۆكە رۆژنامەنووسییەكان، لە نێوان دەستەی نووسەراندا كردمان، لە دەزگا راگەیاندنە كوردییەكاندا وەها كارێک كراوە، ئەگەر من وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، بەحوكمی ئەوەی لە چەند رۆژنامەو گۆڤارێكدا كارمكردووە، بەڕاشكاوی دەڵێم نەخێر بۆ؟ لەبەر ئەوەی رەنگە كەم تا زۆر رۆژنامەو گۆڤارەكان هەفتانە كۆبوونەوەی نێوان ستافەكە كرابێت و هەندێكیشیان بیرۆكەكانی هەفتەیان خستبێتەڕوو، بەڵام زۆر بەكەمی گفتوگۆ لەسەر بابەتە رۆژنامەوانییەكان كراوە.

### (٣) راوێژكردن بە دەستەی نووسەران

وەک لەسەرەتا باسمانكرد ئەركی دەستەی نووسەران، هێجگار گران و زەحمەتە بە جۆرێک نابێت هەموو كەسـێک بێتە دەستنیشـانكردن وەک دەستەی نووسـەران. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە زانین و نهێنی دەزگا راگەیاندنەكەوە هەیە پێویسـتە دەسـتەی نووسەران بیزانێت، بۆ نموونە لە ڕووی ئابووری و ئەو داهاتەی دەدرێتە دەزگاكە یاخود دەزگاكە وەک هاوكاری یان لە بەرامبەر ریكلامدا وەری دەگرێت، بەلانی كەم دەبێت لەهەموو حاڵەتێكدا، دەستەی نووسەران ئاگاداری ئەوە بن، یان ئاگادار بكرێنەوە.

هەروەها ئەوەی پەیوەندی بەراوێژی ترەوەیە بۆ دەستەی نووسەران لە گۆڤار یان ڕۆژنامە و تارادەیەکی زۆریش ئۆرگانە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن و مێدیا پێوستە دەستەی نووسەران لەو زانیارییە نهێنیانە یاخوود سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی ناو مێدیاکە ئاگادار بن، ئەگەر هاتوو ئەو ڕۆژنامەیە یان گۆڤارەی کە گۆشەیەکی بەردەوامیشی هەبوو وەک سەروتار ئەم سەروتارەش لە هەندێ ڕاگەیاند هەن بەتایبەتی ڕاگەیاندنی حزبی یان ئەو ڕاگەیاندنانەی کە شێوەیەک لە ئایدۆلۆژییان وەرگرتووە، چونکە پێیانوایە دەبێ لەکاتی دەرچونی ژمارەی نوێی بڵاوکراوەکەیان پەیامی خۆیانیان هەبێت. ڕەنگە لەم بەشەی تریش سەبارەت بە ڕاوێژکردن و ڕۆڵ بینینی دەستەی نووسەران لەلایەنی ئابووری و یاسایی و ئیداری و هەموو ئەو پەیامانەی بەناوی ئۆرگانەکەوە بڵاو دەکرێنەوە، گرنگە تاچەند ڕۆژنامەنووسی دەستەی نووسەران بە هەقیقەت و زانیارییەکانی زانیوە لە دەزگاکەی خۆیدا بڵاو دەکرێنەوە، چونکە لەزۆر ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردستان بینیومانن، ژمارەیەک یان ڕیزێک ناو دانراون.

ئەوەی پەیوەندی بە دەزگاو ڕاگەیاندنەکانی ئێمەوە هەیە پێویستمان بەوەیە سەرەتا دامەزراندن یان کردنەوەی ڕۆژنامەیەک یاخود گۆڤارێک ڕوونکردنەوەی لەسەر بدەین، بۆنموونە دەرکردنی ئۆرگانی نووسراو لە کوردستان بەم شێوەیە بەشێکیان لەلایەن چەند کەسێکەوە واتە بەرێگەی پشک ڕۆژنامە دەردەکەن ڕۆژنامەش هەیە کەسێکی دەوڵەمەندە خۆی وەک خاوەن ئیمتیاز ڕۆژنامەیەک دەردەکا و دواتر ستافی تایبەتی بۆ پێک دێنێت، ڕۆژنامەو گۆڤاری تریشمان هەن لەڕێگەی تەزکییەی حزبیەوە لەلایەن حکومەتەوە بوودجەی مانگانەیان بۆ دابینکراوە.

ئەوەی پەیوەندی بە زانینی دەستەی نووسەرانەوە هەیە بەتایبەتی ئەو ڕۆژنامانەی یان گۆڤارانەی کە دەستەی نووسەرانیان هەیە چونکە ئۆرگانمان هەبووە، تا ئێستا دەستەی نووسەرانی پێکنەهێناوە، لەڕووی داهاتی ئابووریەوە ئەوەی بڕاوەتەوە، تەنیا لە نێوان یەکەم خاوەن ئیمتیاز دووەم سەرنووسەر یان جێگرەکەیەتی ئەگینا بە تەحەداوە دەیڵێم دەستەی نووسەرانی هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێک نازانێت، داهاتی هاتوو ڕۆیشتوی ڕۆژنامە و گۆڤارەکەی چۆنە چۆنیش خەرج دەکرێت.

هەرچەندە دەستی نووسەران، زۆرجار ئەرکی خۆیان بە باشی ڕاپەڕاندووە، بەڵام بە حوکمی ئەو سنوور بەندی و هەبوونی مەهام و سیاسەت و ئامانجی ڕاگەیاندنەکە ئەوا ئەو ناتوانێت، بە باشی کار بکات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کەسێک یان کەسانێکی نێو ڕۆژنامە لە دەستەی نووسەران دەتوانن، ئاراستە و مەهامی دەزگاکە بەجۆرێک لە جۆرەکان بگۆڕن؟ دەتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، چونکە بەبڕوای من ڕوون و ئاشکرایە و دەتوانین، وا وەڵام بدەینەوە، لە کوردستان ئەستەمە دەستەی نووسەران، یان زۆر جاریش سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین، بتوانن سیاسەتی کارکردنی دەزگاکە بەپێچەوانەی ئەو ئامانجەی کە لەسەری دامەزراوە بیگۆڕن.

ڕەنگە خەڵکێک هەبووبێت، بانگەشەی ئەوەی کردبێت، کە ئەو چۆتە ڕۆژنامەیەک توانیویەتی سیاسەتی ڕۆژنامەکە بگرێت، یان گۆڕیبێتی، ئەگەر بەو قسەیە بێت، کەواتە هەر کەسێک کە دەستەی نووسەران، یان سەرنووسەریش بووبێت، کاتێک کارەکەی لە ڕۆژنامەیەک بۆ ڕۆژنامەیەکی دی گواستۆتەوە، ئەوا بە ئاسانی توانیویەتی سیاسەتی ئۆرگانەکەی بگۆڕێت. دروست پێچەوانەکەیەتی بۆنمونە لەبەر ئەوەی دەستەی نووسەران و پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی لە هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن، هێندە سەلاحیەتیان نەبووە و پرسیشیان پێ نەکراوە، بەچ ئاراستەیەک کار دەکەن، یان دەیانەوێت لە داهاتوودا، چۆن خۆیان بۆ ئەگەرەکانی پاشەکشەی میدیای نووسراو ئامادە دەکەن. بۆیە ئەوان ناتوانن سیاسەتی دەزگایەک یان ڕۆژنامەیەک بگۆڕن.

دووریش نیە هەر کەسێک قسەگەلێکی لەم شێوەیە دەکات، بۆ داپۆشینی شکستی ناخ و دەروونی خۆی بێت، کە لە ژیانی ڕۆژانە خۆی تێدا بینیبێتەوە، چونکە من بڕوام بەوە نیە لەبەرئەوەی لە کوردستان مێدیای نووسراو بەتایبەت زیاتر مێدیایەکی شەخسی کەسێک بووە، یان حزبێک یاخوود گروپێکی ناو دەسەڵات لە پشتیەوە بوون، بۆیە دەستەی نووسەران ناتوانێت، لە هەموو حاڵەتێک، بپرسێ یان داوا بکات، با خەرجی و ئەو پارەیەی دەدرێتە دەزگاکە بۆ ئەندامانی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکەی ڕوون بکرێتەوە، ئیدی چۆن ئەوی دەستەی نووسەران دەتوانێ ئاراستەو سیاسەتی کارکردنی ڕۆژنامە یان گۆڤارێک بگۆرێت؟

لەماوەی چوار ساڵ کارکردنم لە گۆڤاری سڤیل لە شاری هەولێر وەک دەستەی نووسەران تەنیا لە کۆبوونەوەی ڕۆژانی دوای دەرچوونی ژمارەی نوێی گۆڤارەکە بەشدار دەبووم ئەگینا لە داڕشتنی سیاسیەتی گۆڤارەکەو پاڵپشتی داراییەکەی هیچ زانیاریەکم نەبوو بگرە لەناو گۆڤارەکەش زانیارییان نەدەدا کەوەک دەستەی نووسەران مافی ئەوەم هەبێت، بزانم ئەم شوێنەی کاری تێدا دەکەم بوودجەی مانگانەی چەندە؟ لە لایەن چی حزب و حکوومەتێک هاوکاری دەکرێت. تەنیا زانیارییەکان لە دەرەوە دەمانبیست گۆڤارەکە بە تەزکیەی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی بۆ دابین دەکرێت. هەڵبەتە کەسانی تریش هەبوو وەکو من لە دەستەی نووسەران ئەوانیش بێ خەبەر بوون. بێگومان ئەم شاردنەوەی زانیاری و ناشەفافیە پەیوەندی بەوەبوو کەسێک لەناو پڕۆژەکەدا نەبێ بەپێویستی نازانن هەمووشتێک بزانێت، خۆ ئەمە تەنیا بۆ سڤیل وانیە بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەو تیڤیەکانیش بەهەمان شێوە بەتایبەتی ئەوان لە ژێر ناوی "سەربەخۆ، سێبەر"ن. داهاتوو و سەرمایەو ئەو پاڵپشتە داراییەی لەم ئۆرگانە مێدیایانە کراوەو تا هەنووکەش دەکرێت. بەشاراوەیی تەنیا کەسانی دەسترۆیشتووی ناو ئۆرگانەکان دەیزانن.

سوود لە خوولێکی ڕۆژنامەوانی ڕێکخراوی (IMCK) وەرگیراوە، مامۆستا دیڤد ڕاهێنەری ڕۆژنامەوانی هۆڵەندی سیمینارەکەی پێشکەشکرد.

# ١٨ی نیسانی ٢٠١١
# کۆتووبەندی نوێ، توندوتیژی لە هەولێر

دووەم ڕۆژ سەر لە بەیانیەکەی زوو بەشداربووم لە کۆنفرانسی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراق، کە لە هۆڵی پێشـــەوا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێم لە شاری هەولێر سازکرابوو، ئەو هۆڵەی کە بەناوی پێشەوا قازی موحەمەد کراوە، کەچی لە هەموو بۆنەو ئاهەنگێکیش بەردەوام ناوی پێشـــەوا دێت، بەڵام بۆ ســـاتێک وێنەی پێشـــەوایان لێ هەڵنەواســـیوە، بەپێچەوانەی ناو و ناونیشـــانی هۆڵەکە، لە شـــوێنی وێنەی پێشـــەوا، پارتی دیموکراتی کوردستان، وێنەیەکی مەلا مستەفا بارزانیان بە گەورەی داناوە.

ئـــەو ڕۆژە دوای مانەوەم بۆ چەند کاتژمێرێک لەوێ، چەند گفتوگۆیەکم لەســـەر پرســـی ئەنفال و گۆڕی بە کۆمەڵ لەگەڵ چەند بەشداربوویەکی کۆنفرانسەکە سازکرد پێم باشبوو کۆنفرانسەکە بەجێ بهێڵم چونکە ئەو کاتەی کە لەوێ بووم بەوردی نیقاشم لەسەر هەندێ بابەتی ناو کۆنفرانسە کرد، هەستیشم بە ماندووبون کرد چونکە بەیانی زووەکەی زوو لەخەو هەڵسابووم.

لەو سەروبەندەشـــدا، بارودۆخی کوردســـتان، جۆرێک نا ئارامی گرتبوویەوە، بە حوکمی ئەوەی خۆپیشـــاندان و ناڕەزایی لە چەند ناوچەیەکی کوردستان هەبوو، خۆیشم دوو ڕۆژ پێش ١٨ی نیســـان لە سلێمانی بووم بەڕاستی ئەو شارە یەک پارچە خەڵک تورە، دژ بە دەســـەڵاتی یەکێتی و پارتی ڕژابوونە سەر شـــەقامەکان و گۆرانی و دروشمی عەدالەتی و یەکســـانیان دەگوتەوە، دەسەڵاتی ئەوێ بەپێچەوانەی دەسەڵاتی ناو ڕاگەیاندنەکانی حزب دەهاتە پێش چاو، حکومەت خەریک بوو کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دەدا، هێزە ئەمنییەکانی سلێمانی دوور تا نزیک لەســـەرای ئازادی نەدەبینران، خەڵک بیری لە ڕۆیشتنە دەرەوەی

وڵات دەکردەوە، زۆرێکیش پێیانوابوو دەسـەڵاتی یەکێتی "دەڕوخێت" کە هێزی ئەمنی و چەکداری حزبیشـت بیر دەکەوتەوە، یان لەدەرەوەی سلێمانی و لەچاوی میدیاکانی حزب دیمەنە گوماناوییەکانت هەسـت پێدەکرد، دەتگوت ئەم خۆپیشاندانە چەند رۆژێکی ترە و بەزەبری چەک کۆتایی پێ دەهێنرێت.

کاتێک لەبەردەکی سەرای "ئازادی" لە نزیک هەندێ رۆژنامەنووسی کەناڵە جیاجیاکانی تر وەسـتابووم وێنەم دەگرت، بیرم لەو بارودۆخە دەکردەوە، هەر لەپێش خۆمەوە دەمگوت: ئەگـەر ئەم ناڕەزایە بەم شـێوەیە هەروا بەردەوام بێ، دەبێـت چ رووبدات؟ ئایا ئیدارەی سلێمانی لە ژێر دەستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دەردەچێ و خەڵک خۆیان حوکمی نوێ هەڵدەبژێرن؟ دەشێ ئەوە لە دایک بێت، ئەم خەڵکە وەها بۆی رژاونەتە سەرجادە و چەند رۆژێک لەبەردەم سەرای ئازادی بەردەوامی بە ناڕەزاییەکانیان دەدەن.

بـەڵام هەر بەدەم خەیاڵ و لەپێـش خۆمەوە، وەڵامی خۆمم بـەوە دەدایەوە، دەمگوت: پارتی لەلای خۆی لە هەولێر وەک وەڵام و چاوترسـانێک بۆ ئاگادار کردنەوەی، گۆڕان و ئیسـلامییەکان و خەڵک بەگشـتی، لە ئێوارەی (١٧)ی شوبات، لایەنگرانی ئەو حزبەکە بارەگای بزووتنەوەی گۆڕان لە هەولێر سوتاند ئەو حزبە بەبێ رەچاوی مافی مرۆڤ و بوونی ئەو هەموو نوێنەرایەتیەی وڵاتانی دەرەوە، هەر کەسـێک خۆپیشاندان بکات، توندوتیژی بەرامبەر بەکار دەهێنێت.

دوا بەدوای ئەوەش پارتی دیموکراتی کوردسـتان، هەموو هەوڵێکی خۆی خسـتەگەڕ بۆ ئەوەی کە هیچ هاوڵاتی و کەسولایەنێک نەتوانێت خۆپیشاندان بکات، ئەگینا لە بەرامبەردا بەتوندترین شێوە وەڵام دەدرێتەوە، لەم رووەوە پارتی لە بیرۆکەی داپڵۆسین و تەعزیب و سـیناریۆکانی خۆی سەرکەوتوو بوو، چونکە ئەوەی لە دوای رووداوەکانی (١٧)ی شوبات هەولێری بدیبایە لە نزیک بازاڕی نیشتیمان و بەردەم قەڵاتی ئەم شارە، جەوێکی ناڕۆشنی هەست پێدەکرد لە پێش پەیکەرەکەی ئیبن مستەوفیش لە بەرزایی دەرگای قەڵاتەوە، بە یادی جاران سـەیرێکی شارت بکردبایە، خەمێکی قوڵ دایدەگرتی لەو بێدەنگیەی بەسەر شارەکەدا سەپێنرابوو.

لە شـارێکی وەک هەولێر لەو ماوەیە بێدەنگیەکی ناسروشتی باڵی بەسەر شاردا کێشابوو بێدەنگیەک کەس نەیدەبینی وەک ئەوەی لەبەردەکی سەرا، کوڕ و کچ و پیرو بەساڵاچوەکانی شـار بەدەم دروشمی یەکسانی و ئازادییەوە، هاواریان دەکرد لەوێ نووسەور رۆشنبیر و سیاسـی و مەلا و شـێت و عاشق و غەمبار و کچ و کوڕە دڵشـکاوەکانی شار هەموویان بەرچاو دەکەوتن، کە ئەو دیمەنانەت دەبینی هەستت بەوە دەکرد خەڵک لە خەمی ئێستا و پاشەرۆژیان هاتوونەتە سەرشەقام.

لە هەولێریش ئەگەر ئیبن مسـتەوفی بانگی بکردبیتایە بۆ ئەوەی بە یەکەوە تەماشـای هێلانەی حاجی لەق لەقە کوژراوەکەی سەر مزگەوتەکەی شار بکەی، دەبووایە لە حزبەوە

تەزکیەت بهێنایە و دەستی حاکم و پارێزگار و بەڕێوەبەرە پۆلیسە حزبیەکەی شارت ماچ بکردیە بۆ ئەوەی مۆڵەتت پێ بدەن، چونکە لە هەولێر حزب دەنگی ئازادی سەرکوت کردبوو رەنگەکان هەمووی رەنگی زەردیان دەنواند پارتی نەیدەهێشت کوڕ و کچەکانی شار پێکەوە، لە گۆرەپانەکانی شاردا بێنە قسە هیچ نەبێت، داوای مافی ئازادانەی خۆیان بکەن.

شـــەقامەکانی هەولێر، وەک شەقامەکانی تونس خاوێن و پاک بوون، شارەکە بەردەوام لە گەشەی ئابوری و ئاوەدانی و بەرزکردنەوەی بیناو باڵەخانە و دروستکردنی بەرزە پرد رۆژ بەرۆژ شـــتی نوێ هەســـت پێ دەکرا، بەڵام لە پاڵ ئەمەش کاتێک کە رێگا نەدەرا خەڵک خۆپیشاندان بکات، ئەوان لە ژیانیان سارد دەبوونەوە و بێزاری و بێتاقەتی باڵی بەسەریاندا کێشابوو، جیا لەوەش حزب کارێکی وەهای کردبوو کە جیاوازی لە نێوان خەڵکدا دروست بکات، بە ئاشکرا دابەش بوون و رق بوونەوە لەناو هاوڵاتیانی شار هەست پێدەکرا، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو ژیانە جوانەی هەولێر بوو کە ساڵەهایە شاری پێ دەناسرێتەوە، ئەم حزبە بەبێ گوێدانە ئەو کەلتورەی کە لە هەر ناوچەیەک ئینسانێک تێیدا بژێت، ئیدی دەبێ مرۆڤی ئەو شوێنە بۆچوون و بیرکردنەوە و ئایدیاکانی یەکیان بەبێ جیاوازی لاپەسەند بێت.

لە هەموو جێگە و ناوچەیەک ئەرکی سەرەکی پێکەوە ژیان و بڵاو بوونەوەی ئاشتی و تەبایی لە نێوان، خەڵک دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵات، بەڵام ئەگەر هاتو زۆرینە هەوڵی سڕینەوەی کەمینەیدا لە ســـەر ئاســـتی کۆمەڵگا هەروەها لە سەر ئاستی سیاســـی وەک ئەوەی لە کوردستان بینیمان، بەتایبەتی لە هەولێر لەڕاستیدا ئەمە دەرئەنجامی نەبوونی سیستەمێکی یەکسان و بوونی دەسەڵاتێکە زیاتر "شمولی و تۆتالیتاری"ە، نەک دیموکراسی، چونکە لە هەر جێیەک تۆتالیتاری حزبی.. ئاینی.. نەتەوەیی... حوکمیکرد ئیدی رەنگ و بۆچون و ئایدیاکان، لە وڵات لەســـەر ئاستی کۆمەڵگاو ناوەندەکانی تری ژیاندا جیا دەکرێنەوە، یان هەندێ جار هەست بەو جیاوازی فرە رەنگیەش ناکرێت، بۆنموونە لە وڵاتێکی وەک کۆریای "باکور، ئێران، سین"، هتد.. یەک حاکم و یەک ئایدۆلۆژیا فەرمارەوایەتی دەکات، بۆیە رێگا بە دروستبوونی حزب و رێکخراوەی دی نادرێت، لە دەرەوەی ئەم بازنەیە هەبن، واتە یەک ئایدۆلۆژیاو یەک باوەڕی ناسیۆنالیستی یان ئیسلامی و چەپ بەقەبووڵ دەزانن.

ئەوەی پەیوەندی بە کوردســـتان و ژیانی هاوڵاتی بوونی ئێمەوەیە دەبێ ئەوە بزانین، کە هەمـــوو خەڵک نوێنەری "گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو، پارتی یاخود یەکێتی" نین. بەبڕوای من دەبـــێ هەموو مرۆڤێک، هەر قەناعەت و بۆچونێکی جیاوازی هەیە مافی ئەوەی هەبێ بژێت و بیر بکاتەوە و سیاسەتیش بکات، ئەمەش لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا چەسپێنراوە. بۆیە لە ناوچەیەکی وەک کوردستانیش تەنیا وڵاتی پارتی یان یەکێـتی نییە یاخـــوود بە تەنیا هی ئەو ئیســـلامیانەش نەبووە، کە لە هەڵەبجـــە و هەورامان، پارتی و یەکێـتی ئاسا سیاسەتی خۆیانیان بەسەر خەڵکیدا دەسەپاند.

لە هەرێمی کوردستان، بەدرێژای بوونی ئەو کێشمەکێش و ئاڵۆزیانەی ناوچەکەی گرتۆتەوە،

ئەو هەوڵدانە بۆ ســـڕینەوەی شوناسی یەک و هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگای حزبەکان، لەلایەن حزبێکی دەسەڵاتدار راستەوخۆ پرژی ئەو سیاسەتەش بەر رۆژنامەنووسان کەوتوون، بەدەلیلی ئەوەی رۆژنامەنووســـان، وەک چاوی کۆمەڵگا دێنە هەژمار و رۆژنامەنووسانیش رووداوەکان دەگوازنـــەوە، هـــەر ئەوەش وایکرد لە هەموو خۆپیشـــاندان و ناڕەزاییەکاندا، ئەوان لەلایەن دەســـەڵات و خەڵکانێکی توندڕەو لەناو خۆپیشاندەران، رووبەڕووی لێدان و سوکایەتی پێکردن ببنەوە.

چونکە هەر لە یەکەم رۆژی خۆپیشاندانەکانی کوردستان، بەتایبەتی لەدوای (١٧)ی شوبات، چەندین چیرۆکی ناخۆش و رووداوی پێشێلکاری یەخەی رۆژنامەنووسانی گرت، یەکێک لەو چیرۆکـــە ناخۆش و تراژیدیە چیرۆکی رۆژنامەنووســـانی هەولێرە، چونکە رووداوێکی لەو شـــێوەیە قەت لە بیر ناکرێت، ئەوان کە هەمیشە بەو جێگایە گوزەر دەکەن، ئەو رۆژەیان دێتەوە یاد.

چیرۆکەکە لێرەوە دەست پێ دەکات، کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە (١٨/٤/٢٠١١) دوای ئەوەی رۆژنامەنووس (کامەران محەمەد)ی هاوڕێم پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ کردم وتی "گوایە گرد بوونەوەیەک ســـاز دەکرێت" لە هەولێر، وەک هەڵوێســـتێک لەبەرامبەر ئەو رووداوە نەخوازراوانەی ئەمڕۆ گۆڕەپانی سیاســـی و کەلتوری و فەرهەنگی گرتۆتەوە لە کوردستان، لە هەولێریش خۆپیشاندان دەکرێت.

منیش بەئەرکی خۆمزانی وەک رۆژنامەنووسێک نەک کەسێکی خۆپیشاندەر بڕۆم لەنزیکەوە چاودێـــری ئـــەو گرد بوونەوەیـــە بکەم، چونکە هەمیشـــە باوەڕم بەوە بـــووە، کە دەبێ رۆژنامەنووس بێلایەن بێت، ئەگەر مەبەستی هەر بەشداریکردنێک بکات، لە کۆڕو کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و بۆنە جیاجیاکاندا، بۆیە پێویستی بەلایەنگیری نییە.

دوای ئەوەی گەڕامەوە، بۆ گۆڤاری "سڤیل" بەهمەن عومەری هاوڕێم ئاگادار کردەوە، نانی نیوەڕۆشمان نەخوارد لەگەڵ "سەهەند" کە شۆفێری دەزگاکەبوو بەڕێ کەوتین، بەڵام هەر کە نزیک بووینەوە، لە ســـەرۆکایەتی زانکۆی ســـەلاحەدین و ئـــەو ناوچەی گردبوونەوەی تێدا دەکرێ یەکســـەر ئۆتۆمبێلەکەمان گەڕاندەوە، تێبینـــی رووداوێکمان کرد بوو کە ئەم گردبوونەوەیە هیچ نەبێ شتێک روو دەدات.

دواتر بەپیادە رۆیشتین، بۆ بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا لەوێ لەگەڵ (کامەران محەمەد) و رۆژنامەنووســـێکی تریش وابزانـــم پەیامنێری دەنگەکانی عێراق بـــوو، دوای ئەوەی لە پێش وەزارەتی خوێندنی باڵا هاتینە سەرەوە، بۆ سەر جادەی گشتی، نزیک بووینەوە لە شوێنی گرد بوونەوەکەش دەکەوتە نزیک مزگەوتی (رەشاد موفتی) لە بەرامبەر وەزارەتی خوێندانی باڵا، دواتر لە هاوڕێیانم جیابووینەوە، بەڵام من بە هیچ جۆرێک تێکەڵی کەسانی خۆپیشاندەر نەبووم بەڵکو بە دووری (١٥ تا ٢٠) مەتر لە دوورەوەی ئەو کەسانەبووم کە گردبوونەوەکەیان ساز دەکرد، منیش تەنیا وێنەم دەگرت.

چیرۆی رووداوەکان لێرەوە دەســـت پێ دەکات، کاتێک ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بەشێکی زۆریان لایەنگری بزووتنەوەی گۆڕان بوون، ئەوان پەیتا پەیتا لە تەنیشت مزگەوتی رەشاد موفتی بەدەم بانگەواز و هاوارکردن، بۆ سەر جادەی گشتی دەهاتن، لەناویشیاندا محەمەد کیانی پەرلەمانتاری کورد لە ســـەر فراکســـیۆنی گۆڕان لـــە پەرلەمانی عێراق، ئەو چەند کادیرێکی تری بزووتنەوەکەی تێدا بوو.

لەو کاتەدا خەڵکەکە بەگشتی لەوەدا بوون دەهاتنە سەر شۆستەکە و بەتەنیشت مزگەوتەکە هەنـــگاو بنێن، بە یەک جار لە هەر چوار لاوە، هێزە ئەمنییـــەکان رووبەڕوویان بوونەوە، تەنانەت هەر نەیان هێشت بێنە سەرجادەکە.

ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەبوو لەو کاتەدا، هەر ئەوەندە سەیربوو منیش وێنەیەکی گرد بوونەوەکەم گرت، کاتێک زانیم لە هەر چوار لاوە چەند گەنجێک کە جل و بەرگی مەدەنیان لەبەردا بوو، بەڕاکردن بەرەو رووم هاتن، بەڵام وام هەست نەکرد هاتنی ئەوان هاتنی کۆتایی هێنان بێت بە ژیانم، وامزانی تەنیا کامێرام لێ وەردەگرن، چونکە بە ئاسانی کامێراکەم پێ دەدان، بەڵام کاتێک کە خۆمم پێناساندن و باجی دەزگاکەشم لەگەڵ ناسنامەی سەندیکای رۆژنامەنووسانم پێ دان، هیچ سودێکی نەبوو لەگەڵ تەنانەت قسەیەکیشیان نەکرد بەڕاستی زۆر بێ شـــەرم و بێویژدانانە هەڵسوکەوتیان دەکرد منیش هەوڵم دەدا لەگەڵیان نەرم بم، بەڵام هەرچیم دەگوت: بێ سوود بوو سەرەتا سێ کەس بوون، دواتر بوون بە نزیکەی ١٥ تا ٢٠ کەس، هەموویان جل و بەرگی مەدەنیان لەبەردا بوو، بەشێکیان داریان بەدەستەوە. گەنجێکیان سەرەتا زلیەکی لێ دام منیش دەستیم گرت، کەچی لە تەنیشتمەوە، گەنجێکی تر زلەیەکی لێدام، ویستم ئاوڕ بدەمەوە، هاوارمکرد وتم "بۆ وا دەکەن کاکە ئەوە هەرچیم پێبوو پێمدان، ئیتر لەوە زیاتر چیتان دەوێ؟ کەچی لە پشتەوە، کەسێکی تریان زۆر بەهێز بۆگسێکی کێشا بە پشت سەرمدا لە تاو ئازار و قورسی دەستی هیچم بۆ نەکرا.

لەڕاســـتیدا، ئەوان بەبێ گوێدانە هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی، ئینسانی، هاونیشتیمانی، زۆرم لەگەڵیـــان وت، بەڵام بە شـــەق و بۆگس و دار و پێ لەقە لێیاندام هەرچی مەبەســـتیان بوو کردیان، وەک ئەوەی کەســـێکی تۆمەتباریان دەســـتگیرکردبێ و تاوانەکەی بەسەردا ســـاغ نەبووبێتەوە، زۆریش بەداخەوەم کە دەیڵێم بەشـــێک لەو کەسانە دار زنجیر و داری کارەبایشیان پێ بوو هەیان بوو تەنیا دارێکی ئەستوری پێ بوو چەند کەسێکیان هیچیان پێ نەبوو پێشـــتر وا خۆیانیان پیشـــان دەدا گوایە قوتابین، ئەو گروپە شەق وەشێک و راهێنـــراوە، دوای ئەوەی بە ئارەزو و خواســـت و هێـــز و بازویان هەموو جۆرە لێدانێکیان لەمندا تاقیکردەوە، ئەم جارەیان بۆ ئەوەی لە سەرجادەی گشتی دوورم خەنەوە، بەجنێو و ســـوکایەتی پێکردن، چوار کەس قاچ و دەســـتیانگرتم و بەرزیان کردمەوە، نزیکەی ١٠ مەترێک بەرەو ئۆتۆمبێلی پۆلیســـەکان، بردمیان، لەوێ تەسلیمی پۆلیسی فریاکەوتنیان کردم.

لێدانی ئەو کەسانە هەر لەسەرەتاوە، وتم ئەمانە سەربە دەزگا ئەمنییەکانی "پارتی دیموکراتی کوردستانن" چونکە ئەوان هەر لەمێژ بوو بە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ رایانگەیاند کە رووبەڕووی هەر جۆرە ناڕەزایی و خۆپیشاندانێک دەبنەوە، منیش کە بۆ رووماڵکردنی رووداوەکە ئامادەبووم، بێگومان بڵاو کردنەوە، هەر وێنەیەکی خۆپیشاندان، لە هەولێر بەگشتی کاریگەری خۆی پەیدا دەکرد و دەبووە، هۆی پەرەسەندنی زیاتر خۆپیشاندان و رژانە سەرجادەی هاوڵاتیان، پارتیش بۆ ئەم لایەنە رەچاوی هەموو شتێکی کرد بوو بۆنموونە لەو رووداوەی کە بەسەر ئێمەدا هات و گردبوونەوەی ئەو خەڵکە لە نزیک مزگەوتی رەشاد موفتی ئێستاش کەس نەیتوانی یەک وێنە بگرێت، چونکە هێزە ئەمنییەکان، لە هەموو جێگایەک چاودێریەکی توندی هەموو لایەک دەکرد، تەنانەت لە دووری سەد مەتریش مۆبایلیان لە هاوڵاتیان وەردەگرت، ئەگەر بیان زانیبایە وێنە دەگرێت.

بە هەرحاڵ لێدانی ئەو کەسە ئەمنیانەی "پارتی" جیاوازیەکی ئەو تۆیان نیە لەلای من، لە لێدانی جەلادەکانی بەعس دەچوو لێدانی ئەوان لێدانێک بوو کە مەبەستیان بوو ئەگەر کۆتایی بەژیانت نەهێنن، ئەوا بۆ هەتا هەتایە شوێنێک لە جەستەت سەقەت بکەن، چونکە سەرەڕایی ئەوەی دەیان کەس بەشەق و دارو تێلا لێیان دام، دواتر کاتێک هەڵیان گرتبووم بۆ لای پۆلیسەکانیان دەبردم من هاوارم دەکرد هەر ئەوەندەم بینی گەنجێکی ئەسمەری باڵا بەرزی راهێنراو، دەستی خستە بینە قاقام لەوکاتە هەردوو چاوم پڕ بوو لە ئاو بەڵام بەهۆی ئەوەی بەڕێگاشەوە چەند کەسێکی تر لێیان دەدام بەدار زۆر بەکەمی نەمدەتوانی هاواریش بکەم هەر بەڕێگادا بوورامەوە، کاتێکیش بەئاگا هاتم لەناو سندوقی ئۆتۆمبێلی پۆلیسدا بووم.

لەوکاتەدا بە هۆش خۆم هاتمەوە، کە خۆمم بینیەوە جەستەم یەک پارچە سور بووبوو لە خوێن، لوتم خوێنی لێ دەڕۆیشت، دەستم شکابوو سەرم لە دوو لاوە شکابوو لەو لاشەوە، جل و بەرگی ژێرەوەم هەمووی دڕابوو کەم ئەم چیرۆکە دەنووسمەوە قسەی دۆستێکم بیر دەکەوێتەوە، کە وێنەکەمی بینی بوو تەلەفۆنی بۆ کردم وتی هاوڕێ من "لێدانی جەلادەکانی بەعسم بینیوە"، بەڵام تۆ دەڵێی "ورچ پەلاماری داویت". بۆچی وات بەسەر هاتووە؟!

ئەو کاتەی لەناو ئۆتۆمبێلی پۆلیسدا بووم، هیچ کەسێکم لەبیر نەبوو تەنەنات کامێراو باج و شت و مەکەکانیشم هەر پارچەی بەلایەک رۆیشتبوون، نەمدەزانی هاوڕێکانم چییان بەسەر هاتووە، خۆپیشاندان کراوە یاخود نا، لە دوای لێدانەکەم چ کارەساتێکی تر روویداوە، کە زیاتر بەگا هاتم لەناو سندوقی ئۆتۆمبێلی پۆلیس (بەهمەن عومەر)ی هاوڕێمم بینی ئەویش بەدەم و چاوی خوێناوی لە تەنیشتم بوو لەو کاتەدا زانیم کێشەکە لەوە گەورەترە، کە من لێم دەڕوانی رێگا بە ئێمە بدەن وێنە بگرین.

کاتێک لەناو ئۆتۆمبێلی پۆلیس بووین، دڵمان بەوەخۆش بوو دەربازمان بووە، یان هەندێ جار دەترساین تۆمەتی خراپمان بدرێتە پاڵ هەر وا بەئاسانی دەربازمان نەبێت، کە

بردینیانە بنکەی پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێر لەوێش شتێکی تر دەرچوو، پەیتا پەیتا کەس لەدوای کەسیان دەستگیردەکرد و دەیانهێنان بۆ پۆلیس ژمارەی رۆژنامەنووسانیش بەردەوام زیادی دەکرد تا بووین بە حەوت، هەشت کەس.

بـــۆ نیو کاتژمێر لە بنکەی پۆلیـــس ماینەوە، واماندەزانـــی زوو دەربازمان دەکەن، لەوێ بەڵام دوای ئەوەی ناونووســـیانکردین، بەبڕیاری بەڕێوەبەری پۆلیس کەلەپچە کراین، دواتر گوازراینەوە، بۆ گۆڕەپانی یاریکردنی پۆلیســـەکان، ئەم هەڵوێســـت و کارەی پۆلیس لە شوێنی خۆیدا نەبوو کارێک بوو ئەو پەڕی بێئەخلاقی و ناویژدانی بوو لەگەڵ ئێمە کردیان، کاتێک سەیری خۆتت دەکرد لەناو ئەو ساحەیە بە کەپچەکراوی لەو لاشەوە پۆلیسەکان، سەیریان دەکردین، ئەمە ئەو پەڕی سوکایەتیکردن بوو بە کەرامەتی مرۆڤ، ئەوەی پێشتر هێزە ئەمنییەکان، لەگەڵ ئێمە کردیان، پۆلیسیش هەمان سوکایەتی پێدەکردین، بە رێگای ئازاردانی دەروونی و ئیستفزازکردن!

کات هات و رۆی دوای زیاتر لە نیو کاتژمێری تر بە ناچاری گواستینیانەوە، بۆ پرسگەی بەڕێوەبەرایەتیەکە بەچاودێری (نەقیب ســـەران) بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتن، دەیان گوت "برۆنە پرسگە خۆتان بناسێنن و دواتر ئازادتان دەکەین" کاتێک من و بەهمەن چووینە پرســـگە نووسراوێکیان هێنا داوایانکرد لە پێشدا ئیمزای بکەم کە خوێندمەوە، نووسرابوو "ئێمە بەشـــداریمان لە خۆپیشان کردووە، بۆیە لە ئێستادا ئازاد دەکرێن و بەڵێن دەدەین، چیتر بەشداری لەکاری ئاژاوەگێڕیدا ناکەین".

کاتێک ئەم نووسراوەم خوێندنەوە، هێندەی ئەو لێدان و سوکایەتی پێکردنە ئازارم خوارد لە راســـتیدا، ئەو بەڵێن نامەی پۆلیس تووشی سەرسوڕمان و حەپەسانی کردم، بەدەنگی بەرز هاوارمکرد ئێمە ئیمزای وەها نووسراوێک ناکەین، چونکە رۆژنامەنووسین و بەشداریمان لە خۆپیشاندان نەکردوە، بە پێچەوانەوە پێمان وانییە ئەوەی لە کوردستانیش، بەتایبەتی ئەوەی ئەمرۆ لە هەولێر روویداوە، کاری ئاژاوەگێڕی بێت، بۆیە ئەمە رەتدەکەینەوە.

کاتێک نەقیب سەران بەڕێوەبەری پۆلیس گوێی لە قسەکانم بوو هاتەلامان بە ئیحترامەوە، وتی: بۆ ئیمزای ناکەن "دەی زوو ئیمزای بکەن، ئێستا بەردەدرێن و دەڕۆنە دەرەوە؟

من و بەهمەن وتمان "ئەم نووسراوە ئیمزا ناکەین".

دواتر بەڕێوەبەری پۆلیس وتی "دەی خۆتان نووســـراوێک بنووســـن لەسەر چی گیراون، ئێمەش ئەوە قەبووڵ دەکەین، بۆ ئەوەی برۆنە دەرەوە لە بنکەی پۆلیس".

بێگومان، ئەو رووداوە کاردانەوەی ناوخۆی و نێودەوڵەتیشی لێ کەوتەوە، بۆ زانینی زیاتر لەسەر هەمان بابەت، راپۆرتی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (هیومان رایتسۆچ) کە رۆژنامەی "ئاوێنە" وەریگێڕاوەتە، ســـەر زمانی کوردی (رایتسۆچ) لەو کاتەدا رایگەیاند کە پێویستە دەسەڵاتدارانی کورد کۆتایی بەو هەڵمەتە بەرفراوانبووەی سەرکوتکردن بهێنن، کە دەکرێتە سەر خۆپیشاندانەکان.

لەراپۆرتەکەی (هیومان رایتسۆچ)دا ئەوەش هات، پاش نێوەڕۆی ڕۆژی (١٨)ی نیسان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، دەیان کەسی چەکدار بە جلوبەرگی مەدەنییەوە، هێرشـــانکردۆتە سەر ژمارەیەک خوێندکاری زانکۆی ســـەلاحەدین، کە لە هەوڵی سازدانی خۆپیشـــاندانابوون. شـــایەتحاڵەکان بە (هیومان رایتســـۆچ)یان وت کە "هێرشبەرەکان هێرشیشیانکردە ســـەر ڕۆژنامەنووســـان و بەلایەنی کەمەوە یەک ئەندام پەرلەمانیشیان بریندارکرد".

هەروەها ئەوەش خراوەتەڕوو خوێندکارێکی قۆناغی ســـێیەم لە زانکۆی ســـەلاحەدین، بە (هیومان رایتســـۆچ)ی وت کە کۆمەڵێکی زۆری هێرشبەری ڕێکخراو بە جلوبەرگی مەدەنی بەزەبری هێزی توندوتیژ پەلاماری خۆپیشـــاندەرەکانیاندا، "ئێمە هاوارمان دەکرد: ئازادی، ئازادی، لەوکاتەدا هێزە ئەمنییەکان هاتن و کۆتاییان بە خۆپیشاندانەکە هێنا دەستیانکرد بە لێدانی خەڵک بە چەقۆ و دار... و ٢٣ خۆپیشاندەریان دەستگیرکرد."

ڕێکخراوەکە زیاتر تیشـــکی خستۆتە ســـەر ڕووداوەکە و دەشڵێت "هێرشبەرکان پەلاماری موحەمەد کیانی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە لیســـتی گۆڕان و پاسەوانەکانیاندا لەکاتی دەرچوون لە خۆپیشاندانەکە.

کیانی بە ڕێکخراوەکەی وتوە "هیچ توندوتیژییەک لەلایەن ئێمەوە نەبوو، هیچ لەلایەن ئێمەوە ڕووینەدا، تا ئەوان توندوتیژی بنوێنن." هەروەها وتی، "بەرەو ئۆتۆمبیلەکەم دەچوم کاتێ کە ئاســـایش پاڵیان پێوەنام دەســـتیانکرد بە شەق و لێدانم. ئەوان تەنها دەیانویست کە بمترسێنن و سوکایەتی بە خۆم و ئەوانەی لەگەڵمدابوون بکەن، لەکاتی لێدانماندا "جنێویان" پێداین و بەخائین ناویان دەبردین." موحەمەد کیانی ئاســـەواری لێدان و برینی بچوک بە چاوییەوە دیارە.

ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووســـانی بێســـنور بەلایەنی کەمەوە (١٠) حاڵەتی هێرشـــکردنە سەر ڕۆژنامەنووسانی لە ڕۆژی (١٨)ی نیسان تۆمارکردوە، کە ڕوومالی ڕووداوەکانیانکردوە، ئەو ڕێکخراوە، ڕوونیکردۆتەوە، کە هێرشبەرەکان ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسانیان دەستگیرکردوە، لەوانـــە "ئاوارە حەمید لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو بەهمەن عومەر، لە گۆڤاری ســـڤیل و هەژار ئەنوەر، بەرپرسی نووسینگەی (KNN) لە هەولێر و هەروەها پەیامنێری کەناڵەکە مەریوان مەلا حەسەن و دوو وێنەگری هەمان کەناڵ.

بەهۆی لێدانیەوە لەلایەن هێرشـــبەرەکانەوە، (شوان ســـدیق) لە گۆڤاری (civil-سڤیل) ڕەوانەی نەخۆشخانەکراوەو دەستی شکێنراوە، ئەو بە (هیومان رایتسۆچ)ی ڕاگەیاند "دەستم شکاوەو هێشتا ئازاری سەرم هەیە، ئەوەی کە بینیم هەمان ئەو کارەی بیرخستمەوە، کە سەدام حوسەین لە ساڵی (١٩٨٨)دا لە دژی خۆم و خێزانەکەم کردی".

هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دوو حزبە دەسەلاتدارەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە سەرەتای سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانەوە لە


١٧ی شوباتدا، رێوشوێنی سەرکوتکارانەیان بەکارهێناوە، دژی رۆژنامەنووسان بەکارهێناوە، سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان، کە رێکخراوێکی ناوخۆیی ئازادی رۆژنامەگەرییە، زیاتر لە ١٥٠ حاڵەتی هێرشکردن و هەراسانکردنی دژی رۆژنامەنووسان تۆمارکرد، لە مانگی ئازاردا، (هیومان رایتسۆچ) چاوپێکەوتنی لەگەڵ زیاتر لە (١٠) رۆژنامەنووسدا ئەنجامداوە، کە رووماڵی خۆپیشاندانەکانی کوردستانیان کردبوو لەو بارەیەوە (جاک سترۆک) وتی "دووبارە و چەند بارە دەبینین کە هێزە ئەمنییەکان و دارودەستەکانیان، لە رێی هەڕەشەی کوشتن، ڕەشبگیری و لێدان. هەراسانکردن، دەستبەسەرداگرتن و شکاندنی ئامێرەکانیان ئازادی را دەربڕینی رۆژنامەنووسان پێشێل دەکەن".

(نیویۆرک، ٢١ی نیسان، ٢٠١١) راپۆرتی (هیومان رایتسۆچ). کۆتووبەندی نوێ، توندوتیژی لە هەولێر، سلێمانی، بەغداد.

http://www.hrw.org/news/2012/05/15/iraq-mass-arrests-incommunicado-detentions






استقبال المرضى
فۆتۆ تایبەت.. شوان سدیق لە پێش نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە
هەولێر.
fo to--- taebat---- shwansdiq la bardam naxoshxany fre
kwtin la hawler


lvinpress.com






نابۆ تیرۆرکردنی فیکر و قەڵەم
کوژی
bay........ shwan sdiq




استقبال المرضى



# Authority and journalists

Shwan Sdiq

له دوای راپەڕین، بەدرێژایی ژیانی هاوڵاتی کورد، حزبی فەرمانڕەوا هەوڵیداوە، شەرعیەت بە کۆمەڵێک تێکست بدات، بەناوی ئازادی و ئاسایشی نەتەوەیی، رۆژێک بەناوی یاسا و رۆژێک دەستوری حزبی قەومی و کەلتوری دینی کردۆتە بیانوو، بەوەش رانەوەستاون هەوڵیاندا دەسەڵاتێکی نەوتی هاوشێوەی حوکمە خەلیجییەکان بنیات بنێن، خەونیان دروستکردنی کۆمارێکە تیایدا مرۆڤی کورد بیر نەکاتەوە، نەپرسێت، بەدوای راستیەکاندا نەچێ و بێباک بێ لە بەرامبەر مۆنۆپۆلکردنی ژیانی.







